سەرۆکایەتی، بەڕێز د. بەهار محمود فتاح، پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری دادی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیاری لەسەر دەست بەکارنەبوونی دادگای کاتی لە سلێمانی کردووە کە دوای پرسیارەکەی بەڕێزیان دادوەری بۆ داندراو، ئەو دادگایە دەست بەکار بوو، بەڕێز ئومێد حەمە علی پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردووە، لەسەر یەکنەخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو بەتایبەتی یەکەکانی ٧٠ و ٨٠، بەڕێز ئومێد حەمە علی پرسیارێکی تری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، لەسەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی قەزای سید صادق، بەڕێز غریب مصطفی حەمە خان پرسیاری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی هەرێم کوردستان کردووە، سەبارەت بە ئامادەنەبوونی بەڕێزیان لەسەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی بۆ کەرکووك، هەر بەڕێزیان پرسیارێکی ئاراستەی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە نەکردنەوەی تێبینەرایەتی تۆماری خانووبەرە لە قەزای پێنجوێن، بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، لەسەر هۆکاری جیاوازی لەنێوان پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر، لە بڕینی بەشێك لە مووچە، مووچەی هێزەکانی پۆلیس لەکاتی مۆڵەت، بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر جیاوازی لە وەرگرتنەوەی پێشینەی خانووبەرە لە هاوولاتیان، بەڕێز عبدالرحمن علی رضا هەروەها بەڕێز غریب مصطفی حەمە خان پرسیاریان ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، لەسەر شێوازی دەوام کردن و مووچەو دەرماڵەی نشینگەکانی دەروازە سنوورییەکان، بەڕێز غریب مصطفی حەمە خان پرسیارێکی تری ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە نەکردنەوەی بنکەی ئاگرکوژاندنەوە لە ناحیەی گەرمەك سەر بە قەزای پێنجوێن، بەڕێز دکتۆر شوان قەلادزەیی پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر تاپۆکردنی خانووی هاوولاتیان لە قەزای سید صادق و شارەکانی هاوشێوەی، هەروەها بەڕێزیان پرسیارێکی تریان ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە جێبەجێ نەرکردنی بەنداوێك لەسەر زێی بچووك لە سنووری قەزای پشدەر، هەر بەڕێزیان پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی نادادپەوەری لە شەهیدان، بەڕێزیان پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری کوردستان کردووە، سەبارەت بە سۆراخ کردنی ٤ ملیار دۆلار کە سەرۆکی کابینەی شەش لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێداوە، بەڕێز سۆران عمر پرسیاری ئاراستەی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە کەمکردنەوەی بڕی ١٥٠ هەزار دینار لە دەرماڵەی شەوانەی کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانە ئیستشارییەکان، بەڕێز محمود حاجی عمر پرسیاری ئاراستەی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە کەموکوڕی و نەبوونی (دیسپلین) لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، بەڕێزیان پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە وەڵامیان

بۆ داواكاری دامەزراندنی ١٠٠ دەرچووی زانكۆ و پەیمانگەكانی گەرمیان، كە تا ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین، كە درێژەی پرسیارەكان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان بەمشێوەیە پرسیار لە وەزیرانی كابینەی هەشتەمی كوردستان دەكەن، بەڕێز سۆران عمر پرسیار لە وەزیری ناوخۆی حكومەت دەكات، دەربارەی بردنی بەنزین بۆ ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، دەپرسێت ئایا توانراوە لەو جێگایانە بازگەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی لێیە، ڕێ بگیرێت لەبردنی بەنزین بۆ ئەو ناوچانە؟، ئایا كەس گیراوە لەو بارەیەوە؟، بەڕێز شوكریە اسماعیل لە وەزیری تەندروستی دەپرسێت سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی پشكنین لە دكتۆرەكانی ددان، دەپرسێت ئایا ئەو بەرزبونەوەیە لە جیاوازی نرخەكان پشت بەچ بنەمایەك بەستراوە،؟ پیلانتان چییە بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەو نرخانە؟ بەڕێز سۆران عمر لە وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی دەپرسێت سەبارەت بە زیندانی چاكسازی گەورانی سلێمانی بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی جگەر كە لەنێو زیندانییەكان بلاوبووتەوە، دەپرسێت ئایا هیچ شوێنێكی گونجاو دابین كراوە بۆ جیاكردنەوەی ئەو نەخۆشانە لە زیندانەكانی تر؟، ڕێ و شوێنی پێویست گیراوەتەبەر بۆ بەرگری كردن لە بلاوبوونەوەی ڤایرۆسەكە، بەڕێز سۆران عمر لە وەزیری سامانە سروشتییەكان دەپرسێت سەبارەت بە قەیرانی بەنزین، لە ئێستادا بەنزینی بازرگانی بە ئۆكتانی ٩٣ تا ٩٤ بە نرخی ١٢٥٠ دینار دەفرۆشرێت، بەنزینی ئەو ٢ پالاوگەش ئۆكتانەكەی لەسەرووی نەوتەوەیە، زەمانەتی ئەو دو بەنزینە تێكەڵ نەكرێت، بە بازرگانی بە خەڵك نەفرۆشێتەوە، هەورەها دەپرسێت زەمانەت چییە ئەو نەوتانە ئۆكتانەكەی ٨٠ پلەیە تێكەڵ بەو بەنزینە بازرگانیە نەكرێت، هەورەها دەپرسێت ئایا ئەوە سەرەتایە نییە بۆئەوەی بەنزین بەنرخی ٥٠٠ دینار نەمێنێ؟ بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری دارایی و ئابووری سەبارەت بە خانووی وارسی شەهیدان، لە وارسی شەهیدانی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهید، پاش پێدانی پارچە زەوی بڕیاردرا بڕی ٢٣ هەزار دۆلار ڤیست پێیان بدرێت بۆ دروستكردنی خانوو، دەپرسێت ئێستا ئەو پارەیان پێنادرێت ئایا چارەسەریان چییەو چیان بۆ دەكرێت؟، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان لە مستەودەعی بەنزین خەزن كراوی هەبووە، دەپرسێت ئایا ڕێژەی ئەو بەنزینە خەزن كراوە چەندە؟ ئەگەر نەیبووە چۆن دەكرێت وەزارەت بەنزینی خەزن كراوی نەبێ؟، كە بتوانێت تەحەمولی دوو هەفتەی قەیرانی بەنزین بكات، بەڕێز سۆران عمر لە وەزیری سامانە سروشتییەكان دەپرسێت سەبارەت بە هێنانی بەنزینی بازرگانی، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ڕایگەیاند كۆمپانیا و بازرگانەكان دەتوانن لە دەرەوە هەرێم بەنزینی بازرگانی بهێنن بەو مواسەفاتەو مەرجانەی بۆیان دانراوە، دەپرسێت ئایا چەند كۆمپانیا گرێبەستی كراوە بۆ هێنانی بەنزین؟ دەپرسێت ناوی ئەو كۆمپانیایە چییە؟، هۆكاری ئەوەچییە كە وەزارەت نرخی فرۆشتنی بەنزینی بازرگانی بە ١٢٥٠ دینار دیاری كردووە؟، لەكاتێكدا دەبوو مونافەسە

دروست بكات بۆ دابەزینی نرخ، هۆی چییە بەنزینخانەكان لە شاری هەولێر دەبێت بەنزینی بازرگانی تەنها لە وەزارەت وەربگرن؟، لە سلێمانی لە كۆمپانیای قەیوان و لە هەندێك بەنزینخانەكان ئازاد كراون؟، لە دهۆكیش بە هەمان شێوەی سلێمانی لێكراوە، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان پێش دروست بوونی قەیرانی بەنزین چەند كۆمپانیایەك بە گرێبەست دابینیان كردووە لە ڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتییەكانەوە، دەپرسێت ئایا ناوی ئەو كۆمپانیایە چییە؟، چەند كۆمپانیان لیتری بەنزینیان بە چەند فرۆشتووە بە وەزارەت، بۆ تەجهیزی پێداویستییەكانی حكومەتی هەرێم، ئایا پاش دروست بوونی قەیرانەكە ئەو گرێبەستانە هەڵوەشێنراوەتەوە؟ بەڕێز سۆران عمر دەپرسێ لە وەزیری سامانە سروشتییەكان بەشە بەنزینی بێجی ئایا لە بێجیەوە ڕۆژانە چەند لیتر بەنزینی بۆ هاتووە؟ لە كەیەوە بەشە بەنزینی شاری هەولێر لە بێجیەوە نایەت؟، چۆن ئەو بەشە سووتەمەنییەی هەولێر دابین كراوە؟ ئەگەر  هەولێر پشتی بە بێجی نەبەستووە، بۆچی بە وەستانی ئەو قەیرانە لە هەولێر سەر هەڵدەدات؟ دواتر سلێمانی دەگرێتەوە، بەڕێز سۆران عمر لە وەزیری تەندروستی دەپرسێت دەربارەی پارەی ئێشكگرتنی پزیشكان، هۆكاری چییە تاكو ئێستا ئەو بڕە پارە زۆرە سەرف نەكراوە بۆ ئەو پزیشكانە، كە بڕەكەی ٢ ملیار و ٥٢٦ ملیۆن و ٨٦٦ هەزار دینارە؟، لە ٢٠١٤/١/١ تا ٢٠١٤/٥/٣٠ پارەی ئێشكگری پزیشكانی پسپۆرو نیشتەجێی دێرین، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری تەندروستی گوایە ماهیر عبدالرشید جەنەڕاڵی پێشووی ڕژێمی بەعسی لەناوچو، لە نەخۆشخانەیەكی شاری سلێمانی گیانی لە دەست داوە، ئایا ڕاستە كەسێكی وەها هاتووەتە سلێمانی و لە نەخۆشخانەیەكی ئەو شارە ماوەتەوەو گیانی لە دەست داوە؟، بەڕێزیان هەر هەمان پرسیار لە وەزیری ناوخۆ دەكاتەوە، بەڕێز دكتۆر عزت صابر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان دەربارەی قەیرانی بەنزین كە حكومەتی فیدڕاڵ پاڵاوگەی داوە بە هەرێمی كوردستان، بە توانای پاڵاوتنی ٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا لە سلێمانی و هەولێر دراون، پرسیارەكە دەپرسێت بۆچی بەنزینی پاڵاوگەی هەولێر ٢ ملیۆن و نیو لیتر بەنزینە؟ و بەرهەمی پاڵاوگەی سلێمانی ١ ملیۆن لیتر بەنزینە؟،  بەڕێز دكتۆر عزت صابر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان پاڵاوگەی نەوت ماوەی ٨ ساڵە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان كاردەكات بۆ پێشخستنی پرۆسەی نەوت، دەپرسێت هۆكاری چییە تا ئێستا پاڵاوگەی گازتان دانەناوە و ڕێگاش نادەن كەرتی تایبەت پاڵاوگە دابنێت؟، بەڕێز سۆران عمر لە وەزیری سامانە سروشتییەكان دەپرسێ لەو ناوچانەی لەژێر كۆنترۆڵی سوپای عیراقدا نەماوە لەگەڵ زۆربەی ئەو ناوچانەی كەوتوونەتە ژێر كۆنترۆڵی هێزەكانی پێشمەرگە، قەیرانی بەنزین زۆرەو بەنزینی بازرگانی نرخی زۆر گرانە، دەپرسێت ئایا وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بەنزین بۆ ئەو ناوچانە دابین دەكات، ئەگەر دابینی دەكات بۆ كوێی دابین دەكات و، بڕەكەی چەندە تا چەند توانراوە ڕێ بگیرێت لە بردنی بەنزین بۆ ئەو ناوچانە كە پارەیەكی زۆر بكات، بەڕێز شوكریە اسماعیل دەپرسێت لە وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە پێدانی پێ بژاردنی غەرامەی مروری كامیرای چاودێری، لێخوڕین لە ٣٠ هەزار دینار زیاتر نەبێت، دەپرسێت ئایا پشت بە چ دەقێكی یاسایی لە ٢٠١١/٥/١٠ هەستان بە زیادكردنی ئەم پێ

ژماردنه بۆ ٦٠ هەزار تا ٢٠٠ هەزار، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە سەرۆكی دەزگای ئاسایشی هەرێم كەسانێك هەن كە لە ئاسایش دەسگیر كراون پاش ئازاد كردنیان هەفتانە سەردانی ئاسایش دەكەن بۆ ئیمزا كردن، دەپرسێت ئایا پشت بەستوو بە چ دەقێكی یاسایی هاوولاتیەك پاش ئازادكردنی بە ڕێكارە یاساییەكان هەفتانە سەردانی ئاسایش دەكات و ئیمزای پێ دەكرێت؟، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان سەبارەت بە قەیرانی بەنزین، لە ئێستادا بەنزینی حكومی زۆر كەم دەدرێت بە هاوولاتیان بۆئەوەی سنووردارکردنی بەهۆی كۆبۆنەوە، دەپرسێت ئایا ئەو ڕێژە بەنزینەی لە هەردوو پالاوگەی بازیان و كەورگۆسك بەرهەم دەهێنرێت، بۆچی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان چەند بەنزینخانەیەك لە شارو شارۆچكەكان ناكاتەوە؟، تاكو كار لە نرخی بەنزینی بازرگانی بكات، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە ٢٠١٤/٦/٢٩ لەنێو بەنزینخانەی ئاكار لە شاری هەولێر پاسەوانەكانی بەرپرسێكی هێزی پێشمەرگە بە قۆناغە تفەنگ لە گەنجێك دەدەن و سەری دەشكێنن، دەپرسێت ئایا ئاگاداری ئەم ڕووداوەن؟ لیژنەی لێكۆڵینەوەتان لەسەر ئەو بەرپرسەی پێشمەرگەو پاسەوانەكانی دروست كردووە، كە بە قۆناغە تفەنگ سەری گەنجێك دەشكێنن، بەڕێز نجیبە لطیف دەپرسێت لە وەزیری دارایی و ئابووری ئەو هاوولاتیانەی مامەڵەی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەیان كردووە بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەرگرتنی پێشینەكان وەستاوە، هاوولاتیان كەشفی یەكەمیان بۆ كراوە مامەڵەكانیان وەستاوە كەشفی دووەمیان بۆ كراوە، بۆ وەزارەتی دارایی بڕیار نادات كە كەشفی دووەمیان بۆ بكرێت بۆ مامەڵەكانیان تا هاوولاتیان خانووەكانیان تەواو بكەن؟، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە سەرۆكی دەزگای ئاسایش لە ٢٠١٤/٥/١٥ هاوولاتی سەرهەنگ حەمە امین كە كارمەندی ئاسایشە لە ناحیەی سەنگاو لەلایەن هێزێكی دەمامكدارەوە دەرفێنرێت، پرسیار دەكات دەڵێت ئایا ئەو هێزە دەمامكدارە كێ بووە، كێن ئەوانەی كە لە سەرووی یاساوەن كارمەندی ئاسایش دەرفێنن و ئەشكەنجەی دەدەن؟ پاشان بە چاو بەستراوەیی فرێی دەدەن؟، چ ڕێكارێك گیراوەتە بەر بۆ دۆزینەوەی ئەو هێزە دەمامكدارە؟، بەڕێز دكتۆر شوان قەلادزەیی دەپرسێت لە وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە پێدانی نازناوی زانستی، دەپرسێت بەڕێزتان بەرنامەتان چییە بۆ بەدواداچوون و جێبەجێ كردنی داواكاری خاوەن بڕوانامەكانی خوێندنی بالا و لە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی ١٩ هاوولاتی لەسەر میلاكی ساڵی ٢٠١٢ بۆ دامەزراندن ناویان دەرچووە، تا وەك فەرمانبەری لە زانكۆی سۆران دەوام بكەن، بەلام وەزارەتی دارایی و ئابووری بە بەهانەی پڕبوونەوەی میلاكی ساڵی ٢٠١٢ ئەو ١٩ هاوولاتیەی مەحروم كردووە لە دامەزراندن، ئایا چارەسەری ئەو ١٩ هاوولاتیە چییە؟، پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری دەكات، بەڕێز عمر ابوبكر دەپرسێت لە وەزیری پێشمەرگە سوودمەندنەبوون لە خانەنشینی پێشمەرگە دەپرسێت، بۆچی خەباتی پێشمەرگایەتی و ئەو پێشمەرگانەی لە ڕابردوودا پێشمەرگە بوون، بەلام ئێستا بێ لایەنن یان لەناو ڕیزەكانی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستاندان هەژمار نەكراوە؟ بەڕێز شوكریە اسماعیل دەپرسێت لە

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، لە هەرێمی كوردستان لایەنی هاوردەمان زۆر زاڵە بەسەر هەناردەماندا، زۆربەی وڵاتان بەردەوام هەوڵ دەدەن كە لایەنی هاوردەیان كەم بكەنەوە، لایەنی هەناردەیان زیاد بكەن، دەپرسێت ئایا پلانی ستراتیجی ئێوە چییە بۆئەوەی هەرێمی كوردستان لە دروستی دەرئەنجامە خراپەكانی هاوردەكردن ڕزگاری ببێت؟ بەڕێز شوكریە اسماعیل دەپرسێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ، هەرێمی كوردستان پشت بە داهاتی نەوتی عیراق یان كوردستان بەستووە، دەپرسێت ئایا پلانی ستراتیجیانەی كابینەی هەشت چییە بۆ پەرەپێدانی لایەنەكانی تری ئابووری بەتایبەتی كەرتی كشتوكاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزار؟، بەڕێز بەهار عبدالرحمن دەپرسێت لە وەزیری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كۆمەكێكی زۆر لەلایەن هاووڵاتیان و هەندێك دامەزراوە پێشكەش بە هێزەكانی پێشمەرگە كراوە، پرسیار دەكات ئەو كۆمەكانە بە چ شێوازێك دەگەیەنرێنە هێزی پێشمەرگەو كێ بەرپرسە لە ڕێكخستنی؟، پاشان دەپرسێت شێوازی دابەشكردنی ئەو كۆمەكانە بە هێزی پێشمەرگە چۆنەو بۆچی وەك پێویست بە دەستیان ناگات، بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله دەپرسێت لە وەزیری كارەبای هەرێمی كوردستانی پچڕاندنی بەردەوامی كارەبا و تێكچوونی ڕەوشی كارەبا هۆكارەكەی چییە؟، بەتایبەتی كە كتوپڕ ئەم دۆخە لە سەرەتای هاویندا دروست بووە، بەڕێز دكتۆر شوان قەڵادزەیی دەپرسێت لە وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن سەبارەت بە كردنەوەی مەرزی كێلێ، دەپرسێت بۆچی كارەكان بە سستی دەڕوات و تەواو نابێ، تامەرزی كێلێ بكرێتەوە، بەڕێزتان بەرنامەتان چییە بۆ تەواو كردنی ئەو پرۆژە گرینگە؟ بەڕێز شوكریە اسماعیل دەپرسێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئایا پلانی ستراتیجیانەی كابینەی هەشتەم چییە بۆ ڕزگار بوون لە دیاردەی گەندەڵی ئیداری لەپێناو بەڕێوەچوونی كارو چالاكییەكانی حكومەت و لابردنی سەرجەم بەربەستەكانی بەردەم كاروانی سەرمایە گوزاری بیانی، بەڕێز بەهار عبدالرحمن دەپرسێت لە وەزیری كارەبا بۆچی چارەسەرێك بۆ كێشەی داگیرسانەوەو كوژاندنەوەی بەردەوامی كارەبا لە كاتی بەرنامەدا دانانرێت؟ كەی دەتوانرێت كۆتایی بەم كێشەیە بهێندرێت؟، بەڕێز سۆران عمر دەپرسێت لە وەزیری سامانە سروشتییەكان، ئایا بە چ پێوەرو بڕیارێك تەنها كۆمپانیای قەیوان نووسراو لە بازگەكان دەخوات بۆ گواستنەوەی بەنزین، ئایا ئەوە پاوەن كردنی بازاڕ نییە؟، بەڕێز شوكریە اسماعیل دەپرسێت لە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار كەرتی هەشتی حەسارۆك لە شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٤ دابەشكراوە، سەبارەت بە گەیشتنی خزمەتگوزاریەكان لێی دەپرسێت ئایا وەك وەزارەتی شارەوانی پلانتان چییە لە بودجەی ٢٠١٤ بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچەیە لە شاری هەولێری خۆشەویست؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان دەكەین بۆ خوێندنەوەی ئەو بەشە پرسیارانەی كە ماون، فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەك هاتیە ژ دەڤ بەڕێز بەیار دۆسکی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانێ، لە دور یاسا تەئمینە ئیلزامییە ئۆتۆمبێلا، گرینگا خۆیا هەی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان، پرسیارا وی ئەوەیە ئەو یاسا هەتا نووکە نەهاتیە جێبەجێ کرن، کۆمپانیا تەئمین لە کوردستانێ ئۆفیس نینە، کارێت نەڤەکرنا وێ، بەڕێز ڤیان عباس پرسیارەکی ئاراستەی وەزیرێ تەندروستی هەرێما کوردستانێ دەکاتن، کە ژمارەکە کلینیك و جیهەت تایبەت لە هەموو باژێری کوردستانێ ڤە بووینە، لێرە گیای سروشتی وەکو (طب البدیل) دێنە فرۆشتن، دێنە بەکارهێنان بۆ چارەسەرکردنا نەخۆشیا، پرسیار وی ئەو بێژێ کاری بەکارهێنانا گیایی سروشتییە (الاعشاب) بۆ چارەسەر کرنا نەخۆشیا هەندە جێیە تایبەت چ ڕێنمایی بۆ هەنە، چ ئاگاهەك لەسەر هەیە؟، پرسیارەکا دی بەڕێز ڤیان عباس بۆ وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانێ لە دیف قانونێ ٣٥ کاری رۆژنامەوانییە نابێ رۆژنامەوان بێنە دەست بەسەر کردن، لای رۆژنامەوان سەرەڕای پێشێلکاریە ژ بەر هەندێ دێنە گرتن، پرسیارا وی ئەوە پێشێلکاری رۆژنامەوان بەردەوام مەترسی لە سەر ژیانە وی هەیە، پلانا وا چییە بۆ ڤی بەتایبەتی بابەتی دەست بەسەر کرنا رۆژنامەوانا؟، پرسیارەکا دی ژ بەڕێز ڤیان عباس بۆ وەزیری ناوخۆی هەرێما کوردستانێ باسێ رۆژنامەوان دەکات، بەری نوکا ناڤێ وی هات و ناڤێ وی نایینی، داخوازا کەسو کارێت وی ئەو رۆژنامەوان وەکو هاتیا سەر دەزگایەت میدیایێ چەندین سیناریۆ هەنە هاتیە گرتن یان شەهید کرنا وی پاش بریندار بوونێ، پاش بەخسیر کرنا وی دەمەکا چووە سەر وەزعی وی نەهاتیە کرن، پرسیارا چارەنووسی وی رۆژنامەوانا دەکاتن، هەڵبەتە دیف ناڤ بوو بۆ وەزیری ناوخۆ بیتن، داخوازا کەسوکارێت وی ناڤێ وی نەخوێند ئێ مەعلومە ژی، لە دەڤە وی مەعلومە، بەڕێز ڤیان عباس جارەکا دی پرسیارەك دی ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆیا هەرێمێ کوردستانێ دەکاتن، کێشە تیرۆرکرنا رۆژنامەوانان وەکو زەنگەکە مەترسیا دێتە قەلەم دان بەتایبەتی لە دوماهی کێشەی رۆژنامەوان کاوە گەرمیانی کو دەمەکە چ باس لێنایەتە کرن، پرسیارا وێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەیە کێشە تیرۆرکرنا رۆژنامەوان کاوە گەرمیانی چ لێهات و، گەیشتە کوێ؟ پرسیارەکا دی ژ بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، پرسیارا وی ئەوەیە لە پارێزگەهی دهۆکێ کێشە زۆر هەیە لەسەر تۆمار کرنا زەوی گوندا بۆڤێ چەند لیژنەیەك بوونە پێك هێنان لیژنا (تسویة الاراضی)، بەڵێ ئەڤ لیژنا کارا وان هاتە راوەستاندن، هەرچەندە کارێ وان گەلەك ئاریشا چارەسەر دەکەن و، مافا بۆ خەڵکی تێدایە، پرسیار وی ئەوەیە بۆچی ئەو لیژنا لیژنا (تسویة الاراضی) تەفعیل نەکراوە، هۆکار چنە؟، پرسیارا کادی ژ بەڕێز ڤیان عباس بۆ وەزیری تەندروستیا هەرێما کوردستانێ، دەمەکا ژمارەکا کۆمپانیا رادبن هینانا نوژدارن بیانی، پێشوازیا نەخۆشان دکەن و هەندێکجارا بۆ وەرگرتنا پارەی خەیالی، پرسیار وی ئەوەیە هێنانە نوژدارا بیانی لە دیف چوونە چ پێوەر و ڕێنمایی هەنە، چەند ئاگا لەسەر وان کۆمپانیا هەیە، ئەو نوژدار چەند شارەزانە ژ ڕەزایە واش کوردستانێ پترە یان نا؟، پرسیاراکا دی بەڕێز

سهراب میکائیل بۆ بەڕێز وەزیری کارابایێ هەرێما کوردستانێ، هاوولاتیانا سنوورا شیلادزێ چەندین جارا گازاندەی خۆ گەیاندینە لایەنا پەیوەندیدار ژ بۆ چارەسەر کرنا ئاریشا کارەبا ، چونکە کارەبا وێستگەها شیلادزێ ئەوە بەسەرا پارێزگاها دهۆکێ وەیە دەدەن دەڤەرا بالندا ، ئەو کارەش لە هەولێر دێتن، ئەڤە ژی بۆیە ئەگەرەك زێدە کرنا دەمێ برینا کارەبایێ ئەوا دچیت بۆ بالندە نایەتە برین، چونکە ئەو یە کارەبا مزەخە ئاوا شیلادزێیە بۆ وێیە گرێدایە، هەوکە کریا وێ کارەبا بالندا نەهات دان، پرسیارا وی ئەوەیە ئەرێ جەنابێ هەوە بەنیازن ڤان نزیکا وێ ئاریشا چارەسەر بکەن؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێم وابێ پرسیارم ناردووە، بەلام نەخوێندراوەتەوە، پێشم وایە ئەو پرسیارانە زۆربەی زۆری دووبارەن هەندێکیان ناچێتە خانەی پرسیار کردنەوە، ئەگەر ئەو پرسیارانەی لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کرا، کە هەمووی دووبارە بووەوە ئێستا گوێمان لێ بوو، وەلام نەدراوەتەوە لەلایەن بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، بۆچی داوای لێ ناکەن دەست لە وەزیری بکێشتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیار بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە دەگاتە دەستەی سەرۆکایەتی، پێویست دەکات لە یەکەم دانیشتن دوای ئەوەی کە دەگات بخوێندرێتەوە، دوایی مەسەلەی ئەوەی پرسیار وەلام نادرێتەوە بۆچی داوای دەست لە کارکێشانەوەی لێ ناکرێت، دیسان ئەوە پەیوەندی بە ئەندام پەرلەمانەکانەوە هەیە، خۆیان دەبێت بەوە هەستن، بەڕێز دکتۆر ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانێ دەکەم، کو وەسا خۆش بەختانە پرسیارێت دەکەن، دێمە بابەتێك مـن دڤێت سروشتێ رۆیشتنا پەرلەمانێ لە جۆر راسپاردنە سەرۆکێ پەرلەمانێ، کو لیژنە پەروەردە و خوێندنی بالا تەکلیف کر بوو، کو دیف چوونێ بکەن بۆ قوتابیانی شەشێ ئامادەیی، هێ زانکۆیێ، خۆش بەختانە موژدەیەکە، چونکە بەری نوکە دەستەی سەرۆکایەتی بلێن هی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا لەگەل ٤ وەزیری پەیوەندیدار بە سەرۆکایەتی بەڕێز قوباد تالەبانی، موژدەی قوتابیان ئەوەیە قوتابی سەرپشکە بۆ ئیختیار کردنی بابەتی خۆ، یان لە سەد بێ یان هەشتا لە بیست ئەو موژدەیەکە بۆ تەلەبەی ئەعدادی، موژدەی تریش ئەوەیە ئەو قوتابیەی ئێمە ئەوەی لە خوێندنی بالا دەخوێنێت لە دەرەوەی هەرێم، نا ئەوە تەوزیحە، ئەوە زەرورییە چونکە خەلك چاوەڕێی ئێمە دەکات، من نازانم یەعنی ئەوە گرینگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتەوێت وەكو بیرۆكەیەك بخەیتە ڕوو لەكۆتایی قسەكان.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بیرۆكە وەری بگرە، خۆ دەبێ بگاتە ئەو خەڵكانەی كە چاوەڕێ دەكەن، دوای ٢ سەعاتی تر ئەنجامەكان دەردەكەون، تەلەبە سەرپشكە، ئەو تەلەبەی لە دەرەوەی هەرێمیش دەخوێنن هەموویان بۆیان هەیە ١/ ٩ دەوام لە زانكۆكانی كوردستان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی ٥٤ دووەم بڕگەی چوارەم من بیرۆكەیەكم هەیە، كە دەمەوێ بیخەمە ڕوو ئەگەر لە بەرنامەی ئەمڕۆدا فرسەت هەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرباشە، بیرۆكەیەكی تریش هەیە هەر دەیخەینە بەرنامەوە، كاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ٣ پەرلەمانتارین یاداشتێكمان ئاراستەی بەڕێزتان كرد، لە بەڕێزتانەوە ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەكان، سەبارەت بەو ڕێنماییانەی كە لەبارەی كۆبۆنەوە دەركرا، كە نرخی بەنزین كرا بە ٨٠٠ دینار، بەلاَم ڕێگرییەكان لەبەردەم دەركدرنی كۆبۆنەوە وەك خۆیەتی، بەڕێزتان ئاماژەتان بە یاداشتەكەمان دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو یاداشتە نەگەیشتە دەستمان، بەڕێزان ئێستا دەست دەكەین بە وتووێژەكانمان لەسەر بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، پێش ئەوەی دەست پێ بكەین داواكاریەكمان بەدەست گەیشتووە، لە ١٤ ئەندام پەرلەمان بۆ پێش و پاش كردنی بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بڕگەی یەكەم و دووەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕی پێ بكرێت، لە سەرەتا قسە لەسەر راسپاردەكانی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەر دۆخی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان بكەین، كێ ئەوە پەسەند دەكات؟ دەستی بڵند بكات، ٧٠ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ، كەواتە پەسەند كرا، ئێستا داوا لە سەرۆكی لیژنە پەیوەندیدارەكان دەكەم، بە دۆخی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان دەكەین، راپۆرتیان ئامادە كرد بوو، بێنە سەر مەنەسە بۆ

خوێندنەوەی ڕاسپاردەکانیان، دوایی ڕاسپاردەکانی لە پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند دەکرێت، ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، فەرموو لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و جینۆساید، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، کاک ناظم کبیر نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەکانی چوو، ئێستاش نازانم هەر بەداخراوی دەبێ یان بە ڕاستەوخۆ دەبێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ داواکاریەك نییە، بۆئەوەی کۆبوونەوەکە داخراو بێت، د. عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە پەرلەمان ڕاسپاردە دەردەکات یاخود بەڕێز وەزیر کە دێتە پەرلەمان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕاسپاردەی پەرلەمان وەردەگرێ و بڕیار دەدات ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکات، وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەوەی بەڵێنی دا جێبەجێی نەکرد، بۆیە ئەوە کاری سەرۆکایەتی پەرلەمانە جەخت بکاتەوە، لێکۆڵینەوە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عزت ئەمە نوقتەی نیزامی نەبوو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاسپاردەی دا بە حکومەت و وەزیری پەیوەندیدار دەبێ جێبەجێی بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با من ئێستا وەڵامێکت بدەمەوە، بەڕێز د. عزت ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان جارێکی تر داوای بانگهێشتکردنەوەی وەزیری سامانە سروشتییەکانیان کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی جارێکی تر لەسەر دۆخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان قسەو باسی لەسەر بکرێ، باسی جێبەجێ نەکردنی ئەو ڕاسپاردانەی کە لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانی لەگەڵ بوو، چەند پرسیارێکیش ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان کراوە هەر سەبارەت بەو پرسە، بەڵێ کاک ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو نوقتەیەی کە بەڕێز ئەو هەڤاڵەم لەوێ گرتی زۆر ڕاستەو لەجێی خۆیەتی، لەبەرئەوەی ڕاسپاردەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناومرۆکی ئەو ڕاپۆرتەوە هەیە، ئێمە داوامانەتە دەست بەڕێزتان، بۆیە لە بەرژەوەندی گشتی دەبینم، کە ئەو شتە ڕاستەوخۆ نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڤەیرانی بەنزین کە قسە دەربارەیەوە دەکرێت، ئێمەش دەپرسین لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەت ڕێکەوتنیان کردووە، دانیشتنیان هەبووە، ئەنجامەکەی ئاگادار نین، ئەوەی پرسیارە ئەو لیژنەیەو بەڕێزانی ئەو لیژنەیەش پرسیار دەکەن، ئێمەش بەدواداچوونمان دەوێ لەوەی لیژنەی پەرلەمان دەبێ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای کاك ئاری هەرسین دەکەم، سەبارەت بە ڕاستەوخۆ نەبوونی پەخشەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کە باسی لیژنەکان کرا، هیچ لیژنەیەك لە پەرلەمان ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەت نەکردووە بۆ پرسی بەنزین، بەمشێوەیە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامییە، مادام ئێستا ڕاسپاردەکانی سێ لیژنەکەی تر بخوێنێتەوە، باشە دکتۆر ابراهیم، دەقەیەك بە ئیجازە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگە بە داخراوی بێ؟ ئەوە دەتوانن واژوو کۆبکەنەوە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای بکەن، بۆئەوەی ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگە بە نهێنی بخوێندرێتەوە، د. ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکێ پەیڕەو ڕێگا دەدات سێ کەس داخواز کە تشتەکی، ئەوە بوونە چار کەسا داخواز کەم پەخش ڕاستەوخۆ نەبێ، یەعنی پێویست ناکات ببیستن و تەقە لە دەم و خەلاس بوو .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ابراهیم بە ماددەیەکی تایبەت لە پەیڕەوی ناوخۆ، موعالەجەی ماددەی ٩ پێم وابێت، موعالەجەی پرسی نهێنی بوونی کۆبوونەوەکان ئەو قاعیدە عامە بەسەریدا تەتبیق نابێ، چونکە قاعیدەی خاسی هەیە، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی نۆی پەیڕەوی ناوخۆ نالێت دەبێ لە شکلی واژوودا بێ، دەڵێ دەبێ لەسەر داوای یەک لەسەر چواری ژمارەی ئەندامان کەمتر نەبێ، بۆیە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر پشتیوانی بکاو بگاتە ئەو ژمارەیە واژووش نەکەین، ئەوە تەسەور دەکەم هەمان ئامانج دەپێکێ، ئەوە وەقتی دەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە نووسراوێك بێ تا ئەوەندەی ڕاسپاردەکانی تر دەخوێندرێتەوە دەتوانین ئەوەش موعالەجە بکەین، ئێستا ڕاسپاردەکان، بەڵێ کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ڕاسپاردانەی ئەو چوار لیژنەیە دەخەیتە بەردەستی حکومەت، بۆئەوەی جێبەجێ بکرێت، نەهاتووین لێرە سەر لەنوێ موناقەشەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان بکەینەوە، هیچ بەهایەك نییە بۆ نهێنی بوونی دواجار ئەم ڕاسپاردانە بڵاو دەبێتەوە، بۆیە نهێنی بوونی ئە و ڕاسپاردانە لە پەخشدا بەهایەکی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بەڕێز کاك ئاری هەرسینیش سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید لە بیرۆکەکەی خۆی پەشیمان بووەتەوە، دەڵێت سروشتییە کە پەخش ڕاستەوخۆ بێ، بۆیە ئێستا دەست دەکەین بە خوێندنەوەی ڕاسپاردەکان، بفەرموون بۆ خوێندنەوەی ڕاسپاردەکان، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزدەکەین بە دوو، سێ جوملە پێش ئەوەی دەست پێ بکەین هەندێ تەوزیحی بچووك هەیە بیدەین، ئەویش ئەوەیە ئەو ڕاسپاردانەی کە لێرەدا هەیە، ئەمە پوختەی ئەو شتانەیە ، ئەو پێداویستیانەیە، کە ئێمە لەدوای بەدواداچوونی مەیدانیمان گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامانە، بە تەئکید لای خەڵکی تر، لای

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان شتی تر گەلاڵە بووە، بەلام ئەمە پوختەو کورتەکەیەتی، ئەگەر بێتو ئێمە هەموو ئەو موعانات و کەم و کوڕیانەی کە بینیومانن، وردەکاری ژیانی ڕۆژانەو مەیدانی خەلك، خەلکی پێشمەرگە بێنین ڕیزیان بکەین، بە ١٠، ١٥ وەرەقە لەوانەیە جێی نەبێتەوە، بۆیە زۆر دوورو درێژ دەبێ و عەمەلیش نییە، ئێمە هەموویمان لە چەند خالێك چڕ کردووەتەوە، بۆیە هیوادارم ئێوەی بەڕێز موراعاتی ئەوە بکەن، ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، لەپێش هەر شتێك ئێمە بە پێویستی دەزانین کە سوپاسی خەلکی ناوچەکە بکرێت، لەبەر خۆڕاگریان لەو ناوچە کوردستانیانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش ڕاسپاردەکانە،

١- مووچەی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا بدرێت و وەزارەتی پێشمەرگە یەکەم وەزارەت بێ کە مووچەی بەسەردا دابەش بکرێت.

٢- دەرماڵەی تایبەت (الخطورة الخاصة) بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج بکرێت.

٣- هەوڵ بدرێت کە مووچەی پێشمەرگە بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش هاوتا بکرێت.

٤/ دابین کردنی تەقەمەنی پێویست و دابین کردنی چەکی مامناوەند وەکو دۆشکە و بی کەی سی و ئار بی جی و هەروەها ئامێری لاسلکی و یەعنی هۆکی،تۆکی.

٥/ دابین کردنی خواردنی ستاندارد و گەیاندنی لە کاتی خۆی دا و دامەزراندنی چێشتخانەی مەیدانی.

٦/ بانگەشەی پێشمەرگەی یەدەگ بە ڕاهێنانەوە، بۆ نموونە بیرمان لەوە کردووەتەوە کە تەشکیل کردنی فیرقەیەکی یەدەگ بکرێت.

٧/ ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبن لە ڕێوڕەسمێکی شایستە دا بەخاك بسپێردرێن و هەوڵ بدرێت کە هاوکارییەکی بنەماڵەکەشیان بکرێت کە بەداخەوە لە ئێستادا ئەو بەشێوەیەکی شایستە بەخاك سپاردن نییە، ئێمە دەست خۆشی دەکەین کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکاریەکی دابین کردووە بۆ بنەماڵەی شەهیدەکان و لەگەڵ پرسەنامەیەکی پەرلەمان.

٨/ ڕێکخستنی ئەو کۆمەکانەی کە بە شێوەیەکی پەرش و بلاو پێشکەش بە پێشمەرگە دەکرێ، هەم کۆنترۆلکردنی ئەمنی و هەم بە عەدالەت دابەش بکرێ، یەعنی ئەو کۆنترۆلکردنی ئەمنیە مەبەستمان ئەوەیە کە خۆراك کۆنترۆڵی لەسەر بێ شتێکی تیا نەبێ کە خوانەخواستە موئامەرە بکرێ لە پێشمەرگە.

٩/ ڕەچاوی بایەخی ستراتیژیەتی کەرکووك و شەنگال و سەدی موسڵ بکرێت لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە.

١٠/ چارەسەرکردنی کێشەی لۆجستیك.

١١/ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیانەی کە لە درێژایی ئەم ١٠٥٠ کم داهەیە، بە واتایەکی تر نەهێشتنی ئەو کەلەبەرانەی کە لێرەولەوێ هەل و مەجالی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانیان تێدایە.

١٢/ هەوڵدانی جدی بۆ ڕێکخستنەوەی یەکە جیا جیاکانی پێشمەرگە، بۆ نموونە یەکەی ٧٠ و ٨٠ بۆ ئەوەی لە فرە مەرجەعی ڕزگارمان بێت و ئاسەواری حیزبایەتی لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بسڕێتەوە.

١٣/ بۆ قایم کردنی سنوورەکان و سەنگەرەکانی هێڵی پێشەوە و دروست کردنی ساتر و خەندەق پێویستە ئامێری شۆفەڵ و حەفارە دابین بکرێ بۆ هێزەکان.

١٤/ قەدەغە کردنی کامێراو ئالەتی تر لە بەرەکانی بەرگری دا.

١٥/ ئەو چەك و ئامێر و کەلوپەلە سەربازیانەی کە ئێستا بە پەرشوبلاوی هەن کۆبکرێنەوە، بە شێوەیەکی تەندروست، سەرەدەریان لەگەڵ بکرێ لە ئێستادا بدرێنە دەست هێزە هاوبەشەکانی پێشمەرگە تا بڕیاری کۆتایی ئێ بدرێت، لێرەشدا هێزە هاوبەشەکانی پێشمەرگە مەبەستمان هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە.

١٦/ پێداچوونەوە بە بەرزکردنەوەی پلە سەربازیەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، کە زۆر بە داخەوە هەتا ئێستاش هەندێ جار لەسەر حسابی حیزبایەتی و میزاجە.

١٧/ ئیلتزام کردنی فەرماندەکان بە ئینزاری جیمەوە، جێ نەهێشتنی شوێنەکانیان.

١٨/ هەوڵ بدرێت هاوکاری کردنی پێشمەرگە بکرێت بۆ جەژنی رەمەزان.

١٩/ حکومەتی هەرێم هەوڵی جدی و چارەسەر بدات بۆ لێك تێ گەیشتن لەگەڵ دراوسێکانی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر مەسەلەی ڕاپرسی و مافی چارەی خۆنووسین و ئەو لۆبیە نابێت لە چوارچێوەی حیزبی دابێت و لەلایەن لیژنەیەکی نیشتمانیەوە جێ بەجێ بکرێت، کە دەکرێ لە ڕێکخستنی ئالیەتەکەدا نوێنەری پەرلەمانیش تیا بەشدار بێ، هەروەها پشتیوانی نێودەوڵەتی و لۆجستیکی ماددی و ڕاوێژکاری بۆ پاراستنی ناوچە جێ ناکۆکەکان، هەروەها لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمان سەردانی کونسوڵخانەکان بکەن هەتا هەڵسوکەوتی ناجۆری حکومەتی ناوەندیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

٢٠/ نەسریەی یەکەکانی پێشمەرگە ڕێك بخرێت و یەك بخرێ، نەك بە میزاج بێت و لێرە نەوعێك و لەوێ نەوعێکی تر.

٢١/ پلە بەندی پێشمەرگە دادپەروەرانە بێت بە پێی ڕێنماییەکان بەرز بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کە پێشتر خوێنرایەوە، لەگەڵ ڕاسپاردەکانیان دەخەینە دەنگەوە و بۆ پەسەند کردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر شتێك کە لە بەرنامەی کار بێت دەبێ پێشتر ئەندامانی پەرلەمان بەدەستیان گەیشت بێت، سەبارەت بە دوا ڕاپۆرتی هەر چوار لیژنەکە بە ئەندامانی پەرلەمان نەگەیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاپۆرتەکانیان خوێنرایەوە، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر ئەرك نەبێ کاك ئاری خاڵی ١٢ مان بۆ بخوێنێتەوە، دوایی لەسەر ئەوە قسەیەکم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی ١٢ هەوڵدانی جدی بۆ ڕێکخستنەوەی یەکە جیا جیاکانی پێشمەرگە، بۆ نموونە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ بۆ ئەوەی لە فرە مەرجەعی رزگارمان بێت و ئاسەواری حیزبایەتی لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بسڕێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستتان خۆش بێ بۆ ڕاسپاردەکان، من بۆ خۆم کاتێکی تریش ئەم قسەیەم کرد، سێ، چوار خاڵم بە نووسراو پێشکەشی هەم لیژنەکە کرد، هەم بەشێك لەو هاووڕێیانەش بەداخەوە تەنها ئەم خاڵەیان جێگیر کرا، بە دەسکاریەوە، من هەوڵ دەدەم و پێشنیازی من ئەمەیە، ئەگەر وای لێ بکەین تەنها خاڵەکە و هیچی تر، هێزی پێشمەرگە لەژێر هەر ناو و دابەش کاریەك دابێ یەك دەخرێت و لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا دەبێ، ئەگەر هەر حیزبێکیش بەمە پابەند نەبوو من پێشنیاز دەکەم تمویلی مانگانەی ببڕن، ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیوەندی بە یاسای حیزبەکانەوە هەیە، دەشتوانی پێشنیارەکەت بدەی بە لیژنەکە، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دووەمیان دەکرێ هەر هێزێك، یاخود هەر حیزبێك لەناو هێزی پێشمەرگە کاری سیاسی کرد، دەتوانن بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە قەدەغەی کاری سیاسی لێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جمال مورتکە فەرموو.

بەڕێز جمال عثمان (جمال مورتکە):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەست خۆشی لە هەڤاڵانی هەر سێ لیژنەکە دەکەم، هەندێك تێبینیم هەیە کە ئیشارەتی پێ نەدراوە و باس نەکرا، یەکێکیان ئەوەیە، یەکخستنی پشووی پێشمەرگە بە تایبەتی لە هەندێ یەکەکان پشووی پێشمەرگە فەرقی زۆرە لەگەڵ یەکتری، هەیە پەنجا بە پەنجایە، هەفتە بە هەفتەیە، هەیە ١٤ بە هەفتەیەك، ئەوە دیاردەیەکی زۆر خراپە، دوورە لە ڕێکخستنی نیزامی، دووەم/ گرنگیان زۆر بە تەدریب نەدا لەگەڵ دانانی مەیدانی مەشق، گرنگی دان بە تەدریب لە ژیانی شەڕ، لە مەیدانی شەر عادەتەن لە قۆناغی ئێستای ئێمە زەرورییە ٧٠٪ ی گرنگی بە تەدریب بدرێت، بە تایبەتی مەیدانی مەشقی تایبەتی عادەتەن لە حاڵەتی وادا دادەندرێ لە نزیك جەبهەکان، بۆ ئەوەی هەم وەکو ئیحتیاتێکی نزیك، هەم ڕاهێنانی پێشمەرگە، دوو/ چاودێری کردنی ژیانی پێشمەرگە زیاتر داکۆکی لەسەر دەکەم، .... .

بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):

بەڕێزان ناکرێ بچینەوە سەر موناقەشەی خاڵەکان، جارێکی تریش نابێ دوورودرێژە، فەرموو.

بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

گرنگی دان بە شەهیدان بەداخەوە ئێستاش لە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن بەڕاشکاوی بڵێم بە (nrt) ئاماژەی پێ نەدراوە..... .

بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):

ئەوە کاك جمال، ئاماژەی پێدراوە، لە ڕاسپاردەکانی تر ئاماژەی پێی دراوە، فەرموو.

بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

شێوازێك بەکاردێنن بۆ قوربانی ......... .

بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):

کاك جمال ئەگەر خوێندبێتەوە، ئاماژەی پێ دراوە، فەرموو.

بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لایەنی هەواڵگری گرنگی پێ نەدراوە.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):

کەواتە ئێستا مادام ڕاسپاردەکانتان لا نییە، ڕاسپاردەکانتان بۆ کۆپی دەکرێ، دابەش دەکرێ بە سەرتان، باسی ڕاپۆرتەکانت کرد تۆ، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتم ڕاپۆرتیان کە ئێستا دەیخوێننەوە لەلامان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جمال با حەلێکی ئەوە بکەین، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پێشتر بڕیارمان دا کە پەیوەندی بە پێشمەرگە و ناوخۆ هەیە بە نهێنی بێت و بەداخراوی بێ، ئێستا نازانم بۆ قسەکان بە کراوەیی بوو، ئەوە......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بڕیارمان نەداوە، کوا دەنگمان لەسەری داوە، ئەم ڕاسپاردانە ئێستا هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدراوە، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر، عەرزت کەم ئەوە ئایا بە کراوەیی دەبێ یان بە داخراوی؟ ئەوە یەکیان، دووەمیان/ ئەوە بوو کە بەهار خان باسی کرد کە ڕاسپاردەکان لەلای ئەندامانی پەرلەمان نییە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە ڕاپۆرتمان لانییە حەقمانە سەرنج بدەین، ئێستا ئەو تێبینیانەی کە لە کۆبوونەوە دوورودرێژەکانیش دامان ناو سەرنج بوون ڕاسپاردەکان جێگای نەبۆتەوە، موعاناتی پێشمەرگە یەکێکە لەو موعاناتەی کە باس لە پێشمەرگە بریندارەکان نەکراوە، یەك حاڵەت باس دەکەم کە ڕائیدە و پلەدارە سێ جار لە نەخۆشخانەی گشتی لە شاری هەولێر نەشتەرگەری بۆ کراوە، ئەوجا چوارەم جار کە چووە بە پارە علاج دەکات لە نەخۆشخانەی تایبەتی دا، ئیسکێك لەناو لەشی ماوەتەوە کە فەقەراتی شکاوە، دوو/ پێشمەرگە بریندار بووە زێڕی خێزانەکەی فرۆشتووە، وەزارەتی پێشمەرگە دەبێ لێرە نەك ڕاسپاردە دەبێ بڕیار بدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد باسکراوە ئێستا ئەگەر ڕاپۆرتەکە لەبەردەستتان بێ، لە ڕاسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ باسکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکە لەبەردەستتان نییە بەداخەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك لە ڕاسپاردەكان سێ كەس زیاتر تەئیدی كرد كاتی خۆی پێشنیارمان كرد، گوتمان تەشجیع لە بۆ هێزەكانی ئاسایش و ناوخۆ و تەشجیع بۆ پێشمەرگە، ئەمڕۆ كۆمەك كۆدەكرێتەوە، هاووڵاتیان بەشداری دەكەن با حكومەتیش بەشداری ئەو كۆمەكە بكات، ئەو شەش مانگەی كە ماوە لە پارەی ئاو و كارەبا حكومەت لە پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس خۆش ببێت، لە ڕاسپاردەكان جێگای نەبووەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ڕاسپاردەكان كۆپی دەكرێ و بەسەر ئەندامان دابەش دەكرێ، بۆیە با مامۆستا هەورامانیش بزانین نوقتەی نیزامیەكەی چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەروامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو لیژنە بەڕێزانە سەرجەمیان شەونخونی و ماندووبونێكی زۆریان بینی، چەند دانیشتنێكی پەرلەمانمان كرد و قسە و گفتوگۆیەكی زۆرمان كرد، جەماوەری كوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان كرد، كە ئێمە بڕیار دەربكەین، نەك ڕاسپاردە، چونكە ڕاسپاردە من پێموایە ئەگەر یەك لاپەڕە بڕیار دەربكەین باشترە لەوەی بیست، سی ڕاسپاردە دەربكەین و هیچ ئیستیفادەیەكیشی نەبێ، جێ بەجێش نەكرێ، لەبەرئەوە ئەم پەرلەمانە ئەگەر دەتوانێ بڕیار دەربكات با بڕیار دەربكات، ئەو كێشانە هەمووی هەن، من دوێنێ كە ئاماژە بە نموونەیەكی بەسیت دەكەم، ژنە پێشمەرگەیەك تەلەفۆنی بۆ كردم و داوای لێ كردم كە دانیشتووی ڕانیەیە دەڵێ مێردەكەم لەبەرەی جەنگە و خۆم چوار منالم هەیە، چوار منالی هەتیویشمان بەسەرەوەیە و یەك دینارمان پێ نییە بۆ ئەم جەژنەیە، یەعنی بەڕاستی ڕاسپاردەی چی دەربكەین ئێمە، سی، چل ڕاسپاردە دەربكەین لە كاتێك دا كە ڕاسپاردەكە لەلایەنی جێ بەجێ كار دەڵێ كاكە خۆ ڕاسپاردەیە و قسەی خۆشە و جێ بەجێ ی بكەم و جێ بەجێ ی نەكەم وەكو یەك وایە، لەبەرئەوە پێموایە ئەم پەرلەمانە بەڕاستی كۆمەڵێك بڕیاری واقعی دەربكات كە چارەسەری موعاناتی خەڵك بكات و كێشەی خەڵك چارەسەر بكات باشترە لە كۆمەڵێك ڕاسپاردە كە هیچ ئیستیفادەیەكی نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێمە لە پەرلەمان ڕاپۆرت و ڕاسپاردەكان و بڕیار لە پەرلەمانی كوردستان دەردەچێ، كاك ئاری نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من بە بیری سەرۆكی پەرلەمان و ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی دەهێنمەوە، كە بە تەئكید شتێ هەتا نەبێ بە بڕیار ڕاسپاردەیە، بڕیار كێ دەری دەكات، پەرلەمانی كوردستان دەری دەكات، بۆیە تۆ

ناتوانی لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەتدا بڵێی ئەو بڕیارانەی لیژنەکەی ئێمە دای، بە تەئکید دەبێ بنووسی ئەو ڕاسپاردانەی کە ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مادام ڕاسپاردەکانتان لا نییە و تا دەگاتە دەستتان، دێینە سەر بڕگەی ۲ لە بەرنامەی کار تا ڕاسپاردەکان دەگاتە دەستتان، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە بڕگەی ۲ ی بەرنامەی کار لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان من داوا دەکەم نەك پاش و پێش بخرێ، بەڵکو تەئجیل بکرێ لەبەر ئەم هۆکارانە:

١/ دوای ئەوەی کە ئێمە ئەم پرۆژە بڕیارە کە هاتە بەردەستی پەرلەمنتارانی کوردستان، ئێمە لە بەدواداچوونمان و پرس کردنمان بە لایەنە پەیوەندارەکان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە سەبارەت بە هەردوو بڕیاری ژمارە ۷ ی ساڵی ۱۹۹۱ و ژمارە ٥٥ ی شاڵی ۲۰۰۰ لێك تێ نەگەیشتن و تەزاروب جۆرێك لە با بڵێین تەفسیر کردنی ناتەبیعی هەیە لەنێوان دوو موئەسەسە، یەکەم، بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکانی شارەوانی و تۆمارکردنی خانووبەرە، دووەم/ داواکاری گشتی و بە تایبەتی لیژنەی داوای مافی گشتی کە بە نووسراوی وەزارەتی ........ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕێواز باسی بڕیاری ژمارە ٥٥ دەکەی؟ با بێینە سەر ئەوە، داوای تەئجیل دەکەی؟ باشە با بخوێندرێتەوە، چونکە ڕەنگە موعالەجە کرابێ، ئێستا هەندێ موشاوەرات کە ڕەنگە موعالەجە کرابێ و تۆش پێی ڕازی بیت، بەس جارێ بچینە سەر ئەو بابەتە ئینجا، بۆیە ئێستا داوات لێ دەکەم و کە فەرموون بەڕێزان بۆ جێگاکەی خۆتان دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵی ۲ ی بەرنامەی کار، ئەمە بوو بە ۲، تا ڕاپۆرتەکان دەگاتە دەستتان، کە گەیشتە دەستتان ئەو کاتە وتووێژی لەسەر دەکەین، بەڕێز کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کە بابەتێك و بڕگەیەك کە موناقەشەی لەسەری کرا، دەبێ تەواو بکرێ ئینجا بچینە سەر بڕگەیەکی تر یان ئەگەر پێتان وایە بە دەنگدام موعالەجە بکرێ، ئەگینا .. .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ناتوانرێ تەواو بکرێ لەبەرئەوەی ڕاسپاردەکان لەبەردەستتان نییە، ڕاسپاردەکان کۆپی دەکرێ، دەخرێتە بەردەستتان، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر مەنەسە بۆ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ۲۰۰٤ ی پەرلەمانی کوردستان _ عیراق، دانیشتنەکە بۆ ماوەی ١٥ دەقە هەڵدەگرین.

دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەڕێزان، سەبارەت بە بەرنامەی یەکی کار، لەبەر ئەوەی ڕاسپاردەکان لەبەر دەستی جەنابتان نەبوون، و ئێستا پێتان درا، بۆیە ئەو بابەتە دوا ئەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، ڕاسپاردەکان لەبەر دەستتانە، هەر ڕاسپاردەیەك ئێوە ئەیزانن لە دانیشتنەکانی پێشوو زیاتر لە ٣ ئەندام داوای کردووە، و لە ڕاسپاردەی لیژنەکاندا بوونی نیە، بە نووسین ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن، بۆ ئەوەی ئەو لیژنانە جارێکی تر لە ناو ڕاسپاردەکان جێگای بکەنەوە، ئەو کات لە دانیشتنەکانی داهاتوومان ئەو ڕاسپاردانە بە پوخت کراوی، و بەو شێوەی ئێوەش پێشنیارەکانیان بۆ ئەنێرنەوە، ئەیانخەینە دەنگدانەوە لە پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەست ئەکەین بە وتوویژ کردن لەسەر بەرنامەی خاڵی ئەمڕۆمان کە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی لەسەر پرۆژەکە، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، بۆیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مەنەسە، بۆ خوێندنەوەی پرۆژە بڕیارەکە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر پرۆژە بڕیارەکە

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی ٢٠٧١٤/٧/١٥ کوردی بەرامبەر بە ٢٤/ پوشپەڕی ٢٠١٤ ی زاینی کۆبوونەوەی بەست بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرابوو، و دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە ١٤ لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٧ ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم:

هیچ تێبینی نیە، ماددەی دووەم: تێبینی نیە، ماددەی سێیەم هیچ تێبینی نیە، ماددەی چوارەم: تێبینی نیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئێستا دەقی پرۆژە بڕیارەکە بخوێنەوە

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

ماددەی دووەم:

بەکار خستنەوەی بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

ماددەی سێیەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن

ماددەی چوارەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی بە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان دا کاری پێ ئەکرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالاْ

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە لیژنەی یاسایی تا کاتانێکی درەنگی دوێنێ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەردەوام لە ئیتیسال بووە بۆ دیراسە کردنی ئەو بابەتە، و بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیە، و بۆ ئەوەی بتوانین ئیحتیفاز بکەین بەو موڵکانەی دراوە بە کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگەکان، و بە هیچ شێوەیەك بەعسیەکان و کەس و کاریان نەتوانن داوای ئەو موڵکانە بکەنەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ٣ ماددەی تر پێشنیار ئەکەین ئیزافە بکرێ بۆ ڕاپۆرتەکەمان، و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن، و هۆیەکانی دەرچوواندنی بڕیارەکەش ڕوون ئەکەینەوە، ئەو پێشنیارانەمان بۆ ئەوەیە کە حقوقی موکتەسەبەی تاکەکان، ئەو کەسانەی خاوەنی شەهید و پێشمەرگەن بپارێزین، لەلایەکیش بۆ ئەوەیە کە بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ٩٢ کە ئیشارەی کردووە ئەبێ یاسایەك دەربچووێنرێ ئەگەر بێت و ئەو ٣ ماددەیە ئیزافە بکەین، ئەوە پێویستیمان بە دەرچوواندنی ئەو یاسایەش نابێ، بۆیە ئەگەر بەڕێزتان ئیجازە بدەن ئەو ماددانەی ئیزافەمان کردووە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بخوێنینەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید:**

ماددەی یەکەم وەکو خۆی ئەمێنێتەوە (ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

ماددەی دووەم: بەکار خستنەوەی بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

ماددەی سێیەم: پێشنیاری لیژنەی یاسایی

ئـەو موڵکـە نەگوێزراوانـەی کـە بڕیـاری پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـارە ٧ ی سـاڵی ١٩٩٢ ئەیانگرێتـەوە، ئـەوە خـاوەنی پێـشووی موڵکـەکان نـاتوانن داوا لەلایەنـەکانی حکومـەتی هـەرێم بکـەن بـۆ گەڕاندنـەوەی عەقارەکەیان، یان بەهاکەی، یان قەرەبوو کردنەوەی بە نەقدی یان بە عەینی

ماددەی چوارەم:

خاوەنی پێشووی موڵکە نەگوێزراوەکان کە بڕیاری سەرەوە ئەیانگرێتـەوە، نـاتوانن داوا لەوانـەش بکـەن کـە بوونەتە خاوەنی موڵکەکان بۆ گەڕاندنەوەی عەقارەکە، یان بەهاکەی، یان قەرەبوو کردنەوە

ماددەی پێنجەم:

حوکمەکانی ئەو بڕیـارە، لەسـەر هـەموو ئـەو داوا یاسـایانەش جـێ بـەجێ ئـەبێ کـە لەبـەردەم دادگـان، یـان لایەنی کارگێری

هۆیەکانی دەرچوواندنی بڕیارەکە بۆ ئەوەی جێگەی یاساکە بگرێتەوە:

بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەو ئاسەوارانەی لەسەر جێ بەجێ کردنـی بڕیـاری ژمـارە ٧ ی سـاڵی ١٩٩٢ ی هەڵوەشاوە، و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، و بـۆ پارێزگاری کردن لە مافی بەدەست هاتوو، واتە (حقوق مكتسبە)، و جێ گرتنەوەی ئەو یاسایەی کـە بڕیـاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ ئاماژەی بۆ کردبوو، ئەم بڕیارە دەرچووێنرا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە سەبارەت بە ماددەکانی ئەم پرۆژە بڕیارە، فـەرموو کـاك مـەردان نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتە لیژنا یاسایی کە پێش ٤٨ سەعات ل بەر دەستێ مە بوویە، ئەڤ پێشنیارێت نوکە بـەحس کـرن تێـدا نینـە، بەرهەنـدێ ئـەڤ پیـشنیارێت نینـە ، و هۆکارێت دەرچوونا ڤێ بڕیـارێ مـە پێتریـا هەنـدێ هـەی کـو دیراسە دکا باشتر ل سەر ڤێ پێشنیارێت بکەین، بەر هەندێ داخاز دکەین کو ئەڤ موناقەشە بێتـە تـەئجیل کرن بۆ وەختەکێ کافی لە بەر دەستێ مە بـێ کـو دیراسـە ڤـێ پێـشنیارێ بکـەین، پـشتێ هنگـی موناقەشـە ل سەر بهێتە کردن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە ئەو پێشنیارە لە دەقی ڕاپۆرتەکە نیە، بەڵام ئەوان وەکو ئەندامی پەرلەمانیش مافی ئیزافـە کردنیـان هەیە بۆ سـەر خـاڵ و بڕگـەکانی ڕاپۆرتـە هاوبەشەکەشـیان، بـەڵام بـا جـاری گفتوگـۆ بکـەین، چـونکە ئەمـە کێشەیەکی هەنووکەییە، ژمارەیەك لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر بڕیارەکە بەم ڕاسپاردانە و پێشنیارانە بتوانێ حەلی ئەو کێشەیە بکات، ئەمڕۆ گفتوگـۆی لەسـەر بکـەین، کۆتـایی پـێ بێـنین باشـترە، فەرموو دکتۆرە ڕێواز

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەکو درێژە دانێك بەو قسانەی لە دانیشتنی پێشوو لە وەرگرتنی ڕێستەکە کردم، من تەنیا سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان بۆ نووسراوێك ڕائەکێشم کە وەزارەتی داد ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، سەرباری ئەوەی پشتیوانی لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك مەردان ئەکەم، بەوەی ئەو شتانەی بەڕێزانی لیژنە خوێندیانەوە، وەکو هەموارێکە بۆ بڕیاری ژمارە ٧، و ئەبێ ئێمە پێشتر بە ٤٨ سەعات لەبەر دەستمان دابێ، سەرنجتان ڕائەکێشم بۆ نووسراوێك کە وەزارەتی داد ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، و لە ڕێگەی بەڕێزتان ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار کراوە، کە ژمارەکەی (٣٤٢٤) د، لە ٢٠١٤/٥/١٨ سەبارەت بە گەڕاندنەوەی زەوی بۆ بەعسیەکان بە بڕیاری دادگا بە مەبەستی دیراسەت کردن، هاوپێچ لەگەڵ ئەو نووسراوە، نووسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ژمارە ٦ لەسەر ٥٩٦ لە ٢٠١٤/٥/٥ کە تێیدا یاداشتی لیژنەی داوای مافی گشتی هاوپێچ کراوە، لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە هاتووە، هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان وێنەیەك لە یاداشتی لیژنەی داوای مافی گشتی سلێمانی لەگەڵ بەڕاییەکان کە وێنەیەکی ئاڕاستەی نووسینگەی پەرلەمان کراوە، بۆتانی ڕەوانە ئەکەین، بە مەبەستی ناردنی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی یاسایی بە مەبەستی دەرکردنی یاسایەك بۆ چارەسەر کردنی بابەتەکە، لەگەڵ ئەو هاوپێچە کە دڵنیام لەبەر دەستی ئەندامانی بەڕێزانی پەرلەمان نیە جگە لە ژمارەیەکی کەممان، ئاماژە بە فەقەرەیەك ئەکەم کە داواکاری گشتی ئاڕاستەیان کردووە بۆ بەڕێزتان کە ئەڵێ، تەبعەن لە پێشدا تەفاصیلی تێدایە، دوایی ئەڵێ (ان یوضحه لدائرتکم المحترمة ان هذا النقص في قانون رقم ١٨ لسنة ٢٠٠٣ جعل من المشمولین بقرار رقم ٧ یقومون باعادت اموال غیر منقولة لهم و بموجب احکام قضائیة، علما ان المفروض هو وضع حد و سن القانون لحسم القرار رقم ٧ بما یختم الشارع ویعاقب من کان سببا في تعذیب و هجر و قمع الملایین،........)، بە تەصەوری من ئەم قانونە قانونێکە تەزاروبی لە تەفسیر تێدایە، لە نێوان داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی شارەوانی و تۆماری خانووبەرە ڕای زۆر جیاوازیان هەیە، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم ئەم فەقەرەی بەرنامەی کار تەئجیل بکرێ لایەنی کەم ٤٨ سەعات بدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دیراسەی زیاتر و بەدواداچوونی زیاتر بکەن، چونکە ئێمە کە ئەم نووسراوە ئەخوێنینەوە، لەوە تێ ئەگەین کە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو پێویست کاری بە نووسراو و سەرنجەکانی وەزارتی داد نەکردووە، چونکە ئەگەر ئەمەی بکردایە، لیژنەی یاسایی بەو شێوەیە تەعدیلەکەیان نەدەخستە بەردەستمان، هەرسێ ئەو ماددەی ئیزافە کران زۆر باشن، بەڵام بە تەسەوری من پێویستیان بە دیراسە کردنی زیاترە، بە تایبەتی ئەم مەسەلەیە لە شارێکی وەکو سلێمانی بووە هۆی ئەوەی کە بەعسی بتوانێ خانوو لە کەس و کاری شەهیدان وەربگرێتەوە، لە

خانووەکانیان بیانکاتە دەرەوە، و دڵنیام لە شارەکانی تری کوردستانیش لە ئاینـدە بـەو جۆرە ئـەبێ، ئـەبێ حەدێك دابنێین، ڕاستە پەلە پەلی تێدایە، بەڵام ٤٨ سەعات کاتێکی ئەوەندە زۆر نیە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەکو سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ڕاپۆرتمـان ئامـادە نـەکردووە، لیژنـەی یاسـایی ڕاپـۆرتی ئامـادە کـردووە، بـەڵام بـا لیژنـەی یاسـایش ڕای خۆیـان بـدەن، نوقتـە نیزامیـەکانیش وەر ئـەگرم، لیژنـەی یاسـایش ڕوون کردنەوە بدەن، بزانین ئەو ٣ ماددەی ئیزافەی ئەکەن ئایا گرفتەکـە چارەسـەر ئـەکات یـان نـا؟ و دوایـی ڕای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش وەرئەگرین، فەرموو

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئیزافە کردنی ئەو ٣ ماددەیە بۆ ئەوەیـە جێگـەی ئـەو یاسـایە بگرێتـەوە کـە بڕیـاری ژمـارە ٧ ی سـاڵی ١٩٩٢ ئیشارەتی پێداوە، و ئیزافە کردنی ئەو ٣ ماددەیە لە بڕیارێکدا کـە بڕیـارێکی تەشـریعییە، و قـوەتی قـانونی هەیـە، بـۆ سـورعەت کـردن، لەبـەر ئـەوەی کـەس و کـاری شـەهیدان و پێـشمەرگەکان ئێـستا ئـەناڵێنن و بەعسیەکان دەرگایان لێ گرتوون و داوای زەوی و زار و موڵکەکانیان ئەکەنەوە، بە هەدەفی سورعەت کردنـی پەرلەمان مانگێکی تر ئەکەوێتـە پـشوو، نـاتوانین تـا مـانگی ٩ هـین بکـەین، ئـەوە دادگـا دەسـتی بـە دیراسـە کردنی ئەو بابەتە کردووە، هەدەفی لیژنەی یاسایی ئەوە بووە، بۆ نـەهیشتنی ئاسـەوارەکان، و بـۆ موعالەجـە کردنی بە شێوەیەك ئـەو بڕیـارە بتـوانێ جێگـەی یاسـاکە بگرێتـەوە، ئـەو ٣ ماددەمـان پێـشنیار کـردووە، و پێشنیار کردنی ئەو ٣ ماددەیە بە هەموو شێوەیەك جێگەی یاساکە ئەگرێتەوە، و هەم موعالەجەی ئاسـاری ناجیم ئەکات لەسەر قەراری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئیزافە کردنـی ئێـستای ماددەکان هـیچ ئیـشکالیەتی قـانونی تێـدا نیـە بـۆ بڕیارەکـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەکرێ لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی تەنانەت ئەندامانیش ئیزافـە بکـەن لەسـەر ڕاپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی، بۆیـە هیچ ڕێگریەك نیە ئێستا ئەگەر بێت و دەست پێبکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە بڕیارە، سوپـاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا سیراج.

**بەڕێز سیراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕای من بڕیاری ژمارە ۷ ی ساڵی ۱۹۹۲ دژایەتی تێدابێ لەگەڵ بڕیاری ژمارە ۱۸ ی ساڵی ۲۰۰۳ کە بە ناوی (تحديد وضع القانون لمسئولي و اعوان نظام دكتاتوري البائد)، لە چ ڕووێکەوە، تەبیعی لە بڕیاری ژمارە ۱۸ باسی سەرانی بەعس ئەکات کە مەحرومیان ئەکات لە....، باسی تەئجیل ئەکەم، ئەکرێ تەئجیل بکرێ لەبەر ئەم هۆیانە، باسی سەرانی بەعس ئەکات کە مەحرومیان ئەکات لە چەند کارێکی دیاری کراو، لەوانە باس ئەکان حەقیان نیە داخیلی هەڵبژاردن بکرێن، حەقیان نیە پۆستی سیادی و ئیداری وەرگرن، تەدریس لە جامیعات بکەن، خاوەنداریەتی دەزگاکانی ئیعلام و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بکەن، بەلآم ئەوەی باسی نەکردووە لە یاسای ژمارە ۱۸ ساڵی ۲۰۰۳ کە دەبوایە باسی کردایە، باسی موڵکداری عەقارات عەقار ناکاتن لەوێ، یەعنی ئەوان ڕێپێدراویان ئەداتێ، ئیجازەیان ئەداتێ حەقی موڵکداریان هەبێ، کەواتە قانونی ژمارە ۱۸ ساڵی ۲۰۰۳ موتەناقیزە لەگەڵ بڕیاری ژمارە ۷ ، کەواتە پێش ئەوەی باسی بڕیاری ژمارە ۷ بکەین ئەبێ هەموارێك بۆ بڕیاری ژمارە ۱۸ لە ساڵی ۲۰۰۳ بکرێ بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەکات، ئەگەر بێت ئەو وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕیاری ژمارە ۷ ی بکەوێتە کار، تەناقوزێك دروست ئەکات، کەواتە پێشی ئەوەی ئیشی لەسەر بکەین حەق وایە ڕێخۆشکەری بکەین بۆ ئەوەی بڕیاری ژمارە ۷ ڕێگری بۆ دروست نەکرێ، کەواتە داوای تەئجیل ئەکەم، پاڵپشتی کاك مەردان ئەکەم، و ئەوەش لە بیر نەکەین بڕیاری ژمارە ۷ باسی ئیبتاڵی (بيع و شيراء) ئەکات، بەلآم باسی ئیستیحقاقی حەقی تەملیك ناکات...........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا سیراج ئەو ۳ ماددەی لیژنەکە خوێندیانەوە چارەسەری ئەو کێشەی کردووە، تەنانەت چارەسەری کێشەی ئەو یاسایەی جەنابیشت باست کرد ئەکات، چونکە هەر بڕیار و یاسایەك کە دەرچوو یاسا و بڕیارەکانی پێش خۆی تەعدیل ئەکات، بۆیە پێم وابێ چارەسەری بۆ کراوە

**بەڕێز سیراج شێخ احمد:**

بەڕای من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر موڵەتێك بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر ئیشی لەسەر بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکەت گەیشت، فەرموو کاك مەردان

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنا یاسایی ئەڤ پێشنیارێت خوندی، گوتی پێشنیارێت لیژنا یاساییە نەوەکو ئەندام پەرلەمان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی نەبوو کاك مەردان، پێشنیاری......

بەرێز مەردان خدر، گۆت پێشنیارێت لیژنا یاساییە، دوو، هەر سێ پێشنیار وەکو شەفەهی خوندن، مەعقول نیە ل بەر دەستێ مە نەبیت و دیراسەتێ نەکەین، وەختێ لە بەر دەستێ مە نەبیت، ئەم مناقەشەی ل سەر بکەین، و بێتە پەسن کردن

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە رێواز.

**بەرێز د.رێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی کە ئێستا لەبەر دەستمانە، ئەگەر رێك وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ، دژی ئەو نیەتەیە کە لیژنەی یاسایی پێشتر یاساکەیان بۆ نووسیەوە، با بلێێین راپۆرتەکەیان بۆ ئامادە کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو ٣ دەقەی ئیزافە کراون بە ناوی لیژنەی یاساییەوە، کەواتە ئەبوو لە ناو راپۆرتەکەدا بێ، لە هەڤالأنم لە پەرلەمان ئەپرسم، ئایا ئەو راپۆرتەی ئێستا لەبەر دەستی بەرێزتانە، جگە لەو ماددانەی خوێندرانەوە، هیچی تری تێدایە؟ ئەوەی لیژنەی یاسایی ئیزافەی کردووە، وای ئەبینم وەکو ئیزافەی پەرلەمانتار سەیر بکرێ، نەك وەکو ئیزافەی لیژنەی یاسایی، چونکە ئەصلێ ئەوەیە ئێمە ٤٨ سەعات پێشتر راپۆرتەکەمان لابێ و دیراسەی بکەین، من زۆر زۆر زیاتر پەلەمە لە لیژنەی یاسایی بەوەی زووترین کات ئەو دەعوایانەی ئێستا لە دادگاکانن ئێمە بە یاسایەك رایانبگرین، لەبەر ئەوەی خەمی کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە ئازیزەکانی ئێمەیە، بەلأم لەگەڵ ئەوە نیم ئێمە یاسایەك دەربکەین دواتر لە مەحاکم تەزاروب دروست بکات، تکا ئەکەم ئەم جەلسەیە تەئجیل بکرێ بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو داواکاریانە رەچاو ئەکەین کە باس لە تەئجیل ئەکەن، بە تایبەتی ئێستا لە ٣ ئەندام زیاتر بوو، بەلأم روون کردنەوەی لیژنەی یاسایش وەرئەگرین، بەس پێش ئەو روون کردنەوەیە نوقتەیەکی نیزامی تریش هەبوو، کاك ڤەمان فەرموو

**بەرێز ڤەمان فیصل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب حەقیقەت ئەم نزانین موناقەشە ل سەر چیە، ل سەر راپۆرتە لیژنا یاساییە؟ یان ژی ل سەر پێشنیارانە؟ بۆ مە تێکەلیەك چێ بی، ئەگەر تە بۆمە روون کردنەك بدەی، مەش ئاخافتِنێ خۆ هەی

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی کە دەستمان بە وتووێژ کرد ئەسڵی بریارەکە ئەکەینە بنەما، دوایی ئیزافەی ئەندامانی پەرلەمان وتووێژی لەسەر ئەکەین

**بەرێز ڤەمان فیصل:**

نوکە ب حەقیقەت مە ژی رەئیا خۆ بدەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ با قسە لەسەر ئەوە بکەین ئایا تەئجیلی بکەین، یان ئێستا وتووێژی لەسەر بکەین؟ دوایی ئەگەر بڕیاری بوو وتووێژی لەسەر بکەین، مادده بە مادده وتووێژی لەسەر ئەکەین، فەرموو دکتۆر فرست

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تێڕوانینی من دەرگای گفتوگۆ بکەوە، ئەگەر ڕێژەیەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری، وا دائەنێین ئەو پێشنیارانە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەگەر پشتگیری یاسایی کرا کە ئەمڕۆ تەواوی بکەین، وا باشترە دەست پێ بکەین بە گفتوگۆ کردن، ئەگەر زانیمان ئەم مەسەلەیە زۆر ئاسابیە لە نەتیجەی نیهائی گەیشتینە ئەوەی ناتوانین حەلی بکەین، تەئجیلی ئەکەین، بەلاّم ئێمە هەفتەی داهاتوو تەنیا یەك هەفتەمان ماوە، ئەوەی ئاگادارین ئێوە لە دەستەی سەرۆکایەتی بە نیازن دوو یاسای گرنگ بخەنە بەرنامەی کار، بە دڵنیایی ئەگەر دوای بخەین، ناتوانین ئەو یاسایانە تەواو بکەین

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، کێشەمان ئەبێ، بەڕاستی کێشەمان ئەبێ لە ڕووی کاتەوە، فەرموو بێگەرد خان

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی بۆ ئەوەی ئیقتیراحەکان بە شێوازێك وەرنەگیرێ کە چۆن ئەڵێی تەشەنوجاتی لێ دروست بێ، دیارە هەموو ئیقتیراحەکان، چ ئەوەی لیژنەی یاسایی و چ ئەوەی هاوکاری خۆشەویستم دکتۆرە ڕێواز باسی کرد بۆ ئەوەیە دەقێکی قانونی دەربکەین کە لە بەرژەوەندی گشتی بێ، بۆیە پێشنیاری تەئجیل ئەکەم، و ئومێدەوارم لە دانانی قانونەکان ئەو پەلە پەلە نەکەین، هەفتەیەکمان لەبەر دەم ماوە، ئەکرێ ئەو ئیقتیراحانی دکتۆرە ڕێواز باسی ئەکات، لەگەڵ ئەوانەی لیژنەی یاسایی تا ڕۆژی یەکشەممە دیراسە بکرێ، و بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەشکرێ وا نەکەین مەسەلەن لە ناو پەرلەمان ئەو هەموو نیقاشە زۆرە بکرێ، بۆ ئەوەی جۆرێك لە یەکگەیشتن هەبێ، بۆ ئەوەی قانونەکانی تریش عەرقەلەیان لێ دروست نەبێ کە ئەمانەوێ پەسندیان بکەین، ئومێد ئەکەم ئەو سەرنجانە بە هەند وەرگیرێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ئەیخەینە دەنگدانەوە، دکتۆرە بەهار ئەتبینم، بەلاّم با نوقتە نیزامیەکان تەواو بێ، ئەوکاتە ئێوەش ڕوون کردنەوەی خۆتان بدەن، فەرموو کاك علی حمە صالح

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەربارى ئەوەی پشتیوانی بەڕێز قسەکانی دکتۆر فرست ئەکەم، بەلاّم پێشنیارم هەیە، ئەو ٣ ماددەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە با ئیستینساخی بکەن و بیخەنە بەر دەستمان، ئەمڕۆ تەسەور

ئەكەم هەموو ئەو پێشنیارانەی هەیە بۆ بەرژەوەندی کەس و کاری شەهیدان بێ، کەواتە لێرە بگەینە نەتیجەیەك کارێکی باشە، بەڵام تکا ئەکەم ئیستیسناخی بکەن، بماندەنێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکی باشە، فەرموو کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی کاك فرست ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئێستا کۆمەڵێك کەیسی زۆر لە دادگاکانە لەسەر ئەو قەزیەیە، و ئەو ٣ ماددەی کە لیژنەی یاسایی زیادیان کردووە زۆر روونە کە ڕێگرە لەوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەمڕۆ گفتوگۆری لەسەر بکرێ، و تەواو بکرێ، و ئەگەر تەئجیل کرا مەرجدار بێ کە لە ڕۆژی یەکشەممە تێنەپەڕێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕابوون

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێز دکتۆرە ڤالآ خوێندیەوە، با نەڵێین لیژنەی یاسایی، ئەگەر وەکو ئەندامانی پەرلەمان، و پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمانیش سەیری بکەین پێویستی بە ئیستینساخ نیە، تەنیا ئەگەر لە ٣ کەس زیاتر پشتگیری بکەن ئەخرێتە دەنگدانەوە، واتە پێویستی بە ئیستینساخ نیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەگەر ئیستینساخ بکرێ بۆ ئێوە باشترە، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ئەوترێ پێشنیاری لیژنەی یاسایی، ئێمە ئەگەر وەکو ئەندام پەرلەمانیش، ئەندامی پەرلەمانین، ٣ کەس لە لیژنەی یاسایی داوای ئەوەمان کردووە وەکو ئەندام پەرلەمانیش بێ حەقی خۆمانە داوای ئیزافە کردنی شتێك یان حەز کردنی شتێك بکەین، سەبارەت بەوەی تەناقوز هەیە لە نێوان بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢، لەگەڵ یاسای ژمارە ١٨ ی ساڵی ٢٠٠٣، ئەمە هیچ تەناقوزێك لە نێوانیان نیە، یەکەم لەبەر ئەوەی یاسایەکی تازە هات کۆنەکە ئیلغا ئەکاتەوە، دووەم، ئەوەی کە لە یاسای ژمارە ١٨ ی ساڵی ٢٠٠٣ هاتووە ناوی موڵکیەی نەهێناوە، ئەگەر ناوی مولکیەی بهێنابایەوە و بیوتبایە ئەوە ناگرێتەوە، ئەوکاتە تەناقوز هەبوو، چونکە تەناقوز لە نێوان ٢ نەصی سەریح ئەبێ، سەبارەت بەوەی لە ڕاپۆرتەکە نیە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕوونی کردەوە کە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان حازر کردبوو، دواتر لە دوێنێوە لە پەیوەندی دا بووین، تا گەیشتینە ئەوەی موعالەجەی بکەین، ئەوەش لە پێناوی ئەوە بوو سورعەتێك

بدەین، ئەمانتوانی بەم شێوەیە تێپەڕێنین دواتر یاسایەك بۆ ئەوەی ئەنسیراتی بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ ئیلغا بکەینەوە، بەلاّم لە پێناوی سورعەت ئەو یاسایەمان لە هۆکارەکانی دەرچوواندن خوێندەوە سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لە پێناوی سورعەت ئەو یاساییەمان شوێن گرتەوە بەو ماددانە، سەبارەت بەوەی کە بەڕێز دکتۆرە ڕێواز خوێندیەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ ڕاسپاردەیەکمان تێدا نەبینی، ئەوەی کە خوێندیەوە، ئەگەر ڕاسپاردەیەك یان ماددەیەك هەیە، با بەڕێزی ئیقتیراحی بکات، ئێمەش ئیزافەی ئەکەین بۆ ئەوە، بۆیە داواکارم ئەم پرۆژە بڕیارە تەئجیل نەکرێ، چونکە تەئجیل کردنی ئەیبات بۆ مانگی ٩، ئەمەش زەرەر ئەدات لەو کەسانەی لە چاوەڕاوانی دەرکردنی ئەم بڕیارەن، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر ڕەزگەیی فەرموو.

**بەڕێز قادر ڕەزگەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو ڕایانە ئەکەم داوای تەئخیر کردن ئەکەن، هەدەف تەنیا دیراسە کردنە، ئەگەرنا ئەوەی لیژنەی قانونی ئیزافەی کردووە لە ڕووی قانونی واریدە، من هاوڕام لەگەڵ دکتۆر بەهار، ئەگەر ئەم بڕیارە پێمان وابێ تەناقوز ئەکات لەگەڵ بڕیارە ژمارە ١٨ ئەو کات ئەمە تاریخەکەی تازە ترە، ئەمە لە ڕووی عورفی قانونیەوە، ئێمەش لەگەڵ پەلە کردنین لەگەڵ هەموار کردنی ئەم بڕیارە، یان لەگەڵ ئەو شێوەی ئیزافە کراوە، پێم وایە نەك هەر ئەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بیکات، بەڵکو پێویستە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات بە مەبەستی دادگایی کردنی هەموو ئەو کۆنە جاشانەی بەشداریان کردووە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر لە بابەتی ئەمڕمان دەرمەچۆ، بەڕێز کاك برزۆ مەجید فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو مەسەلەیە لە ناو هۆڵی پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش پەرلەمانتاران ئاگامان لەیەکە، یەعنی کۆ دەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی موڵك و ماڵ بە هیچ شێوەیەك نابێ بگەڕێتەوە بۆ بەعسیەکان و لای هەمووان ناشیرنە، بۆیە بۆ ئەو مەسەلە دیوە قانونیەکە گرنگە لە دیوە کۆدەنگیەکە، مادام هەمووی کۆدەنگە کە نابێ ماڵەکە بگەڕێتەوە، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، ئەو ماددانەش کە پێشنیار کرا لەلایەن بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ، هی پەرلەمانتار بێ یان لیژنەی یاسایی، ئەو ئیزافەی تریش کە برادەران باسی ئەکەن، هیچی لە دەرەوەی قانون نیە، مادام کۆدەنگی هەیە، مادام ئەو پێشنیازانەش قانونیە، با ئەمڕۆ مەسەلەکە تێپەڕێنرێ و تاخیری نەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمشەو نەخوتووم بەهۆی ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی یاسایی، چونکە هەستم بە ئیشکالەکەی کردووە، بەیانیش هاتم لەگەڵ پەرلەمانتاران قسەمان لێ کرد، دوو جار چوومە لیژنەی یاسایی کەسی لێ نەبوو، پێم سەیرە لیژنەی یاسایی دەست خۆشیان لێ ئەکەم، ماندووترین لیژنەی پەرلەمانن، و بە ئەرکترین لیژنەن، و جوڵاو ترین لیژنەن، پێم سەیرە ئەمەیان بەسەر تێپەڕیوە، ڕاپۆرتەکەیان فیعلەن لە دڵسۆزی و نیەتی ئەوەی بەعسیەکان نەتوانن ببنەوە بە خاوەنی ئەو موڵکانە ئەوەیان کردووە، هەر دێڕی یەکەمی ڕاپۆرتەکەیان تێکەڵ کردنی تاریخی کوردی و زایینی ئەکات، هەست ئەکەی فیعلەن هەموو ئەوانەشی ئەم پرۆژەیان ئیمزا کردووە لە نیەتی ئەوەی بەعسیەکان نەبنەوە بە خاوەنی موڵك، ناوەڕۆکی بڕیارەکەیان نەدیووە، ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە ٧ کە ئێمە جارێکی تر بە کاری ئەخەینەوە، هەڵگری ئیشکالیەتێکی گەورە، و نیزاعێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە، ئێستاش کە لیژنەی یاسایی لە ماددەی یەك دەستی لێ نەداتەوەتەوە، ئەڵێ بەکاربێتەوە، واتە هەرچی مامەڵە بەو موڵکانە کراوە، کەس و کاری شەهید و پێشمەرگە مامەڵەی پێوە کردووە، هەمووی ئیبتاڵ ئەکەیتەوە، بەڕاستی ئەمە ئیشکالە گەورەکەیە کە بوونی هەیە لە بڕیارەکە، و دادگاکان گیریان خواردووە بەدەست ئەم بڕیاری ژمارە ٧ ەوە کە بڕیاری ئیبتاڵی موڵکیەی غێر مەنقولی بەعسیەکان ناکات بەم دەقە، ئیبتاڵی موعامەلە ئەکات، کەواتە کە ئیبتاڵی موعامەلەت کرد، واتە هێشتەوە بۆ خاوەن موڵکە بەعسیەکان کە هێشتان ئیبتاڵ نەبووە، بۆیە ئەو ماددەی یەکە ئەگەر بمێنێتەوە بڕیاری ژمارە ٧ بە کاملی کە یاسا دەرنەچووە، مامەڵەکان ڕێکخراوە و دوایی ٢٣ ساڵ پێوەی کراوە، ئێستا ناتوانین هەڵی وەشێنینەوە، هیوادارم ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ لیژنەی یاسایی، ئەو ٣ ماددەیە کافیە کە ئیزافە کراوە، بەڵام بە نووسراو لەبەردەستمان بێ، ئەتوانین موناقەشەکە بەردەوام بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەنوەر.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە تێکنەگەیشتنێك هەیە کە زۆربەیان لێی حاڵی نەبوونە، بڕیاری ژمارە ٧ لە ١٩٩٢/٨/١١ دەرچووە، ئەڵێ (هەموو ئەو موعامەلاتی کڕین و فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوەی لێپرسراوانی ڕژێمی عێراق، ئەوانەی لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکە، و لەدوای ئەویش چوونتەوە پاڵ ڕژێم هەڵدەوەشێتەوە، هەتا کاتی دانانی یاسایەك کە چۆنیەتی دەستکاری کردنی ئەو موڵك و ماڵە دەستنیشان دەکرێ)، ئەمەوێ ئەوە بڵێم

سەرەتا لە بڕیاری ژمارە ٥٥ ی ٢٠٠٤ ئەوە ئیلغا ئەکاتەوە، بەڵام ئەبێ بڕیارێك هەبێ کە ئەوەی پێشوو ئەوەی ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵبوەشێنێتەوە، ئینجا ئەڵێ بەپێی یاساییەك بێ دەستکاری بکرێ، یەعنی یاسایەك چارەسەری ئەم حاڵەتە بکات، ئەگەر بڕیارێك هەڵئەوەشێنینەوە چۆن بە پێی یاسا، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو بۆچی یاسا دەرنەکراوە ئەوکاتی لە ٢٠٠٤ ئەمە ئیلغا کراوەتەوە، حاڵەتێکی تر هەیە کە باس لە هەڵوەشاندنەوەی تاپۆ ئەکرێ، لەگەڵ ئەوەم بەعسیەکان نەك هەر کڕین و فرۆشتن بە موڵك و ماڵ نەکەن، زەوی و زار مەبەستم، بەڵکو بە پێی قانونێك لە پەرلەمانی کوردستان ئەوانە خاوەنی هیچ زەوی و زارێك و هیچ موڵکێکیش نەبن لە کوردستان، بەڵام ئەوە چۆن ئەکرێ؟ یان ئەبی پەرلەمان بڕیارێك دەربکات، یان ئەبێ بە پێی قانونی تەسجیلی عەقاری، کە لەوێ قانونێك هەیە ئەڵێ (هەر زەویەك یان ئەموال غێر مەنقولە کە تاپۆ کرا، پێش ئەوەی کە لە بەڕێوەربەرایەتی تۆمار کردن و خانووبەرە تۆمار ئەکرێ، لە دوای ئەوە لیژنەی تەدقیق هەیە لە وەزارەتی عەدل، لیژنەی تەدقیق دوو حاڵەتی هەیە، ئەڵێ ئەگەر تاپۆیەکە لەلای لیژنەی تەدقیق پەسند کرا، تەنیا دادگا ئەتوانێ بڕیاری تاپۆکان هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی لیژنەی تەدقیق پەسندی بکات، ئەڵێ وەزیری عەدل ئەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە، یان ئەبێ پشت بەو حاڵەتە ببەسترێ، یان ئەبێ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات بۆ ئەوەی بەعسیەکان بە هیچ شێوەیەك خاوەنی زەوی و زار نەبن لە کوردستان، و بۆشیان نەبێ کڕین و فرۆشتن بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی شتێك باس ئەکەم، ناکرێ بە ناوی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ یاسا پەلە پەل بکرێ کە ئێمە بەشێك لەوانەی ئێستا هەمواری ئەکەین هەر پەیوەندی بەوە هەیە کاتی خۆی باش دیراسە ناکراوە، ئێستا ئیشکالیەتی دروست کردووە، ڕاستی پشتیوانی ڕەئی کاك سۆران ئەکەم، بەگەڕخستنەوەی بڕیاری ژمارە ٧ نازانم هۆیەکەی چیە؟ مادام ئیزافە هەیە، بەگەڕخستنەوەی ئەو بڕیارە زۆر زیادەیە، ئیشکالیەتیش جارێکی تر بۆ ئەم پڕۆژە یاسا نوێیە دروست ئەکات، حاڵەتێکی تریش هەیە کە باس نەکراوە، لە کاتێکدا ئەم یاسا نوێیە دەرچوو، ئەو هاوولاتیانەی کە پێشتر بە یاسای ژمارە ٥٥ موڵك و ماڵەکانیان لێ وەرگیراوەتەوە، ئەوانەش لەوانەیە بێنەوە و داوای حەقی خۆیان بکەن، کە یاسایەك هەبووە پێشتر موڵك و ماڵی بەعسیەکان چوون لێیان وەرگرتوونەتەوە، سەیری ڕەجعی ئەم قانونە چیە؟ یەعنی ئەبوایە لە هەموار کردنەوە، یان لە ئامادە کردنی ئەم یاسایە ڕەچاوی ئەمە کرایە کە ئەو هاوولاتیانەی کە ماڵی شەهیدن، چۆتە خانوێك، بە یاسا لێیان وەرگیراوەتەوە، چ حەڵێك هەیە بۆ ئەوانە؟ لەبەر ئەوەی ئەکرێ بە وردی بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی ئیشکالیەتێکی قانونی نەبین، یەعنی شتێك تێئەپەڕێ بە ناوی دڵسۆزی و خەمخۆر، ئەوە بەدەرە لە موزایەدە، وەکو ئەوەی کاك برزۆ باسی کرد، ئێمە هەموومان کۆکین لەسەر ئەو

مەسـەلەیە، تەسـەوڕ ناکـەم کەسـێك هـەبێ لـە کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەبێ بەعـسیەك بـێ خـانووی مـاڵی شـەهیدێك، یـان پێـشمەرگەیەك وەرگرێتـەوە، مـادام هـەموو کۆکین، بـا ئەوەنـدە ورد بـێ تـا خـولێکی تـر نەیەنەوە تەعدیلی ئەم یاسایە بکەین، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەگەر ئەمڕۆش بکرێ، بـە ڕوونـی بـاس بکـرێ، ئەوەی ساڵی ٩٢ لەبەر ئەوەی حکومەتی بەعس ماوە، بڕیاری ژمارە ٧ زۆر ڕوون نیە......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکی دروستە.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

پێشنیارەکانی ئەوانیش بەڕاستی ڕوون نیە، ئەکرێ ڕوون بێ، یەعنی ئاماژە بکـەی کـە ئێمـە چـیمان ئـەوێ، کێ ئـەپارێزین، کـام موڵـك ئـەپارێزین، ئـەوەی کـە باسـی کـرد پێـشنیارەکان زۆر مـەتاتین، هەنـدێ زاراوەی تێدایە کە زۆر زۆر مەتاتین، تکا ئەکەم ڕوون بێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو بڕگەیـە دوو تەفـسیر هەڵئـەگرێ، بـە برادەرانیـشم وت، هەڵوەشـاندنەوەی موعامـەلاتی ئـەو موڵـك و ماڵانەی یەعنی کاتێ بەعسیەکان چوون ئەوانەیان کردووە بە نـاوی خۆیـان، یـان ئـەو موعامەلاتانـەی دوای ئەوان خەڵکی چووە ئەو موڵك و ماڵانەی فرۆشتووە، ئەوە دوو تەفسیر هەڵئەگرێ، دووەم، ئەو ٥٥ و هـەموو ئەوانەی بەدوایان دێت، زۆر کـۆڵان و لقـی لـێ ئەبێتـەوە، پەرلـەمان ئـەتوانێ خـۆی یاسـایەکی تـر دەربکـات، ئەمانەش ئیستیفادە لێ بکات، بەڵام هەر خۆی شتێکی تازە دەربکات، سێ، من بەهیچ جۆر لەگـەڵ هاوکـاری بەعسیەکان نیم، بەڵام ئەگەر ئێمە وورد نەبین ڕەنگە هەندێ شت دروست بێ، ئێمە مەبەستمان ئەو موڵك و ماڵانەیە کە لەسەر نیشتیمان فرۆشی و بە ئیستیغلالی ئەو ڕۆژگارانەی کە داگیرکەر لـە کوردسـتان بـووە، ئەگەرنا ڕەنگە کابرایەکی بەعسی هەبێ موڵك و ماڵی باب و باپیرەی بێ، تۆ بچی لێـی بـستێنی ڕەنگـە ئـەوە جۆرێك بێ لە هین، ئەوەی کە بە داگیر کردن و بە ئیستیغلال و بە زوڵم پەیدای کردووە، ئـەبێ وردە کـاری بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەحمود.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەمووومان موتەفیقین لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام بە دیوێکی تر ئەکرێ ئەوە بڵێین بەشێك لەوانـە کە موڵکی گشتن لە دوای ٩١ تا ئێستا واتە بەشێکی هەرە زۆری زەوی و زار و موڵکی گەورە، گەورە بەدەستی

مەسئولینی پلە باڵای ئەم نیشتیمانەوەیە، حەق وایە حیسابێك بۆ ئەوە بکات ئەو موڵکو ماڵانەش بگەڕێنێتەوە بۆ موڵکی گشتی، دوایی قەراری لەسەر بدەین، کۆمەڵێك خەڵك هەن مەسئولن، هەر لە ٩١ەوە موستەفید بوون لە خانوو و موڵك و ماڵی بەعسیەکان، لەگەڵ ئەوەش زەویشیان وەرگرتووە، ئەبێ لە یەك سەرچاوە موستەفید بێ، هەم زەوی وەرگرێ،..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاك محمود، ڕاستی من ئاگادار نەبووم، فەرموو کاك ابو بکر

**بەڕێز ابو بکر عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ٣ ماددەی کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی کرد، ڕەفعی ئەو ئیشکالە ئەکات کە ئێستا تەخەوفەکە لەسەر ئەوەیە کە بەعسیەکان داوای موڵك و ماڵەکانیان بکەنەوە، و بڕیارەکەی پێشوو کە لە ساڵی ٩٢ دەرچووە تاکو ساڵی ٢٠٠٤ هیچ بەعسیەك لە کوردستان داوای ئەو موڵك و ماڵانەی نەکردووە، بە پێچەوانەوە دوای بڕیاری ژمارە ٥٥ ئەم داوایە لە مەحکەمەکان دروست بووە، خاڵی دووەم، ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ تەئجیلی بکەین، لەم ٣ پێشنیارە پێم وایە باشتر ناهێنین، کە ئێستا لە مەحکەمەکان حاجەیەکی ملیح هەیە بۆ ئەم جۆرە داوایە، شتێکی تر هەیە لە ڕووی یاساییەوە، پەرلەمانی کوردستان ئەتوانێ لە بڕیارەکە هاتووە ئەتوانێ یاساییەك دەر بکات بۆ ئەم بابەتە، یاساییەکی چڕو پڕ، بەڵام دەرکردنی ئەوە مادام قوەتی تەشریعی هەیە لە ڕووی قانونییەوە، پێم وایە پێویست بە تەئجیل کردن ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەم هەیە، یەکەم، بە بۆچوونی من حەقە دەستەی بەڕێزی سەرۆکایەتی پەرلەمان وردتر بن لە گوێ گرتن لە ئەندامانی پەرلەمان کە ئیستیغلالی ئەوە نەکەن مەوزوعێك ڕاکێشن بۆ مەوزێعێکی تر، لەبەر ئەوەی پەخش ڕاستوخۆیە و بۆ ئەوەی خەڵك پێیان بڵێ کوڕی چاکە، دووەم، ئەچمەوە سەر ماددەی ٥٤، یەکەم بڕگەی پێنجەم لە پەیڕەوی ناوخۆ، پێم وایە خەریکە ورده ورده لێمان تێکئەچێ ئایا دەستمان کردووە بە موناقەشە کردن؟ چونکە ئەگەر سەرنج درابێ زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، زۆربەی ڕەئی بوو، جا بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم حەسمی بکەن، ئەگەر قەرارێکە نوقتەی نیزامی بەردەوام بێ، ئەگەرنا دەست پێبکەین؟ یان چی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی داواکارییەك هەیە بۆ تەئجیلی بابەتەکە و، داواکارییەکیش هەیە بۆ بەردەوام بوون لە سەری، دەمانەوێت سورەگە وازح بێ لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان و، ئەندامانی پەرلەمان دوایی دەنگدانی لە سەر بکەن، دوا موداخەلە، د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای کاك ئاری دەکەم، یەعنی زۆربەی زۆری را بوو، بۆیە داوا لە جەنابت دەکەم ئەگەر دەرفەت هەیە لەبەرئەوەی من دوو رۆژی رێکە بەدواداچوونی وردم بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە و، زانیاری زۆر وردم لەلایە، ئەگەر جەنابت دەرفەتم پێ بدەی لە ماوەی چوار تا پێنج دەقیقە، هەموو ئەو زانیاریانە دەخەمە بەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەرچاویان رۆشن بێ و، ئەوەی کە د. ڤالا خوێندیەوە، ئەو (٣) خاڵە، کێشەی مانەوەی قەراری رەقەم (٧) نامینێ موتلەقەن، ئەوەی کە کاك سۆران باسی کرد، ئەو مەترسییە نامینێ بڵێی قەراری رەقەم (٧) دەمێنێ، چونکە کە خوێندیەوە یەعنی قەراری رەقەم (٧) نامێنێ، ئێمە عیلاجی قەراری رەقەم (٧)مان کردووە، بۆیە ئەگەر جەنابت دەرفەتم پێ بدەی لە ماوەی چوار تا پێنج دەقیقە ئەوەی کە لە لامە لە سەر کۆی مەوزوعەکە روونی دەکەینەوە، ئەگەر نا من پێشتر ناوی خۆم تۆمار کردبوو کە خستانە موناقەشە،من موناقەشەی خۆم دەکەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا دەکەین، ئێستا با لیژنەی یاسایی برگە بە برگە، ئەو مادانەی کە پێشنیاریان کردووە، بیخوێننەوە و، روونکردنەوەی لە سەر بدەن، مەبەستیان لەو مادده پێشنیارکراوانە چییە و، دوایی ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەناعەتیان نەکرد، بە دەنگدان یەك لایی دەکەینەوە، کە ئایا بەردەوام بین لە سەر موناقەشەکردن یان تەئجیلی بکەین؟ فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق. بەڕێزتان دەیدەنە دەنگدان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا، ئێستا ئەو سێ ماددەیەی پێشنیارتان کردبوو، ئێوە وەکو ئەندامی پەرلەمان، ئەو سێ ماددەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکەوە، تەبیعاتی قانونی ئەو سێ ماددەیە چییە؟

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم: ماددەی یەکەم: بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەخوێنینەوە، مەفهووم دەبێ زیاتر، بە زمانە کوردییەکەی، ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢، دەیانگرێتەوە، ئەوە خاوەنی پێشووی موڵکەکان ناتوانن داوا لە لایەنەکانی حکومەتی هەرێم بکەن بۆ گەڕانەوەی عەقارەکەیان یان بەهاکەی یان قەرەبووکردنەوەی بە نەقدی یان عەینی، بە زمانی عەرەبی واتە لێرە بە موسادەرە دێت، موسادەرە دەکرێ و خاوەنەکانی ناتوانن داوای بکەنەوە،

تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم (٧) لسنة (١٩٩٢) الذي منحته الجهات الأدارية أو المحلية في الاقليم لغيره املاكا مصادرة ولا يحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم بأستعادة العقار أو قيمته أو أجر مثله أو تعويضه نقداً أو عيناً.

ئەوەیان پێشنیاری یەکەم بوو کە هەر کەسێك بەپێی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢، دەرچووە ئەو بڕیارەی کە مامەڵەکردنی بە زەوی و زار واتە موڵکە نەگوێزراوەکانی بەعسییەکان راگرتووە، دواجار ئەو موڵك و ماڵە دابەشکراوە بە سەر کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگەکان ئەو موڵك و ماڵە بە موسادر دادەنرێتن و، کە تەوزیع کراوە بە سەر بنەماڵەی شەهیدان لەگەڵ پێشمەرگەکان بە هیچ شێوەیەك خاوەنی ئەسڵەکەی کە بەعسییەکانە بۆی نییە جارێکی تر لە دەرگای جیهاتی حکومی بدات بە هەر سێ سوڵتەکەی قەزائی و هەروەها تەشریعی و هەروەها حکومی لە دەرگای حکومەت بدات داوای ئەو ماڵ و موڵکە بکات، ماددەی دووەم کە ئیزافەمان کردووە: خاوەنی پێشووی موڵکە نەگوێزراوەکان کە بڕیارەکەی سەرەوە دەیانگرێتەوە ناتوانن داوا لەوانەش بکەن کە بوونەتە خاوەنی موڵکەکان بۆ گەڕانەوەی عەقارەکەی یان بەهاکەی یان قەربووکردنەوەی، بەزمانی عەرەبی،

لا يحق للمشمولين بأحكام الفقرة: أولاً من هذا القرار مطالبة من الات له ملكية العقار بإعادة العقار العائد له أو قيمته أو أجر مثله أو ايى تعويض ناتج عنه، (خ) لە ماددەی یەکەم ناتوانێ داوا لە جیهاتی حکومی بکاتن ئەو ماڵ و موڵکەی بۆ بگێڕێتەوە لە ماددەی دووەم کە پێشنیار کراوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ موباشەرەتەن لە کەسەکەش داوا بکات کە موڵکەکەی بۆ بگێڕێتەوە یان قیمەتەکەی بداتێ یانیش تەعویزی بکاتەوە، ماددەی سێیەم: حوکمەکانی ئەو بڕیارە لە سەر هەموو ئەو داوایانەش جێبەجێ دەبێ کە ئێستا لەبەر دەمی داداگا یان لایەنی کارگێریدایە، لێرانە دەتوانرێتن ئەگەر لە رووی یاساییەوە کێشە دروست نەکات ئەسەرێکی رەجعیش بدەین بە بڕیارەکە بۆ ئەوەی هەر ماڵ و موڵکێك کە دراوەتەوە بە بەعسییەکان بتوانن خاوەنەکەی داوای بکاتەوە، بە زمانی عەرەبی ماددەی سێ، (تسرى أحكام هذا القانون على كافة القضايا المعروضه أمام القضاء أو الجهات الأدارية) وەکو ئەوەی کە ئیزافەم کرد، بە عەرەبییەکەی دەتوانین بڵێین (وكذلك المكتسبة قراراتها درجة البتات) ئەوەشی کە دەرەجەی بەتاتی وەرگرتووە،

ماددەكانی تر وەكو خۆی نە (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون وينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەم بابەتە تەئجیل بێ؟ فەرموو كاك سالار نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داواتان لێ دەكەم نەخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ئەگەر قسە لە سەر پەیڕەوی ناوەخۆیە و، ئیلتزام كردنە بە پەیڕەوی ناوخۆوە، دەبوو وەكو سابیقەی هەیە راپۆرتەكان پێش (٤٨) سەعات لەبەر دەستی پەرلەمانتار دابن، راپۆرتی بڕگەی پێشووتر لەبەر دەستدا نەبوو، ئەم بڕگەیە، ئینجا عەرزی جەنابتان بكەم، جەنابتان بەر لە هەموو كەسێك دەبێ زیاتر پارێزەری پەیڕەوی ناوخۆ بن، ئێمە لە رووی مەوزووعیەوە لە رووی بابەتیەوە، ئەوەی بەڕێز د. ڤالا ئیشكالەكەی بۆمان چارەسەر كرد هیچ خیلافێكمان نییە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پەیڕەوكردنی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە ئیشكالمان لەوە هەیە، چونكە ئەمە سابیقەیەكی باشی نابێ بۆ ئیجتیهادات لە بەرنامەی كار لە ئاینده بۆ زۆر پرسی تر، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەم مەسەلەیە چارەسەر بكرێ، بەڵام لە رووی پەیڕەودا لە راستیدا لە راپۆرتەكە وەكو خۆی لەبەر دەست نەبێ جێگەی ئیشكالە لە رووی قانونیەوە و، حەقە لیژنەی قانونی ئەم وەڵامەمان بدەنەوە، بۆچی لە سەرەتادا لە خودی راپۆرتەكەدا ئەم مەتروحانە نەبوو، ئێستا كە داخلیان كردووە و، درەنگ بیریان كردەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سالار راپۆرتەكە پێش (٤٨) سەعات لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان بووە، بەڵام ئەوەی كە ئیزافە كرا، رای ئەندامانی لیژنەی یاسایی بووە وەكو ئەندامی پەرلەمان، دوای ئەوە بەدواداچوونیان كردووە هەندێك ئیشكالی تریان دۆزیوەتەوە، وەكو ئێوەش ئەندامانی تری پەرلەمانی كوردستان كە دوایی موتابەعەتان كردووە ئیشكالتان تێدا دۆزیوەتەوە و، هەوڵی چارەسەركردنیتان داوە، ئەوانیش بە دوایدا گەڕاون و، ئێستا وەكو ئەندامی پەرلەمان، سێ ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پێشنیار بكات، بۆیە ئێستا وەكو ئەندامی پەرلەمان پێشنیاریان كردووە، هیچ كێشەیەك لەمەدا نییە، بەڵام سەرە رای ئەوەش سێ داواكاری هەبوو بۆ دواخستنی ئەم بابەتە دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە، فەرموو د. ڕێواز،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە رووی قانونیەوە من نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی كە ئیزافەكردنی ئەم فەقەرانە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆیە نەگەیشتوومەتە قەناعەت، بەڵام لەبەر دۆخەكە و، لەبەر بەرژەوەندی كەس و كاری

شەهیدان و لەبەر بەرژەوەندی ئەو پێشمەرگە ئازیزانەی کە ئەو خانووانەیان لە سەر تاپۆ کراوە و، لەبەر ئەو کۆ دەنگییەی کە لەناو پەرلەمانتارانی کوردستاندا هەیە، سەبارەت بەوەی کە ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە من لە پشتیوانی کردنی کاك مەردان پەشیمان دەبمەوە، داوای لێبووردنیشی لێ دەکەم قسەکەی قانونیە، بەڵام ئەو روونکردنەوانەی کە وتم وام لێ دەکا کە بڵێم تەئجیل کردن مەخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە یەکێك لەوانە کە پشتگیری تەئجیلی کردنت کرد، کشایەوە، ئێستا دوو پەرلەمانتار مایەوە، بەڵام د. رێواز ئایا ئەم بەرێزانەی لێرە دانیشتوون ئەندامی پەرلەمانی کوردستان نین، حەقی مەشرووعی خۆیان نییە کە رەئی خۆیانیان هەبێ، بە ناوی پەرلەمانتارەوە و، ئیمزاشیان کردووە، ئەو پێشنیارانەی ئیمزایان لە سەر کردووە، و هێنایان بۆ ئێمە، بە ئیمزای سێ پەرلەمانتار، کە بریتیە لە بەرێز ( د. ڤالا، د. بەهار، کاك ڤەمان) ئەوان ئیمزایان لە سەر کردووە، و هێناویانە، بۆیە دەخرێتە وتو وێژەوە، کەواتە ئێستا دەرگای وتو وێژ دەکەینەوە، فەرموو کاك سۆران نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی نەخراوەتە دەنگدان و قەبوڵمان کردبێ تا لێی پەشیمان بووینەوە، قابیلی موناقەشەیە و، تەعدیلمان تێدا کردووە و قەبول دەکەین،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرگای وتووێژ دەکەینەوە چوار ئەندام پەرلەمان پێشتر ناویان نووسیوە، ئەوان لە پێشدا قسە دەکەن، بەڵام با ئەندامانی تری پەرلەمان ناوی خۆیان بنووسن،

**بەرێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەلەلێکی فەنی بچووك ناوی کاك ڤەمان لە سەرنییە، تەنها ئیمزایەکەیتی،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان ئیمزات لە سەر کردووە.

**بەرێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەس ناوی تێدا نییە،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وتووێژ لە سەر ماددەی یەکی بڕیارەکە دەکەین، خۆی بە پێی پەیڕەو ماددە بە ماددە دەبێ موناقەشە بکەین، نا، نا، پەیڕەو پێشێل ناکرێ،

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەرتی ئەلیف ئەم بەڕێزانە (خلف احمد، ڕێواز فائق، زانا عبدالرحمن، فەرهاد حەمە صالح، گەشە دارا، صالح فقێ) کەرتی دووەم با دەست بەرزکەنەوە کە دەیانەوێ قسە بکەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سەرمان لێ تێکچووە، وامان زانی لە سەر کۆی پڕۆژە یاساکە قسە دەکەین، بۆیە ئەگەر ئەم جارە دەست بکەن بە ناو نووسین، چونکە ئێمە لە سەر ماددەی یەکەم قسەمان نییە بەڕاستی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەگەر هەر کەسێك کە ناوم خوێندەوە و قسەی نەبوو لە سەر ماددەی یەك، بڵێ قسە ناکەم،

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەرتی دوو ( ڤەمان فیصل) کەرتی سێ (عادل عزیز، ابوبکر عمر، شێرکۆ حەمە امین، شێرکۆ جودت، ئێڤار ابراهیم، ایوب عبدالله، علی حەمە صالح)کەرتی چوار ( باپیر کامەلا، کمال یەڵدا)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەو ناوانەی کە دەنووسرێ تەنها بۆ ماددەی یەکە یان بۆ سەرجەم ماددەکانە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بۆ ماددەی یەکە، فەرموو ئێڤار خان

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی من بسڕنەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە ناومان خوێندیەوە بڵێ قسەم نییە، ئێستا دەست دەکەین بە وتووێژ، فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم ئەگەر بێتو ئێمە ئەم سێ ماددەیە ئیزافە بکەین، ماددەی یەك کە دەیهێڵێنەوە راگرتنی کارکردنە بە بڕیاری ژمارە (٥٥) هیوادارم ئەمە لای پەرلەمانتاران روون بێ، بڕیاری (٥٥) کە رای دەگری ئیلغای ماددەی (٧) کە کردوویەتیەوە جارێکی تر تەفعیلی دەکاتەوە، ئێمە کێشەکەمان لە سەر ماددەی (٧)ە چونکە ماددەی (٧) تەنها ئیبتاڵی بەیع و شیرائی ئەموالەکانە، ئەمە ئەگەر بێتو بەگەڕ بخرێتەوە، جارێکی تر ماددەی (٧) کاری پێ بکرێتەوە، ئەوە دەبێ سەرەڕای قەدەغەکردنی ئەو موڵك و ماڵانە لە خاوەنە بەعسییەکانیان هەموو مەعامەلەکانیش کە پێوەی کراوە هەڵبوەشێنرێتەوە تا یاسایەك دەردەچێ دەڵێ ئەو موڵك و ماڵە چۆن تەسەڕوفی پێ دەکرێ؟ چونکە ئەو موڵك و ماڵە تەنها بە خانەوادەی شەهیدان یان بە پێشمەرگە نەدراوە، ئەو موڵك و ماڵە کە هی سەرانی بەعسە لە ماڵی عزت دوری و موحافیزی کۆن و پیاوە بەعسییە پلە دارە گەورەکانەوەو شوێنی ئەموالی گەورەی بەعسییەوە هەیە، بەشێکی حیزب کڕیویەتی بەشێکی بەرپرس کڕیویەتیەوە لە حیزب لە حکومەت بەشێکی هەر داگیرکراوە بەرپرسێك کردوویەتی بەناوی خۆی دوایی بەیع و شیرای پێوە کراوە، و ئێمە ئێستا نابێ لە تەعاتوفی ئەوەی ئەم بڕیارە بۆ ئەوەی بەعسییەکان نەبنەوە بە خاوەنی کارێك بکەین کە ئەو بەیع و شیرایانەش هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر مەبدەئیەن ئەمانەوێ ئەو بەیع و شیرایانە هەڵبوەشێنینەوە کارەساتێکی گەورە دەخولقێنین ئەویش بە چی؟ بەوەی بڕیاری (٥٥) جارێکی تر رادەگرین بڕیاری ژمارە (٧) تەفعیل دەکەین، ئەمە تەناقوزە بەڕێزان، هیوادارم لیژنەی یاسایی پێمان بڵێ ئێمە بەیع و شیرا هەڵدەوەشێنینەوە، یان موڵکیەتی ئەموالی غەیر مەنقولەی بەعسییەکان، بۆیە سێ ماددەکە کافیە ماددەی یەك و دوو من لەگەڵی نیم و، ئەمانخاتەوە سەر هەمان ئیشکالیەت و ئیزدیواجیەتی ئەوەی کە لە بڕیاری (٧) نەجاتمان نابێ، تۆ دێی لێرە دەڵێی هەر کەس بڕیاری (٧) بیگرێتەوە ئەوانەی خاوەن ئەموالی غەیر مەنقولەکەن، ئەی ئەوانەی کە بەیع و شیرایان پێکردووە، ئێستا یەکێك لە مەحکەمەدایە خانووەکەی کە بەعسییەك داوای دەکاتەوە، حەوت دەستی کردووە بڕیاری ژمارە (٧) کاری پێبکرێتەوە بۆ وەستاندنی بڕیاری ژمارە (٥٥)، ئەوە بەیع و شیراکانی ئەویش هەڵدەوەشێتەوەو بۆی هەیە لەوێ، نوقتە زوعفی بڕیارەکە بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

«فەرموو د. عزت»

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستا هیچ موڵکێك لە کوردستاندا نییە بەعسییەك ئێستا بە فیعلی خاوەنی بێ، لە ٢٠٠٤ەوە ئەوەی کە وەریگرتۆتەوە بە پارە فرۆشتیتیەوە و وڵاتی بەجێهێشتووە، وەڵڵا یەك مولاحەزەم

هەیە، بڕیاری ١٩٩٢، نیو لاپەڕەیە بڕیاری ٢٠٠٤، نیو لاپەڕەیە، بەداخەوە ئەوەی ئێستاش کراوە، نیو لاپەڕەیە، ئەمە زیاتر دەبێ و خاڵی زیاتری بۆ دابنرێ، بڕگەی زیاتری بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج،

**بەڕێز د. سراج احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاک سۆران باسی کرد فیعلەن وایە، پێشنیارەکەم هەیە ئێستا من، ئەوەی ئەو باسی دەکاتن ئێستا چەندین دەستی کردووە، بۆ ئەو مەوزوعەی پێشنیارێك دەکەم، پێشنیار دەکەم ئەو سێ خاڵە ئیزافە بکرێتە سەر بڕیاری ژمارە (٧) وەکو حەلێکی ئانی، حەلێکی موئەقەت و، پاشان داوا بکرێتن لە لیژنەی یاسایی ئامادە باشی بکەن، لە بۆ یاسایەکی گرنگ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی دەرفەتت دەدەم پێشنیارەکانی خۆت بکەی د. سراج، فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك بەڵێنت پێدام ئێستا کاتی ئەوەیە روونکردنەوەیەکی گشتی پێشکەش بکەم، بەس ئەگەر دەرفەت بدەی پێش روونکردنەوە سێ نوقتە نیزامی لەلام کەڵەکە بووە ئێستا پێشکەشیان دەکەم، هەر چەندە وەختی نییە، یەکەمیان زۆر جار بەپێی ماددەی (٥٦)و موخاتەبە تەنها بۆ سەرۆکی پەرلەمانە، لە پەرلەمان ئەوە رەچاو ناکرێ، ئەمە یەك؛ دوو: یەعنی ئەم سێ ئەندامی پەرلەمانە نازانم لە کوێ هاتووە، پەیڕەوی ناوخۆ، یاسای پەرلەمان هەمووم سەراوگێڕ کردووە شتێك نییە بەناوی سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیار بکەن و بڵێین ئەمە پەیڕەوە، ئەمە عورفە، بەڵام نەڵێین پەیڕەوە، چونکە پەیڕەو شتێکی وای باس نەکردووە، ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ چۆن پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، دەبێ وەڵامی پرسیارەکانیش کە لە حکومەت دێتەوە بخوێندرێتەوە، ئینجا دێمە سەر بابەتەکە، ئەوەی کە ئێستا دەیخەمە روو لە ئەنجامی بەدواداچوون لەگەڵ وەزیری پێشووی عەدل وەهەروەها بەڕێوەبەری گشتی تەسجیل عەقاری هەرێمی کوردستان و چەند دادوەرێکی بەڕێز و چەند هاووڵاتیەکیش کە ئەو کێشەیان هەبوو لە کۆی کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانە ئەو تەعلیمات و ئەو قەراراتانەش کە لە پەرلەمان و لە حکومەتیش دەرچوون پەیوەست بەمە، گەیشتمە ئەوەی کە ئێستا عەرزی جەنابتانی دەکەم، کاتێك کە لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری ژماه (٧) دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان ئەم بڕیارە چەند قەیدێکی دانا ئەویش ئەوەبوون یەك: ئەو کەسانەی کە پیاوی رژێم بوون دەبوایە لە کوردستان لە دوای ١٩٩١ ەوە نەمێنن، و هەروەها ئەوانەی پیاوی رژێم بوون، بەڵام کاتێك کە ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، چووە حکومەت، حکومەت تووشی ئیشکالێك بوو، ئەویش ئەوە بوو کێ بڕیار بدات کە ئەمانە پیاوی رژێمن؟ ئایا

لیستێك هەیە؟ یان چۆن بزانن کە ئەمانە زەوی و زار و موڵکی نەگوێزراوە، یەعنی عەقاری پیاوانی رژێمن، ئەمە ئیشکالێکی گەورەی دروست کرد، ئەوە بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٢، بڕیارێك دەرچوو، لە هەر شارێکی هەرێمی کوردستان هەولێر، دهۆك، سلێمانی لیژنەی ئەمنی دروستکرا بەسەرۆکایەتی موحافزی ئەو شارە، بۆ ئەوەی کاتێك کە موڵکێك دەگوترێ ئەمە هی پیاوانی رژێمە و، ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەماوە، چۆتە باوەشی رژێم، دەبێ ئەو لیژنە ئەمنیە بڕیاری لە سەر بدات، بەڵام دەبێ دانی پێ دابنێن، بەداخەوە ئەو کات ئەو مەسەلەیە وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، زۆربەی ئەو موڵکانەی پیاوانی رژێمی ئەوکات کرین و فرۆشتنیان پێکرا و، هەرزان فرۆش کران، و زۆریشیان کە ئێستا ئیشکالەکانی پاش ٢٠٠٤، ئەو کومپیاڵە تەزویرانەیە کە هاتنە مەحاکمەکان و، ئێستاش زۆر لەوانە لە بەردەم مەحاکمەکاندان، سەبەبی دەرکردنی قەراری ژمارە (٥٥) ساڵی ٢٠٠٤، ئەوە بوو، کە گوایە دیارە ئەم مەلەفە مەسەلەی موڵك و ماڵی کەسەکانی سەر بە رژێم بوونە کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە ئەم بڕیارە دەرچوو، بەڵام لە راستیدا ئەم مەسەلەیە کەی سەری هەڵدایەوە، ئەو کاتەی کە لە شاری سلێمانی بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سلێمانی بڕیاری دەرکرد بەوەی کە کۆمەڵێك موڵك ئیبتاڵی سەنەدەکانی کردەوە کە ئەوانە هی پیاوانی رژێمن و، بە سەر خەڵکیشی دابەشکرد و، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی ئەمنیش بەبێ ئەوەی جیهەتێك بڵێ ئەمانە پیاوی رژێمن، ئەوە بوو ئەو کەسەی کە موڵکەکانی لێ وەرگیرایەوە چووە بەردەم مەحکەمەی بەدائەی سلێمانی و، لەوێ تەعنی لەم قەرارەدا لەوەی کە شارەوانی سلێمانی دەرکردبوو ئەو کاتی هاتە مەحکەمەی تەمیز و، مەحکەمەی تەمیز لە صالحی ئەو کەسەی کە گوایە پیاوی رژێمە قەرارەکەی دەرکرد و، موڵکەکانی بۆ گەڕاندەوە، ئا لەوێ کێشەکە دەستی پێکرد، ئێستا دوو کێشەمان هەیە یەکێکیان ئەوانەن کە پێیان دەوترێ ئەوانەی کە لە دەست حکومەتدان کە بەداخەوە دەتوانم بڵێم هەر نەماون، ئەوانەی تر کە (١٠) دەستی کردووە، (٥) دەستی کردووە، ئینتیقال بووە بۆ کەس و کاری شەهیدان، بە خەڵکی ئاسایی فرۆشراوە، کراوە بەم شێوەیە، ئێستا ئێمە لە سەروبەندی ئەوە داین وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە، چۆن حەلی ئەو موشکیلەیە بکەین کە هاتۆتە رێمان؟ وەکو باسیشم کرد من ئەو هاووڵاتیانەی کە قەزیەیان هەبوو بەرامبەر مەحکەمە، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا بەعسییەکان بەهۆی ئەو دۆخە نوێیەی هاتۆتە پێش گەڕاونەتەوە دەڵێن ئەمە تەزویرە بە کۆمپیاڵەی تەزویر کراوە، ئێستا لە مەحکەمەی هەولێر زیاتر لە (١٠) قەزیە هەیە لەم بابەتە، یەك قەزیە کە هاووڵاتیەك دوێنێ من قسەم لەگەڵی کرد، زیاتر لە دەفتەرەك و نیو دۆلاری سەرفکردووە و، دوو ساڵیشە موڵکەکەی حیجزی لە سەر دانراوە لە سەر لەبەرئەوەی بەعسییەکە دەعوای لە سەر تەسجیل کردووە، ئەوەش کێشەیەکی بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە، لە کاتێکدا ئەو هاووڵاتییە کڕیویەتی بە (٨٠٠٠٠) هەزار دیناری سویسری ئەوکاتی ئەو موڵکەی کڕیوە، بۆیە ئێستا ئێمە چۆن حەلی موشکیلەکە بکەین، تەواو پشتگیری ئەو سێ خاڵە دەکەم، تەبعەن ئێمە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ بەوە بڵێین دەگەڕێینەوە بۆ قەراری رەقەم (٧)ی ساڵی ١٩٩٢، ئەوە کۆتایی پێ هات، ئێمە بەپێی قەراری رەقەم (٧) کە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە دەبێ ئەمە بە یاسایەك

تەنزیم کرابایە، بەڵام کە یاسا دەرنەچوو ئەو دۆخە نەخوازراوەی هەرێمی کوردستانی بەسەر داهات ئێستا دەتوانین بەوەی کە ئەم دەرگایە دابخەین، یەعنی جارێکی تر ئەم دەرگایە لە هەرێمی کوردستان نەکرێتەوە، ئەم سێ خاڵە، یەك: ئەگەر لە دەستی حکومەتدا تەواو مالیکی ئەسڵیەکە کە پێشتر سەنەدی هەبووەو بە مەکرەمە وەریگرتووە، بە هیبە وەریگرتووە، چۆن وەریگرتووە؟ ناتوانێ جارێکی تر داوا لە حکومەت بکا، ئەگەر هاووڵاتیەکیش وەریگرتووە ئێستا لە دەستیەتی دیسان ناتوانێ داوای لێ بکا، ئەگەر بەعسییەکیش لە فەلوجە لە کەرکووك داوای کردووە لە بەردەم مەحکەمە مەلەفەکە غەلق دەکرێ و، کۆتایی پێ دەهێنرێ، بۆیە بەتەسەوری من ئێمە ئەگەر ئاماژەش بە هەڵوەشاندنەوەی قەراری (٥٥)یش نەدەین هەر حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەراری (٥٥) قەراری رەقەم (٧)ی ١٩٩٢ی هەڵوەشاندۆتەوە ئێستا قەرارێکی نوێ دەردەکەین کە دەبوایە قانون بی، قەرارێکی نوێ دەردەکەین، مانای وایە زۆر ئاساییە بڵێین قەراری رەقەم (٥٥)مان هەڵوەشاندەوە، بەڵام بۆ وەڵامی ئەوەش ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە قەراری رەقەم (٧)ی ١٩٩٢مان زیندوو کردەوە، نەخێر، ئێمە قەراری رەقەم (٧)ی ١٩٩٢مان زیندوو نەکردۆتەوە، بەڵکو هاتووین تەنزیمی کارەکەمان کردووە، ئەو ئاسەوارانەی کە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ٢٠١٤ دروست بووە، ئیمە دێین بەو سێ خاڵە رێکی دەخەین، تەنزیمی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شکریە،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، من پێشتر ناوم نووسیبوو، بۆ ماددەی یەك ناوم نە نووسیبوو، ئەو یاسایەی کە پێشتر، تاوتوێ بکری، بەڵام بەو سێ خاڵەی کە د. ڤالا دایبەزاند من پێشتر سێ تێبینی گرنگم هەبوو، بەڵام کە ئەو سێ خاڵەی دابەزاند، تەواو تێبینیەکانم نەما،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج،

**بەڕێز د. سراج احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دەمویست بیڵێم، بەڵام لەگەڵ ئیزافەکردنی ئەم سێ خاڵە، تەقریبەن هیچم نەما، هەندێکیش گوترا، بەڵام یەك پێشنیار دەکەم من حەز دەکەم ئەو ئیزافەیە، ئەو سێ خاڵەی کە باسیان کرد، وەکو حەلێکی ئانی لە بۆ بڕیاری ژمارە (٧) عیلاج بکرێ، بەڵام بەڕاستی ئەو مەوزوعە، ئەم پرسە، پێویستی بە یاسایەکی گرنگ و زانستییە کە بتوانێ زۆر لە مەوزوعەکان چارەسەر بکا، بەتایبەتی چارەسەری بەیع و شیرا، چونکە چەندین دەستی کردووە، ئەوەی کاك سۆران تازە باسی کرد، یەعنی تەبیعەتی قانونی زۆری لێ بکەوێتەوە، زۆر موڵك دەستاودەستی کردووە و، زۆر موڵك یەعنی تاوەر و عیمارەی زۆری لێ کرایە، ئایا کێ

دەبێتە خاوەنداری یەکەمی، لەوانەیە کێشەی قانونی زۆری لێ دروست دەبێ، داوا دەکەم بەو سێ ئیزافەیە حەلێکی ثانی بێ، لە بۆ ئەو کەسانەی کە ئێستا موشکیلەیان هەیە، بەڵام ئەو مەوزوعە پێویستی بە یاسایەکی بنەڕەتییە کە ببیتە کلیل لە بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر،

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله( ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم قسانە هەر قسەی گشتین بەڕاستی کە کراون، ئێمە با مادده بە مادده بێینە سەر ڕێڕەوی گفتوگۆکە، دووەم: بەڕاستی من پێم خۆشە ڕێڕەوی ئەم پەرلەمانە لە رابووردوودا دەرچین یەعنی ئینشائات و لە خیتاب و لە ئەو شتانە، هەموو پێشمەرگەی کوردستانن، هەموو عەزیزی هەموومانن، کەس و کاری شەهیدانی هەموومانن، ئەم جۆرە قسانە بکەین، هەموومان (ماشاءالله) وتار بێژین دوو ڕۆژ وتارێکی بۆ دەدەین، بەڵام بەڕاستی با قانونیەن قسە بکەین مادده بە مادده بۆ ئەوەی ئیتر کاتەکەش کورت بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەیەکم نییە لە سەر ماددەی یەکەم، ماددەی سێیەم و پێنجەم کە ئیشکالیەتێکی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خلف،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ماددەی یەك قسەم نییە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددە ئێکی ڕاگرتنا کو بڕیارا ژمارە(٥٥)ی مژی چ تێبینیەك سەر نییە گەل هەندێ دامە کو ڕاگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ایوب،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیەكم لە سەر ماددەی یەك نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك كمال،

**بەڕێز كمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانم د. فرست كردی، بەس بێگومان، هەموومان ئێمە دڵسۆزین لێرە كە پشتگیری خەڵكی شەهیدان ئەنفالكراوان بكەین، ئێمە لێرە وەكو پەرلەمانتاران دەبێ هەندێك تەرازوو بین لە قسەكانمان، ئەم كێشەیە، كێشەیەكی زۆر زۆر گەورەیە لە كوردستان، ئەكید زۆر كێشەش هەیە لە داد كە نووسراوە و تەسجیل كراوە لەمەدا زۆرن، لەو حاڵەتە دوو پێشنیارمان هەیە، یەكەم: ئیلغا بكرێ ماددەكان بە كاملی، دەبێ ئەو بەعسییانەی كە سەبەب بوون بۆ قەمع و ئازاری خەڵكی كوردستان بەهیچ شێوەیەك قەرەبوو نەكرێن، دووەم: ماددەیەكیش ئیزافە بكرێتن كە ئەو ماددەیە ببێ، ئیلغا بكرێ هەموو ماددەكان و هەموو قانونەكانی پێشوو وەكو قەراری رەقەم (٧) و، قانونی رەقەم (١٨)بە كاملی ئیلغا بكرێتەوە، قانونێكی نوێ دەربچێ، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەوانەی كە ئەزیەتی خەڵكی كوردستانیان داوە قەرەبوو نەكرێنەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە ماددەی یەكەوە نییە، فەرمووو د. شێركۆ ،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەكانی كاك ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم و، هیچ تەعلیقێكیشم نییە لە سەر ئەوە و، دڵنیاشم هەموو ئەوانەی كە ئێستا ئەو موڵك و ماڵانە وەرگرتووە لە كوردستاندا، مەرج نییە هەموویان كەس و كاری شەهید و پێشمەرگەبن، من بۆ خۆم من لە گەڕەكێكم لە سلێمانی كە گەڕەكی ئاشتی پێ دەڵێن كە جاران پێیان دەوت (دور الأمن) یەعنی زۆر تاك و تەرا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت ئەوانەی كە خاوەنی پێشمەرگە و شەهیدن و ئێستا لەوێ نیشتەجێن موڵك و ماڵیان هەیە ئەوانە، بەشی زۆری خەڵكی دەست رۆیشتوون، هەڵبەتە من خۆم نیم وەكو شەخسی لەوێ من لە خوارترم كە لە دەوروبەری گەڕەكی با بڵێین ئەم خوارەوە، لەبەرئەوە تكا دەكەم دووركەوینەوە لەو وتار خوێندن وشیعاردان و، پشتیوانی قسەكانی كاك ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم قسە نەکەم، بەڵام بەڕاستی شتێك هەیە با پەرلەمانتاران نەسیحەتی یەکتری نەکەین، ئێمە هەموومان ئەندامی پەرلەمانین، هەر کەس حەقی خۆیەتی چی دەڵێ لەم پەرلەمانە لە چوارچێوەی ئەوەی کە پەیڕەو ڕێگەی پێداوە، بۆیە مەسەلەی ئامۆژگاریکردن بەڕاستی بابڕێتەوە، حەق نییە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگە بدا لێرە پەرلەمانتارێك هەڵسێ و ئامۆژگاری ئێمە بکا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك سەرنجی جدی و گرفتی جدی هەیە لەم پرسە لە چوارچێوەی ئەو ماددانە جێی نەکراوەتەوە، نازانم دەرفەتم دەدەیتێ بیلێم، یەعنی ئەو ماددانەی کە ئیزافە کرا، کۆمەڵێك گرفت دێنە پێش، ئەگەر ئێستا ڕێگەم بدەی بۆ ئەوەی دووانی تر پشتیوانیم بکا بکرێتە دەنگدانەوە، تۆ بیخەیتە ئەخیر دەڕۆات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر موعالەجە نەکرا بوو لە چوارچێوەی ئەو ماددانە ئەو کاتە باسی، با یەك بە یەك ماددەکان بخوێندرێتەوە، ئێستا لە سەر ماددەی یەك چیت هەیە فەرموو کاك علی؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ناڵێم لەو چوار ماددە نین، کۆمەڵێك گرفتی گەورەشە بەڕاستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من ئەم یاسایە با بڵێین ئەو موسادەرەیەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی کرد، ئایا ئەو موڵکانە، کام موڵك موسادەرە دەکات، وتی ماددەی یەکەم کە بەعەرەبیەکەی موسادەرەی پێ دەڵێن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ماددەی یەك نییە، فەرموو کاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی ئەمە ماددەی چەندە؟ باشە، قسە لە سەر ماددەی یەك دەکەم، ئەم یاسایەی کە بڵێن یاسای (٥٥)، ئایا ئەم یاسایە ئەو موستاشار و جاشانە دەگرێتەوە کە کە لە سەردەمی شۆڕشدا مەسەلەن ڕەنگە لە بەعسییەك خراپتریان کردبێ بە کورد، ئەگەر دەیانگرێتەوە، ئایا ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەر لێبوردنی گشتی بەرەی کوردستانی کەوتوون لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١؟ ئەگەر نا، ناوی موستەشار زۆرە، تا سەدام مابوو پارووی نانی لەگەڵ خواردووە دواجاریش پێم وابێ ئێستا موڵك و ماڵی لە هەمووومان زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك ابوبکر عمر دەکەم، بەوەی کە ئەمە داواکارییە نەك ئامۆژگاری، داواکارییە کە یەعنی خیتابات بەکار نەهێنرێ و، پشتگیری لە قسەکانی کاك سۆرانیش دەکەم، بەوەی کە جیاکاری بکرێ لەم ماددەیە لە نێوان ڕاگرتنی بەیع و شیرا و، قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بەم موڵکانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صالح،

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئەنجامی بەدواداچوونم لە شارەوانی سلێمانی و، لە تاپۆ، دەرکەوت بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤، تیادا تەنها بەعسییەکان سوودمەند بوونە، بۆیە لە بڕی ڕاگرتنی هەڵوەشانەوەی کارکردن بە یاسایەی (٧)ی هەموارکردنەوەی گونجاوترە، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فەرهاد،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە، پێم وایە لق و پۆپی زۆر لێ دەبێتەوە، بەعسییەکان لە دوای ٢٠٠٣وە کە گەڕاونەتەوە زۆر جار تەبریك کراون، یەعنی موڵك و ماڵی تریان دراوەتێ، ئەمە چی لێ بکەین، بەڕاستی من کابرایەك دەناسم زیاتر لە (٢٠) پارچە ئەرزیان داتێ، نازانم لەبەر چی؟ لەوانە بووە تا ٢٠٠٣، تیئێنتی ناردووە، لە سلێمانی و هەولێر تەقینەوەی کردووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر کابرایەك هەیە هەموو مەعلوماتەکەیان بۆ هێنام، بەڵام ئەوەندە بێ تاقەت بووم هەر وازم لێ هێنا، کابرایەکە نەقیبی

قوات خاسەیە لە بازیان، لەوێ چەندین دۆنم ئەرزی هەبووە، لەم بەینە جوان بۆیان فرۆشتووە، هەموویان تەسلیم کردۆتەوە، هەر خەڵکی بەغدا و بەسراشە، ئەمە لق و پۆپی زۆرە، پێم وایە پێویستی بە هەڵوێستەی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لەوە دەکەمەوە راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥) لە ماددەی یەکەمدا تەنها ئەوە کافی نییە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکا، پشتیوانی کاك سۆران عمر دەکەم، وەکو خۆی ئەوەی ئاوا دانراوە پەسەند بکرێ، نیوەی کێشەکە حەل دەکا نیوەی دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستی بە دیراسەی ورد تر هەیە، بەڕاستی بەند و ماددەی زیاتری بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو گەشە،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ماددەی یەك هیچم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین روونکردنەوە بدەن، ئەگەر پێویست بە روونکردنەوە دەکات، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ماددەی یەك،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەمان دەبێتن، چونکە تێبینیەکان هیچی لە سەر ماددەی یەك نەبوو، ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد، تەنها ئەوە نەبێتن کە گوایە راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان، مانای ئەوە دەگەیێنێتن کە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان بەگەڕ دەخرێتەوە، ئێمەش دەڵێین بەڵێ بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵ ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان بەگەڕ دەخرێتەوە، بەڵام بەو تەعدیلاتە بە ئیزافەکردنی ئەو سێ ماددەیەی کە بۆمان ئیزافە کردووە، ئەویش دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەم و کورتی و نەواقسانەی کە لە بڕیارەکەدا هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ مادده یەك، پرۆژە بڕیاری (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی كوردستان، پەسەند دەكات؟ (٦٥) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ كەس نییە لەگەڵیدا نەبێ، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەی دوو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موڵكە نەگوێزراوانەی كە بە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٢، دەیانگرێتەوە، ئەوە خاوەنی پێشووی موڵكەكان ناتوانن داوا لە لایەنەكانی حكومەت یان هەرێم بكەن، بۆ گەڕاندنەوەی عەقارەكەیان یان بەهاكەی یان قەرەبووكردنەوەی بە نەقدی یان عەینی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی تكایە دەقی ماددەی دووی پرۆژە بڕیارەكە بخوێنەوە، نەك مادده پێشنیاركراوەكان،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوو لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی كە پرۆژە بڕیاری هەڵوەشانەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥) داوای لێبوردن دەكەین، بریتیە لە بەكارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق. بەڵام ئەوەی كە خوێندرایەوە ئێمە ئەوەی پێشنیار دەكەین ئەو بدرێتە دەنگدان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا هەورامان، نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەرەوامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من تێبینیەكم هەیە، دیارە پێش بڕیاری ماددەی حەوت، هەروەها دوای ئەوەش ئێستاش من نابینم لەم یاسایە ماددەیەكی تێدا بێ كە ئیبتاڵی موڵكیەتی ئەو بەعسییانە بكات، ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە یەكەمدا هەر دەڵێ خاوەنی پێشوو لە دووەمدا هەر دەڵێ خاوەن، خاوەن، یەعنی مالیك، یەعنی پێویست دەكا ئەم خاوەنە نەمێنێ ئیتر، چونكە ئەوە دوایی هەر خۆتان لە قانونەكەی خۆتاندا هاتووە، دەڵێ من خاوەنم، كەواتە ئەم قانونە هەردووكی تیایەتی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەكانی ترە، با بێینە سەر موناقەشەكردنی ئەوە، ئێستا چیت هەیە لە سەر ماددەی دوو؟ ناو دەنووسین، پرۆژە بڕیارەكە، ئێستا چیت هەیە لە سەر ماددەی دوو ناوت دەنوسین ئەگەر پێویست بكات ناو دەنوسی .كاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د .هەورامان حمه شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو هەر دەڵێت خاوەنی پێشوو من لەسەر وشەی خاوەنی پێشوو شتم هەیە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە بڕیارەکە. د .فرست فەرموو.

**بەڕێز د .فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەوەی کە لە پەیرەوی ژمارە (٧) ساڵی(١٩٩٢) ی هەڵوەشاوەدا هاتووە، یەعنی ئەگەر ئێمە وا ئیتیفاقمان کرد کە ماددەی دوو نەمێنێت ئەو ماددەی سێیە بێتە شوێنی کە ئێستا دکتورە ڤالا خوێندیەوە، یەعنی ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەڕلەمانی کوردستان ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەڵوەشاوە بۆ زیاد دەکەین دەیان گرێتەوە دەچێتە ماددەی دوو لەوێ بمێنێت ئێمە موشکیلەی قانونیمان بۆ دروست دەبێت .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان :**

د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەصەور دەکەم ئەو تێکەڵ و پێکەڵەی کە لە گفت گۆکانا ڕوو دەدا پەیوەندی بە ناوو نیشانی پڕۆژە بڕیارەکەوە هەیە، من یەك پرسیارم هەیە، هیوادارم جەوابم بدرێتەوە بۆ ئەوەی بزانم چون قسە دەکەم وە تەصەور دەکەم بۆ هاورێکانیشم کەم تا زۆر سوودی هەبێت، ئایا بڕیارەکەمان چی دەبێت هەڵوەشانەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)، یان بەکار خستنەوەی بڕیاری ژمارە ٧، یان بەکار خستنەوەی هەموار کردنەوەی ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٢، یان چیتر، قسە لەسەر ئەساسی ڕێرەوی گفتو گۆکان دەر دەکەوێ وە دەتوانین بزانین چییە، ئایا لێرە بەس بڕیاری (٥٥) هەڵدە وەشێنینەوە، ئایا بڕیاری ژمارە ٧ بەکار دەخەینەوە، یان بڕیاری ژمارە (٧) بەکار دەخەینەوە و هەمواری دەکەین؟ عینوانەکە ڕێرەوی گفتو گۆیەکە تەحدید دەکا، ئەوە تەصەوری منە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالآ فرید فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕوژە بڕیارەکە هەر بە ناوی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥) دەبێت کاتێك کە بڕیاری ژمارە(٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدە وەشێتەوە، خۆی لە خۆیدا بڕیاری ژمارە(٧)ی ١٩٩٢ دێتەوە جێگای، بەڵآم بەو

تەعدیلاتانەی پێشکەش دەکرێت، ئەو سێ ماددەی کە ئیزافەمان کردووە دەبێتە بەشێك لە بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان .بۆ؟، چونکە بەپێی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ئەو موڵکانەی بەعسییەکان کەدەستی بەسەردا گیراوە و دوا جار لە لایەن جیهاتی ئیداری و مەحەلی تەوزیع کراوە بە سەر خەڵکانێکی دیکە لە کوردستان دا .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئیشکالەکەیە کە کاتێك بڕیاری ژمارە ٥٥ هەڵ ئەوەشێنیتەوە یەکسەر بەکارخستنی بڕیاری ژمارە (٧)دەست پێدەکا، ئێمە ترسەکەمان لەوەیە بەم دەقەی ئێستا بڕیاری ژمارە (٧) کە بەکار دەخرێتەوە ناتوانین دەنگی بۆ بدەین، بۆیە دەبێ بڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧) و هەموار کردنەوەی بڕیارەکە، بۆئەوەی وەکو دەقەکەی ئێستاهەیە ئیسناتی نەکرێتەوە سەر، بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)و هەموار کردن، یەعنی بەکارخستنەوەی بە هەمواری دوای ئەو ماددانەی کە ئیزافە دەکەین ئیشکا لەکەمان حەلدەکات لەوەی بەعسییەکان نەتوانن موڵکییە بکەن و ئەو بەیع و شیرایەی کە لەبڕیاری ژمارە (٧) ئیشکالە دەقەکەی ئێستایەتی، ئێستا دەقی بڕیاری ژمارە (٧) کە دەڵێیی بەکاری دەخەمەوە دەخوێنیتەوە هەمووەمان دەترسێنی لەوەی کە بەعسییەکان بێن بەیع و شیرات لە لەسەری هەڵوەشاندەوە بێتەوە داوای بکاتەوە، بۆیە دەبێ ئەو دەقەیە هەموار بکرێت .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان :**

با ئەو ماددەیە بخەینە وتو وێژەوە قسەی لەسەر بکەین، بەڵام سەبارەت بە ناو و نیشانی بڕیارەکە ئەمە سەرنجێکە، هەیە نازانم تا چەند دروستە ئەم سەرنجە، ئێمە کە لە پەرلەمانی کوردستان مۆناقەشەی یاساو بڕیارەکانی پێشووی پەرلەمان دەکەین ئەوانەی پێشوو دەبێ باسی دوا بڕیار بکەین باسی دوا یاسا بکەین کە لەو بوارەیەوە دەرچووە، بۆیە من پێم وایە ئەو ناو و نیشانە هەڵە نیە دەبێت باسی دوا بڕیار بکەین کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوە سەبارەت بەم پرسە هەڵی دەوەشێنێتەوە، هەمواری دەکەی، چونکە ناتوانین تو ئێستا پرۆژە بڕیارێك لە پەرلەمان ئامادە بکەی بۆ هەوار کردنەوەی بڕیارێك کەتۆ پێشتر بە بڕیارێکی تر هەڵیوەشاندوتەوە، یان بە بڕیارێکی تر ڕاتگرتوە، بۆیە من پێم وانییە ئیشکالێك لەوەدا هەبێ، ماددەی دوو دەخەینە وتو وێژەوە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیارم کرد لە مادده یەك بۆ ئەوەی ئیلغاء بکرێتەوە یان هەموار بکرێتەوە، بەڵام بە پێی ماددەی (٧) دەتوانێت بەیاسایەکی تایبەت ئەمە چارەسەر بکرێت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چونکە نووسراوە هەتا کاتی دانانی یاسایەك کە چۆنیەتی دەستکاری کردنی ئەو ماڵ و موڵکە دەستنیشان نەکرێت، واتە بەپێی ئەمە دەتوانرێ بە یاسایەکی تازە ئەو کێشانەش سەر لە نوێ یاسایەکە تازە بۆ دەربخەین.سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روون کردنەوەکەی لیژنەی یاسایی ڕاستیەکەی تێنە گەیشتم، یەعنی ئەگەر بۆمان باسکەن بزانین مەبەستەکە چییە، چونکە ئەو دەڵێت ئەوە پێشنیاری سێیەمە دەیخەینە جێگەی ماددەی دووەم، چونکە ئەگەر بخرێتە جێگەی ماددەی دووەم چۆن ئەو ماددەیە بڕیاری ژمارە (٧) بەکار دەخەنەوە، بۆیە ئەگەر بە رونی بۆمان باسکەن بزانین مەبەستیان چیە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من پێم وایە ئێمە دیسان خەریکی گفتو گۆی ماددەی دووەمین، بەڵام تەنها وەك هاوکاری من پشتگیری قسەکانی کاك سۆران دەکەم لە کاتی پەسەند کردنی ماددەی دووەم لیژنەی یاسایی سیاغە یەکمان بۆ بکەن کە بەم هەموارانەوە کە لەم بڕیارەی ئەمڕۆدا دێ کە بڕیارەکەی دیارنییە، بەڵام تەنها وەك سەرنجێکیش بۆ ئەو بڕیاردەرانەی کە قەلەقن لە بڕیاری ژمارە (٧) هاتووە تائەو کاتەی یاسایەك دەر دەچێ ئێستا ئێمە دەستمان نەگیراوە لەبەر ئەوەی ئینجا کاربکەین بۆ ئەوەی یاسایەکیش دەربکەین ئەو کێشانەی تریش حەل دەکات .زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێز دکتورە ڤالاً ئیشارەتی پێدا کە بڕیاری ژمارە (٥٥) کە نەمێنێ ئۆتۆ ماتیکی ژمارە (٧) دەکەوێتە کار، کەواتە لەجیاتی ئەوەی ماددەی دووەم بڵێین بەکار خستنەوەی بڕیارەکە بڵێین هەموار کردنی بڕیارەکە بەم شێوەیە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە روون کردنەوەی خۆتان بدەن لەسەر ماددەی دووەم، وە ئەگەر سیاغەی تری پێویستە بیخوێنینەوە بۆئەوەی وتو وێژی لەسەر نەبوو بیخەینە دەنگەوە. خاتوو ڤالاً فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالاً فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بەو شێوەیە هاتووە بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەڵام ئێمە دەتوانین لەبەر ئەوەی مەبەستی موشەریع لێرە دا هەم بەکارخستنەوە بووە هەم هەموار کردنی بڕیارەکە بوو لە هەمان کات دا، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگا لەو ئەزمانە بگرین کە ئێستا هەرێمی کوردستان تێیدا تێپەڕ دەبێت ,سەبارەت بەو بڕیارە، دەتوانین بڵێین بەکارخستنەوە و هەموار کردنی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان، ئینجا ئەو بڕگانەی کە زیادمان کردووە ئیزافەی بکەین وەکو هەموار بۆی .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێنرایەوە؟

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەصەورم وانییە عینوانێك لە بڕیار یان یاسا لە هەرێمی کوردستانا دەرچووبێ هەم بەگەڕخستن و هەم هەموار کردنەوە لەیەك لەحزەیا بکرێت، چونکە مەسەلەی هەموار کردنەوە دەبێت بە پڕۆژەیەکی تر بێ . سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وانییە هیچ ڕێگیرییەك لەبەردەم ئەوەدا هەبێت کە بەگەڕی بخەیتەوە و هەمواریشی کەی، هیچ ڕێگیرییەکی یاسایی نییە، هیچ دەقێکی یاسایی نییە لەوەی کە ڕێگری بکات لەوەی بڕیارێك، یاسایەك پێشوو بەگەڕ بخەیتەوە وە هەمواری بکەی، لیژنەی یاسایی. د.ڤالاً فريد فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالاٌ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە هیچ ڕێگرییەك نییە، بەلاٌم دەتوانین بلێین بەكارخستنەوەی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی كوردستان بەزیاد كردنی ئەم بڕگانە، بڕگەكان دابڕێژین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی ئەوانە ببن بەبڕگە لە ماددەی دوو؟ خاتوو ڤالاٌ فريد فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاٌ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئیشكالمان ناوەرۆكی بڕیارەكەیە، ناوەرۆكی بڕیارەكە هەڵئەوەشێنینەوە كەتۆ لێرە بەكاری بخەی بەبێ هەموار واتە دەقەكەی سبەینێ وەك خۆی دەهێنرێتەوە و ماددەی تری ئیزافە دەبێ لەسەر ئەم قەزیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ناوەرۆكی ئەو هەموارەی كە دكتورە وتی ماددەكە بكرێ بە بەكارخستنەوە و هەموار كردنەوە، یەكسەر بچینە سەر هەمواری ئەو بڕیاری ژمارە(٧)ە بەم جورەی لێبێ هەموو خاوەندارێتییەكی ماڵ و موڵكی نە گوازراوەی لێپسراوانی پێشووی ڕژێمی لەناوچوی عێراق وە ئەوانەی كە لەكاتی ڕاپەرینە مەزنەكە و لەدوای ئەویش چوونەتە پاڵی هەڵدە وەشێنرێتەوە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ايوب فەرموو.

**بەڕێز ايوب عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام قسەمان لەسەر تەعدیلی هەموار كردنی یاسای ژمارە ٧، وە من پێشنیار دەكەم هەموارەكە بەو شێوازە بێت بۆ ئەوەی ئەو ئیشكالەتەش كە دروستی كردووە بۆمان چارەسەر ببێت كە لە دەقی یاسای ژمارە(٧)دا هاتووە دەڵێت هەموو موعامەلاتی كڕین و فرۆشتنی ماڵ و موڵكی نەگوێزراوەی لێپسراوانی پێشووی ڕژێمی عێراق و ئەوانەی لە كاتی ڕاپەڕینە مەزنەكە و لەدوای ئەویشدا چوونەتە پاڵ ڕژێم كە لەلایەن بەعسییەكانەوە كرابێ نەك لەلایەن خەڵكەوە دەستاو دەستی پێكرابێ، لەلایەن خودی بەعسییەكانەوە كڕین و فرۆشتنی لەسەر كرابێ هەڵبوەشێنرێتەوە، بەو شێوازە چارەسەر دەبێت .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام یەعنی دەقی بڕیارەکە وای لێبێتن هەموو موعامەلاتی مۆڵکداری، یەعنی حەقی تەملیکیش بکەوێتە ژێر ئەو بارەوە نەك تەنها بەیع و شیرا بێتن بەڵکو هەموو ئەو مامەڵانەی خاوەنداری مۆڵکداری کڕین و فرۆشتنی نەگوێزراوە و گوێزراوەی سەرانی بەعس، یەعنی تەنها بەیع و شیرا نەگرێتەوە، بەڵکو حەقی تەملیکیش بکەوێتە ژێر ئەو بڕیارەوە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم(ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من لێم تێکچووە، دیسانەوە دەڵێم ماددەی (٥٤) بڕگەی پێنج، نازانم مەجالی نوقتەی نیزامییە هەرچی گوێم لێ دەبێ هەمووی ڕەئیە، هەمووی موناقشە کردنە، ڕەجائەن بۆ جاری دووەم جەنابت ئیشی سەرەکی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە کە ئیدارەی جەلسەکان بکا، ئەگەر ئاوا بڕوا یەعنی ئێمە دا دەنیشین ماوەیەکی زۆر دەبەینە سەر دوایی خۆمان گلەیی لە خۆمان دەکەین دەڵێین (٤) سەعات خەریکی یەك ماددە بوین .زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری هەرسین ئێستا باسی ئەوەمان کرد کێ گفتو گوی هەیە لەسەر ماددەی دوو لە پڕووژە بڕیارەکە، وەلەسەر ئەمە، ڕاست دەکەی وەیە ڕاستە ناومان نە نووسی، بەڵام ئەو ئەندامانە دەستیان بەرز کردۆتەوە بەم شێوەیە ئەگەر بەڕێزی تر هەیە قسە بکات با ناویان بنوسین، وە قسە لەسەر ماددەی دوو بکەین، بگەڕێینەوە بۆ سەر نوقتەی نیزامی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیی دەدەن، کە پێیان دەڵێن ڕەئیی دەدەن، پێیان ناخۆشە، بەڵام دوایش ئاوا تێکەڵ و پێکەڵ دروست دەبێ لە نوقتەی نیزامی و ڕایەکانتانا، کاك زانا پێی ناخۆشە ئەندامی پەرلەمان نەسیحەتی بکات، بەڵام ئەندامی پەرلەمان نەسیحەتی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامی پەرلەمان و دەرەوەی ئەندامی پەرلەمانیش دەکات.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەم ناوانە تۆمارکراون بۆ گفتو گۆ کردن یەکەم) صالح فقێ، قادر وەتمان، زانا عبدالرحمن، ادریس علی، ڤەمان فیصل، تحسین دووڵەمەری، مەڕوان گەلاڵی، کاك انور، ئومێد حمە علی، بەهار عبدالرحمن،

هەورامان کەچێنەیی، شێرکۆ جودت، ماجد عثمان، انس محمد، بشار مشیر، فرحان جوهر، شێرکۆ حەمەامین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی بەکارخستنی بڕیاری ژمارە (٧) بۆ خۆی بڕیارە نەك ماددەیەك تا بە ماددەیەك بێ وەکو ئەوەی کەناوی نراوە ماددەی دوو دوای چەند ماددەیەکی تر بە هەمان شێوە بەدوایەوە بێ، بۆئەوەی جارێکی تر ئێمە یاساکە هەر پێشێل نەکەینەوە ئێمە ئەو یاسایە بەکارمان خستۆتەوە، پێویستە کار بە یاساکە بکەین کە بە کار خراوەتەوە بۆئەوە پێویست دەکات لێرە لەبڕی ئەوەی کە هەموار بکرێتەوە لەیاساکەی کۆنیشا ئەوەی ١٩٩٢ ئاماژەی پێدراوە کە دەتوانرێت ئەم یاسایە بەکاربێت تا ئەو کاتەی کە یاسایەکی نوێیە بۆ دەربکرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو بەخۆی بە یاسایەك بێت و با یاسایەکی نوێ بۆی دەربکرێت .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دیارە کو ئەڤ مەشروعە پڕی ئیشکالیاتێت قانونی گەلەك یێت تێدا هەین، وەکی ئەم دزانین ئەڤ بابەتە گرێدای حقوقێت مەدەنی نە، وە حقوقێت مەدەنی یا مەعلومە کو ل مەحاکمێت عێراقێ هەمی وەکی ئێکن، یەعنی ئەگەر مەحکەمەك ل بەغدا حوکمەکی بدەت ئەو حوکم سەرانسەری عێراقێ هەمییێ شامل دبتن، ئەرێ بۆ لیژنا قانونی ئەو ئاریشە هاتیە بەرسینگێ هەوە کو هین بزانن ئەگەر سوباهی ل مەحکەمەکێ ل مۆسلێ، یان ل کەرکوکێ، یان ل بەغدا حوکمەکێ مەدەنی دەرێخست کو حەقێ موتاڵەبا ڤی کەسی کو ئەگەر بەلگە هەبت حەقێ وی یە بۆ زڤراندە ڤە دڤی حالەتیدا ئەم دێ حوکمێ مە چبتن بەرامبەری مەحکەمەکێ ژدەرڤەی کوردستانێ ؟ و .زۆر سوپاس ...هەموو ئیشکالە یەعنی پڕی ئیشکالاتێت قانونی نەو مەسائلێت مەدەنی نە .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مەڕوان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين(مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە جێیی ئیشكالییەت بێ بۆ ئێمە بە تەصەوری من لادراوە كە بڕیاری ژمارە(٧)بوو بەو سێ ماددەی كە بۆی زیادكرا ئەوە ئیشكالییەتەكە كوتایی پێ هاتووە، بەلاّم ئەوەی كە مەبەستمە بیلێم ئەسەری رەجعی هەبێ ئەو قەرارەی كە دەردەكرێتن بۆ ئەوەی كە خەڵكی دیكەش لەو قەرارە سوودمەند بێتن یان ئەوە تا خەڵكی دیكە نەتوانێت كە داوای مۆڵك و ماڵێكی دیكەی بكاتن، دەستان خوشبێت .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێكم هەیە ئەوەی ئەو حاڵەتانەی كە ئیكتسابی دەرەجەی قەتعی كردبێت ئایا كێشەیەك دروست ناكاتن؟ لەو گوڕانكارییە .زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕەئیم وایە ئەگەر لە ماددەی یەكەم ڕاگرتنی كاركردن بەبڕیاری ژمارە(٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ بێت، ماددەی دووەم پەرلەمان دەسەلاّتی هەیە دەبێ نەك بەكارخستنەوە، بەڵكو هەڵوەشادنەوە بێت، یەعنی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٢هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵێ وا، حاڵەتێكی دی هەیە پێموایە لەبڕگەكاندا وابزانم مامۆستا هەورامان ئیشارەتی پێدا من لەگەڵ ئەوەم كە بەعسییەكان هەر خاوەنی یەعنی نەتوانن تەملیكیشی بكەن . سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەڤ پرۆژە بڕیارا هاتی پێشكەش كرنێ هەر ئەندام پەرلەمانەكی حەقێ هەی كو پێشنیارا هندێ بكت هندەك ئیزافات لسەر بێنە كرنێ، ژبەر كو ئەڤ بڕیارا ئەڤرۆكە دێ دەرچیتن دێ ژمارەیەكا تایبەت هەبیتن، بۆ نموونە مەسەلەن دێ بێژین بڕیارا ژمارا (٣٦) یەعنی د وێرێدا ئەم دشێین عیلاج بكین، مەسەلەن ئێك ژوان خالاّ تەفعیل كرنا بڕیارا ژمارە (٧) بتن، خالاّ دیترێ ئیزافەكرنا وان ئەو پێشنیارێت نموونەیی ئەوێت هاتینە كرن ژلایێ سەرۆكاتیا لیژنا یاسایی ڤە ئیزافەكرنا وانا بتن، ئەم تووشی وێ موشكیلێ نابین، ئەوا كو

یەعنی تەفعیل و تەعدیل هەردووك دگەل ئێك دا بێنە کرنێ، و ئەگەر هات و تەعدیل ژی بتن، یەعنی بۆ نموونە تەفعیل و یان ژی نافز و تەعدیل بتن* سەبارەت یەعنی ئەصلێ بڕیارێ ئەصلێ بڕیارا ژمارە (٧) یەعنی ل دەستپێکا خاندنێ هەتا دگەهتە هەڵدە وەشێنرێتەوە هەتا کاتی دانانی یاسایەك، ژبەر کو ئەڤ پێشنیارێت هەی دێ جهێ وێ یاسایێ گرن، ئێدی پێدڤی بڤێ جوملێ نابتن ئەو جوملا هەژی بلا بێتن لادانێ هەتا کاتی دانانی یاسایەك کە چۆنیەتی دەستکاری کرنی ئەو ماڵ و مۆڵکە دەستنیشان دەکات و .

سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر عوسمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە(٧) ئەگەر بەم ناوەرۆکە بێ ئەو ئیشکالەی کە هەیە لەسەر ئەم بڕیارە بەڕای من ئیشکالەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە ئێمە لەبەکارخستنەوەی خاوەنداریەتییەکە دیاری ناکەین، لەوەش کە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردووە بە ماددەی (٣) و ماددەی (٤) و ئەمانە، ئێمە دیسان جارێکی دیکە تەنها ئەوەمان کردووە کەڕێگەمان گرتووە لەوەی کە جارێکی دیکە ئەم کۆنە بەعسیانە مافی داوا کردنەوەیان نییە، غەیری ئەوە بۆ داد وەریش ئیشکال دروست دەبێت، لەبەر ئەوە بە پێی ئەمە ڕاستە خاوەندارێیەتییە کێ دەبێت، ڕاستە خاوەندارێیەتییەکە بەعسییەکان نابن، بەلاّم لە هەمان کاتدا لە ماددەی(٤)ی پێشنیار کراوەکە کە لەسەر ئەم ماددەیە وتو وێژ ناکەن، نەگەیشتوونەتە ئەو ماددەیە تەنها لەیەك شوێن هاتووە کە بۆتە خاوەنی مۆڵکەکان، باقی کەی نە هاتووە، یەعنی ئەمە خاوەنداریە تییەکەیان کێ دەبێت؟، بۆیە ئەمە پێویستی بە ناوەرۆکی بڕیاری ژمارە(٧) بەڕای منیش پێویستی بەوەیە کە لیژنەی یاسایی سیاغەیەکی دیکەی قانونی بۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەگەر چاوەڕوانی چارەسەری بنەڕەتیش بکەین تا دەرچوون و دانانی یاسایەك بۆ چۆنیەتی دەستکاری کردنی ئەو ماڵ و مۆڵکانە لەئێستا دا چارەسەرێکی مام ناوەند لایەنی کەم بدۆزینەوە، تەنها مەبەستمان ئەوە نە بێت کە مافی ئەوە مان وەر گرتۆتەوە لە بەعسییەکان کە داوای ئەو مولك و ماڵانە بکاتەوە، بەڵکو پێش کەوتنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت، بە مانایەکی دیکە هەر ئەم کڕین و فرۆشتنانەی کە بڕیارەکە هەڵدە وەشێنێتەوە ئەوە هەر بەردەوام دەبێت کەواتە پێویستی بە سیاغەی قانونییە لە پێناو ئەوەی کە ئەوە بدۆزینەوە کەکێ خاوەندارەتییان دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین دوڵەمەری فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد(تحسين دولەمەری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی برادەران خاڵەكانیان زیاد كردووە كە نووسیویانە ماددەی (٣) ئەوەیان لەجێی ماددەی(٢) هەر وەكو خۆی دابنرێ، پێویست بەوە ناكات، بەكارخستنەوەشی پێویست ناكات، چونكە ئەگەر ماددەی (٣)تەبعەن بكرێتە (٢) وە كو وتم، ئەو مۆڵكە نەگوێزراوانەی كە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٢ دەیان گرێتەوە كەواتە لێرە ئیشارەت بە ماددەكەش دراوە ئینجا تەعدیلات خۆی دێتن لەگەڵی ئەوە خاوەنی پێشوو هەتا ئاخیری دەڕواتن هەر وەك خوی بێتن و ببێتە ماددەی(٢)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕیاری ژمارە(٧) دەڵێ هەموو موعامەلاتی كڕین و فرۆشتنی ماڵ و مۆڵكی نەگوێزراوەی لێپرسراوانی پێشووی ڕژێمی عێراق هەتا دوایی، لێرە ئاماژە بەوە نەكراوە موعامەلات، تەبعەن لەدوای ڕاپەرینەوە ئەوەی كە موعامەلاتی پێكردووە هاوەلاتیانی كوردستانن، تەبعەن لەناو كەوانەیەكدا (هاولاتی) ڕەنگە لەوێیا مامەلات ئەگەر بەرپرسەكان بێ، بەرپرسە سیاسی و ئیداری و حیزبیەكان بێ، ئا، یەعنی مەبەست لەوەی كە ئەم مامەلانە پێنەكرێتەوە هەتاكو ئێستا چی مامەڵەی پێوە كراوە؟ بەپێی هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارەی كەوا بەكارخستنەوەی بڕیاری ژمارە(٧) دەبێ هەموو ئەم مامەلانە هەڵبوەشێتەوە، ئەمە سەرچاوەیەكە یان سەرەتایەكە بۆ دەركەوتنی هەندێك كێشە، ڕەنگە كێشەی كومەلایەتی لێبكەوێتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوە دەبێ وریای ئەوەش بین، یەعنی ئێمە كە باس دەكەین، ڕەنگە لایەنی ئیجابی تیابێ ئەگەر ئەو كڕین و فرۆشتنانە هەڵبوەشێتەوە ئەو كاتەی ئێمە پرسیارەكە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مۆڵكانە دەكەین ئەوەی كە پێشووتر كارمەندانی بەعس، یان فەرمانبەران، یان بابڵێین ئەوانەی كە بەعسی بوون و لەكوردستان بۆن و ئەو موڵك و ماڵانەیان لەژێر دەسەلاتیان بووە، دواتر لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە ئەمانە مامەڵەیان وەكو مۆڵكی گشتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێ؟ یان وەكو غەنیمەیە هەركەس دەستی بەسەردا گرتبێ؟ ئا، چونكە دەبێت پرسیارەكەش یەعنی ئەوەبێ ئایا هەموو ئەمانە بۆ كەسو كاری شەهید یان بۆ پێشمەرگەیە؟ ئەوانەی كەبۆ ئەو خەڵكانەیە چۆن پێدراون وە ئایا هەر ڕاستەوخۆ دەستی بەسەردا گیراوە یان حكومەت پێش كەشی كردوون؟ ئەی ئەو مۆڵكە گشتیانەی كە پێشكەش نەكراون واتە بەڕێكاری یاسایی پێشكەش نەكراون ئەمانەش چون مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت؟ بۆیە ئەم لایەنەی هەیە ئەوەی كە پێشنیاری دەكەم ئەوەیە كە هەمواركردنەوە بۆ ئەوە زیادبكرێ وە وردەكاری زیاتر لەو مەسەلەیا بكرێ، هەر لەبڕیارەكە لە بەشی ئاخیریا باس لەوە دەكات تاكو یاسایەك بابڵێین دەردەچوێنرێ، ئایا پرسیارەكە ئەوەیە هەر بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەو بڕگە زیادكراوانە

جێگەی ئەو یاسایەمان بۆدەگرنەوە؟ یەعنی ئەوە پرسیارە جدییەکەیە بزانین جێگەی ئەو یاسایەمان بۆدەگرنەوە بۆ کوتایی هێنان بە کێشەکە بەشێوەکی جەوهەری، خاڵێکی تر مەسەلەی ئەسەری رەجعیە کە لەشوێنێکا باس لەوە دەکا لەبڕگە زیادکراوەکانا کەئەمە پەیوەندیدارە بەوە هەموو ئەو مامەڵانەش دەگرێتەوە کەئێستا ئامادەییان هەیە، یەعنی ئەوەش .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێزد. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەقسەکانی دکتورە ڤالا و کاك سۆران عمر دەکەم بۆ هەموارکردنەوە، زیادکردنی هەموارکردنەوەکە، وە پێم باشە لە هەموارکردنەوەکەیا دەقەکە بەو شێوەیە بێت کە هەمان دەقی بڕیاری ژمارە(٧) بەکار بهێنرێت هەتا وەکو ئەوەی دەگاتە واتە هەموو موعامەلاتی کڕین و فرۆشتنی ماڵ و مۆڵکی نەگوێزراوەی لێپ سراوانی پێشووی ڕژێمی عێراق، ئەوانەی لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکە و لەدوای ئەویشدا چوونەوە پاڵ ڕژێم هەڵوەشێنرێتەوە و لەوێوە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت وە بگەڕێنەوە بۆ مۆڵکی گشتی، پاشان بەیاسایەك ڕێکبخرێت و چارەسەر بکرێت .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بشار فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو ئاشکرایە دەزانن رزگارکردنی خاکی کوردستان بە سێ، چوار، قۆناغ تێپەڕبووە، لە ساڵی ١٩٩١هەندێك خاکی کوردستان رزگاربوو، پاشان وابوو پاش رووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ هەندێك خاکی دیکە رزگاربوو، وەلە ٢٠١٤/٦/١٠ ش هەندێك خاکی دیکەشی کوردستان رزگاربوو، ئۆمێدەوارین ئەو خاکە کەمەش مایە بەزوترین کات رزگاربێ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پرسیاری من ئەوەیە بۆ لیژنەی یاسایی ئەم بڕیارەی ئێستا کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت وە بە نیازن پەسەندی بکەین و ببێتە بڕیار، ئەم بڕیارە ناوچە کوردستانییەکانی پێشی ٢٠٠٣ دەگرییتەوە، یان پاشی ٢٠٠٣، یان پاشی٢٠١٤ دەگرێتەوە؟، چونکە حەقیقەت کێشەیەکی زۆر لە هەندێك لەسنووری قەزای شێخان، و قەزای سێمێل، و قەزای مەخمور هەیە بەینی مەلاك و جوتیار، بۆ ئاگاداری جەنابتان لە ساڵی ١٩٩٩ لەپەرلەمانی کوردستان دوو بڕیار دەرچوو بڕیاری ژمارە (٤) وە بڕیاری ژمارە(٣) کە بڕیاری ژمارە (٤) بۆ سنووری قەزای شێخانە، و بڕیاری ژمارە (٣) بۆ سنووری قەزای سێمێلە، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە لەسەر هەندێك کێشە جێبەجێ دەکرێت وە لەسەر هەندێك کێشە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان وە بە تایبەت لیژنەی یاسایی یان ئەو بڕیارە بۆمان روون و ئاشکرا بکەن ئەو بڕیارە ئێستا شمولی هەموو خاکی کوردستان

دەگرێتەوە یان تەنها شمولی ئەو دەفەرە دەکات کە پێشی ٢٠٠٣ بوو، بۆ ئاگاداری جەنابتان ماوەی شەش مانگە لیژنەیەك لەسەرۆکایەتی هەرێم پێکهێنرایە وە بەداخەوە هەتا ئێستا نە گەیشتووە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو قەزایە، پێشنیاری من ئەوەیە ئەگەر بکرێتن لیژنەیەك پێکبهێنرێت لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی سنووری قەزای شێخان و قەزای سێمێل بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چونکە حەقیقەت کێشەیەکی زۆر گەورەیە بەینی مەلاك و بەینی جوتیاران، ئەو جوتیارانە لە ساڵی ١٩٧٥ بەرشاڵاوی تەعریب کەفتینە، ئەوەش خەڵکی ئێمەیە تەنها لەبەر ئەوەی کوردن غەدرو تەعدایان لێکرایە ئێستا گەرانەوە سەر گوندەکانی خۆیان، بەڵام تائێستا ناتوانن تەصەروف بەو خاکە، بەزەوی خۆیان بکەن، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەم کێشەیە بەزووترین کات چارەسەر بکرێت و .زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبڕوای من ئیشکالیەتی ماددەی دوو پەیوەندی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە، چونکە حیکمەتی هێنانەوەی یان بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧) من تێناگەم، بڕیاری هەتا پڕۆژەکە بەناوی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە(٥٥)ی ساڵی(٢٠٠٤)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراقە، کە ئێمە ئەمەمان هەڵوەشاندەوە پێشتر ئەوەی کە باسکرا بڕیاری ژمارە (٧) کە لەکۆتایی دا دەڵێت هەتاکو دانانی یاسایەك کەچۆنیەتی دەستکاری کردنی ئەو ماڵ و مۆڵکە دەستنیشان دەکات، ئەو یاسایە دانراوە، بڕیاری ژمارە (٥٥) ئەو مەسەلەیە کە لێرە روونی کردۆتەوە لەبڕیاری ژمارە (٧)، مادام لەدوای بڕیاری ژمارە(٧) بڕیاری ژمارە (٥٥) هەیە بۆ ئەم بابەتە ئێستا هێنانەوەی ئەم مەسەلەیە یەعنی زیندووکردنەوە و بەگەڕخستنی ماددەی(٢)وەم نازانم حیکمەتەکەی لەچیایە؟، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ئەمە لابەرین هەر باسی نەکەین ئێمە باسی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥) دەکەین کە ئەوەمان هەڵوەشاندەوە هەندێك بڕگە ئەوەی کە باسیانکرد ئیزافە دەکەین بەبێ باسکردنی بڕیاری ژمارە (٧)، چونکە بڕیاری ژمارە(٧) بەبڕیاری ژمارە (٥٥) سقوتی کردووە، ئێستا هێناویانەتەوە ئەمە ئیشکالیەتی دروستکردوە و سەری لە هەموومان تێکداوە، بۆیە ئەگەر ئەمە هەر لابرێ ماددەی(٢)وەم لابرێ بەهیچ شێوەیەك ئێمە باسی بڕیاری ژمارە (٧)نەکەین، چونکە ئێمە ئێستا ئیشکالەکەمان لەگەڵ ژمارەی(٥٥)ە کە بڕیاری ژمارە(٥٥)مان ڕاگرت، دێین لەمەیا هەندێك شت ئیزافە دەکەین، ئەو پێشنیارانە کە باسیانکرد بەبێ باسکردنی بڕیاری ژمارە (٧)هەندێك پێشنیار کە لەبەرژەوەندی ئەو خەڵکانەبێ کەئێستا گرفتیان هەیە لەگەڵ بڕیاری ژمارە (٥٥) نەك بڕیاری ژمارە (٧)، چونکە ژمارە (٧) وەکو باسم کرد هەڵوەشاوەتەوە، ئەگەر ئەمە بکەین ڕێگاکە روون دەبێ، دەزانین باسی چی دەکەین، بەس ئێستا ئێمە لەبەینی ئەو دوو بڕیارە بەڕاستی سەرمان لێ تێکچووە بەبڕوای من گرفتەکە ئەوەیە ئەگەر ئێستا قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەم بڕیارە لابرێ، ماددەی(٢)وەم لابرێ یەکسەر بێینە سەر ئەوەی کە بڕگە

بەبڕگە ماددەی(٢)وەم بکەین بە ئەو سێ بڕگەیەی کە ئیزافەیانکردووە، نەك سێ ماددە ئەو سێ بڕگەیەی کە خویان ئیزافەیانکردووە، پێموایە ئیشکالیەت نامێنێ و حەل دەبێ و هەر تەعدیلی ئەو بڕگانەمان نەمێنێ .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان :**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە دەمانەوێت ئەمڕۆ مۆعالەجەی کێشەیەك بکەین کەکێشەیەکی کۆنی نوی یێ چەند ساڵەی هەرێمی کوردستانە وە لەبەر دەم دوو ئەزموونداین کە بۆ چارەسەرکردنی ئەمە کە بڕیاری ژمارە(٧) ە کەمن ئەو ژمارەی(٥٥)ە کەڕێپێدانە، هەردووکیشی دیارە لە ڕوانگەی کومەڵێك ئیشکالاتەوە داڕێژراوە کاتێك کە ژمارە (٧) دائەڕێژرێ کومەڵێك ئیشکالات هەبوو، بۆیە ئەو(٥٥)یش کەڕێپێدانە دیارە بۆ موعالەجەی کۆمەڵێك شتە، بۆیە دەبێت ئێمە زۆر وردەکارانەتر دەستکاری ئەوە بکەین ڕاستە ئەو پێشنیارانەی کە پەرلەمانتاران لە لیژنەی یاسایی کردیان کۆمەڵێك ئیشکالاتمان بۆ بڕیاری ژمارە (٧) لەکول دەکاتەوە، بەڵام بەدەرنابێت لەهەندێك وردەکاری تر، کە ئامانجی ئێمە ئەوەیە بەعسییەکان نەبنەوە خاوەنی ئەو مۆڵکانە، بەڵام کۆمەڵێك تەلاعوباتی یاسایی دەکرێت یاخۆد هەندێ ڕێ و شوێنی تر هەیە کە ئەوان بیانەوێت ببنە خاوەنی، بۆ نموونە لەکاتێکا کەئەم مۆڵکانە دەستاو دەستی پێکراوە ئێستا زەمان چییە بۆئەوەی کە ئەوان هەربە ڕێکارێکی یاسایی لە خەڵکی کەئەو دەستاو دەستەی پێکراوە خۆیان ببنەوە خاوەنی جارێکی تر؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم کە دەبێت چارەسەری ئەمە بەبڕگەیەك بکرێت ئەمە بەجێ دەهێڵم بۆ لیژنەی یاسایی ئەوانەی کە یاساین بەڕاستی، چونکە من لە ڕووی بەکارهێنەرەکەوە، بەڵام ئێمە شتێك دادەڕێژین خاوەنی ئێستای مۆڵکەکان بۆیان نەبێ ئەو مۆڵکانەی کە جارێکی تر بفرۆشنەوە، لەوانەیە بەخاوەنی پێشووی مۆڵکە گوازراوەکان، ئیتر ئەمە نازانم سیاغەکەی چۆنە و چۆن نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئامانج ئەوەیە کە ئەو بەعسییانە نەبنەوە خاوەنی وە بەتایبەتی ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستانا لە بەردەم ئەزموونێکی نوێداین ئاوارەیەکی زۆری عەرەب هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان لەوانەیە کەپێ ئەچێت خەڵکی بەعسی تیابێت خەڵکی تری تیابێت، بۆیە دەبێت بەهەر شێوازێك ئەو وردەکاریە ڕەچاوبکرێت و ئەو ئامانجەمان بێنێتەدی کە ئەوەی بەعسییەکان نەبنە خاوەنی ئەو مۆڵکانە و .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەکیان هەیە، بەڵکو بتوانین مۆناقەشەکان کورت بکەینەوە.

د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کورت کردنەوەی مۆناقەشەکان بۆئەوەی لەیەکتری تێبگەین لیژنەی یاسایی و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان هەقی داوە بەلایەنە پەیوەندیدارە ئیدارییەکان و مەحەلییەکان کە هەقی کڕین و فرۆشتن لە بەعسییەکان بستێنێتەوە، ئینجا ئەوان دابەشی بکەنەوە بەسەر هاوڵاتیانی کوردستان دا، یەعنی خۆی ئەصڵی هەقەکە لەبڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)دا دەستپێدەکاتن ئەو بڕیارە هەقی داوە بە جیهاتی ئیداری وە هەقی داوە بە جیهاتی مەحەلی کە هەستن کڕین و فرۆشتن لەسەر بەعسییەکان ڕابگرن وە دواجار ئەو ماڵ و مۆڵکە دابەش بکەنەوە بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە ئێستا لیژنەی ئەندامانی پەرلەمان کە ئەندامن لە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردووە بۆئەوەیە ئەو بڕیارە هەندێك ئاساری مۆعالەجەیە بۆ ئەو ئاسارانەی کە دروست بووینە لەسەر تەتبیق کردنی ئەو بڕیارە، ئەوەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێکرد بڕیارەکە خۆی لەخۆیدا موشکیلە نییە، چونکە ئەصڵی بڕیارەکە هەقی داوەتە حکومەتی هەرێم کەئەو زەوی و زارە و ئەرزانە دابەش بکات بەسەر هاوڵاتیانی کوردستان دا، تۆ ئەگەر لێرە عوقدەت لەگەڵ زیندوو کردنەوەی بڕیارەکە هەبێتن، لێرە ئەتۆ ئەو هەقە لەئەساسدا ئیسقات دەکەی کە حکومەت پێی هەستاوە ئەرزەکانی دابەش کردووە بەسەر هاوڵاتیان لەهەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان لەلیژنەی یاسایی پێشکەشیان کردووە تەنها ئەوە بووە کە موعالەجەی ئەو ئاسارانە بکاتن کە تەتبیق کردنی ئەو بڕیارە دروستی کردووە تەتبیق کردنی بڕیارەکە هەندێك کێشە دروست دەکات قانونەکە دەرنەچووە تاکو ئێستا کە ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە و بیبڕێنێتەوە دەرنەکردنی قانونەکە بۆتە هوی ئەوەی کەئەمرۆ بەعسییەکان و وارسی بەعسییەکان بێن و داوای ئەو مافە بکەنەوە، ئێمە ویستوومانە لەڕێگای ئەو پێشنیارانە هەم بڕیارەکە بەگەڕ بخەینەوە لەهەمان کاتیشدا تەعدیلێك بۆ بڕیارەکە بکەین بەشێوەیەکی ئەوتۆ کەئەو تەعدیلە جێگای یاساکە بگرێتەوە لەلایەك وە ئەو ئاسارانەشی کەدروست دەبێت لەلایەکی تر نەمێنێتن، بۆیە لە ماددەی(٢)دا ئەگەر بڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق بەزیادکردنی ئەم بڕگانەی خوارەوە، بڕگەکان بۆ بڕیاری ژمارە(٧)ئێمە زیاد دەکەین بۆئەوەی هەر ئاسارێك کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا دروستبووە لەسەر تەتبیق کردنی ئەو بڕیارە لەمەودوا ئەو ئاسەوارە سەلبیانە موعالەجە بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڕێواز نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەکەم نیزامی نییە، بەلاّم تەئکید کردنەوەیە، لەو نووسراوەی کەژمارەکەیم خوێندەوە دەزانم هاوڕێیانم لەسەر تاقەتیان نییە بخوێنم .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس عوقدەی نییە لەگەڵ هێنانەوەی ئەم ماددەیە، بەلاّم یەك ئیشکالیەتی تیایە ئەم ماددەیە بەروونی باسی ئەوەی نەکردووە ئەوەی کە لیژنەی یاسایی باسی دەکەن، باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەم ماڵ و مۆڵکە نەدرێتەوە بە بەعسییەکان، بەس کڕین و فرۆشتنەکەی ڕاگرتووە، حاڵەتێکی تر پێم وایە ئیشکالیەکە لەیەك شوێنە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان عینوانی ئەم پرۆژە یاسایە کێشەی تیایە ئەگەر بڕیاری هەموارکردنەوەی بڕیاری (٥٥) بوایە پێموابوو ئەم ئیکشالیە دروست نەدەبوو و ئەم هێنانەوەشی پێویست نەبوو .سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاّ من هەر تەقریبەن زۆرێك لەو ڕایەی کاك زانا، نا، ئاخر بەس من بە نوقتەی نیزامی دەزانم، چونکە لیژنەی یاسایی ئەو خاڵەی زۆر پێ گرنگە، بەلاّم من خاڵەکە دەخوێنمەوە ئەگەر روخسەت هەبێت هەڵەکەی ئەوە دەکەم دەڵێ هەموو موعامەلاتی کڕین و فرۆشتنی ماڵ و مۆڵکی نەگوێزراوە، ئاخر نەك ڕایە سەرۆك . سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕایە، فەرموو کاك فرحان،

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایەی پێشووی کە بڕیاری(٧)ی ساڵی ١٩٩٢ ئیشکالیەتی تێدایە چارەسەری ئەوە ناکات، منیش لەگەڵ ئەو ڕای کاك زانام کە دەڵێت موعامەلەکان ڕابگیرێتن و دوایی دێت ئەتۆ بەگەڕ دەخەیەوە وە تەفعیل و تەعدیلی دەکەی ئاخر تەفعیل و تەعدیل پێکەوە کۆ دێتن، یەعنی ئیشکالیەتێکی هەیە دەڵێت بەیاسا ڕێك بخرێتن یاسایەکی بۆ بدۆزرێتەوە چارەسەری نەکردیە یەعنی بڕیاری ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٢ کێشەکەی

چارەسەر نەکردووە تەنها ڕای گرتووە تا ئەوکاتەی یاسایەك دەردەکرێتن ئێستا تۆ بگەڕێوە سەر تەفعیلی بکەی و ئەو خالآنە زیاد بکەی ئەمە ناکرێ ئەگەر لاشی ببەی، ئەو کاتە یاسایەك دەردەکرێتن، ئێستا تۆ بگەڕێوە سەر تەفعیلی بکەی ئەو خالآنە زیاد بکەی، ئەمە ناکرێ، ئەگەر لاشی ببەی ئیسقات وەکو بەڕێز (د.ڤالآ) وتی سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئیسقاتی حەقەکەیە لە بنەڕەتەوە دەکاتن، بۆیە پێموایە بە ڕەئی من دەبێ یاسایەك دابنرێ ئەمە چارەسەر بکاتن، ئەگەر نا کێشە و ئیشکالیاتی زۆر دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە تاوەکو ئێستاش لەم یاسادا ئیحائێك نییە، هەر بە ئیحائیش نییە کە موڵکداریەتی و خاوەنداریەتی بەعسییەکان لێیان وەرگرێتەوە، هەر تەنها دەڵێ هەڵوەشاندنەوەی کڕین و فرۆشتن، ئەمە تەبعەن بابەتێك هەیە هەر لە فیقهی ئیسلامیشدا کە پێی دەوترێت (حجز) تەنها ئەوەندەیە کە کەسێك زۆر قەرزارە بۆ نموونە (حجز) دەخرێتە سەر فلان خانووی ناتوانێ بفرۆشرێ، نەك موڵکەکەی وەربگیرێتەوە لێی، لەمە هەر ئەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بەراستی هەتا لەو سێ بڕگەیەش کە د.ڤالآ خوێندییەوە هەر تێیدایە دەڵێ خاوەنی موڵکەکان، خاوەنەکانن، وەکو بڵێی هەر باسی خاوەنداریەتی بەعسییەکان دەکات، لەبەر ئەوە من بەراستی پێموایە کە ماددەیەك دابنێین کە بنبڕبکرێت، یەعنی ئەو خاوەن و خاوەنداریەتییە هی بەعسییەکان بە قەتعی نەمێنێت، یەعنی موڵکدار، چونکە دوایش کابرا دەتوانێ بێتەوە بڵێ کاکە ئەوە هەر لە یاساکەدا دەڵێ خاوەن، کەواتە من هەر خاوەنم، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە کورتی ئەوەیە کە شتێك لەم بابەتەی سیاغەی دوای لیژنەی یاسایی چۆنی دەکەن خۆیان دەزانن، بووترێت (وێڕای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارەیەتییان سەرجەم کڕین و فرۆشتنیشیان هەڵدەوەشێتەوە)، یەعنی ئەوەی تێدابێ کە ئەمانە مالیك نەماون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پشتیوانی لەو قسانە دەکەم کە دەڵێن وا دابڕێژرێتەوە کە ئەمە هەم بەکار خستنەوەیە، هەم هەموارکردنەوەیە، یەعنی لەگەڵ ئەوەشدام کە ماوەیەکیش دابنرێ لە ماوەی سالێکدا، یاخۆد زیاتر کە بە یاسایەك ڕێکبخرێ، ئینجا دەقێکی پێشنیارکراویش هەیە، نازانم ئەگەر ئێستا بیخوێنمەوە، ئیزافەتەن بۆ ئەو سێیانەی بەڕێزیان....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی کاك د.شێرکۆ، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەمی پرۆژە ئەسڵیەکە پێش ئیزافەکە بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) لە پەرلەمانی کوردستان، تەبعەن ئێستا ئەگەر ئەو دەقەی (سێیەم) کە ئێستا بڵێین دەبێتە (ماددەی سێیەم) لە ئیزافە کراوەکان بێتە جێگای ماددەی (دووەم)، بەڵام بە زیادکردنی یەك کەلیمە وەکو پێشتریش وتم ئەو مۆڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵوەشاوە، یەعنی بڕیاری هەڵوەشاوەکە دەیانگرێتەوە لەوێ تەحدیدی کردووە کە ئەو مۆڵکانەیە کە هی رژێمی پێشووە لە ساڵی (١٩٩١) یان لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە هیچ ئیشکالێکی قانونی تێدانییە، بۆیە منیش پێموایە پێویست ناکات بڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)، چونکە ئێمە کێشەکەمان هاتووین بە قەرارێکی نوێیە، حەلی دەکەین، چ موحتاج نییە بچین تەشەبوز بە قەراری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بکەینەوە، بەڵام بۆ تەحدیدکردنی چ دەڵێین، دەڵێین بەس ئاماژە پێ دەدەین کە لە ماددەی کە ئێستا ماددەی (سێیەم)ە دەڵێین ئەوانەی کە بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) دەیانگرێتەوە هی هەڵوەشاوە، هەڵوەشاوەیەکی بۆ ئیزافە دەکەین، چونکە قەرارەکە هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە منیش پێموایە ماددەی (دووەم)ی ئێستا هی پرۆژەکەی کە پێشکەش کرابوو لابچێ، یەکسەر ماددەی (سێیەم) کە ئیزافەکراوە بێتە (دووەم) بە هەمان شێوە بڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دەبێت دوایی لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەمان لەسەر ئەوە بدەنێ کە باس لە ماددەی (یەکەم) وتوومانە ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٤)ی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ ئەمەت ڕاگرت بڕیاری ژمارە حەوتت بەگەڕخستۆتەوە، ئایا ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە ناگەیەنێ؟ با وتووێژەکان تەواو بێت د.بەهار؟ دوو بەڕێز ماوە خاتوو گەشە داراش دەستی بەرزکردەوە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هەر بە ئیشکالەوە هاتووین، بڕیاری ژمارە (٧) دەرچووە (٥٥) ڕایگرتووە، هەڵیوەشاندۆتەوە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە بڕیارێکی نوێ هەیە، بەڵام تازە چووینەتە سەر ماددە بە ماددەی ئەو بڕیارەی کە ئامادە کراوە، ئەگەر نا من پێموایە ماددەی (سێیەم)ی پێشنیارکراو لەوێوە دەستمان پێبکردایە دەستمان لە بڕیاری (٥٥) نەدایە زۆر دەقیق دەبوو هەلگری ئەم هەموو ئیشکالیەتە نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەم کە ماددەی (سێیەم) کە دەڵێ ئەو مۆڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی

(١٩٩٢) ئەوەی د.فرست فەرمووی هاوڕام لەگەڵی هەڵوەشاوەی بخەینە سەر، پێویست ناکات بڕیاری ژمارە (٥٥) هەڵوەشێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر تازە دەنگمان لەسەری دا کاک سۆران؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشکیلەکە ئەوەیە کە بە پەلە پەلیەکە ئەوە نەتیجەکەیەتی، ئێستاش دەکرێ ئەو حاڵەتەی کە تەفعیلی بڕیاری ژمارە (٧) دەکات ئیلا دەبێ دەست کاری ناوەرۆکەکەی بکەین، پێشنیارێکم ناردووە بۆ دەست کاری ناوەرۆکی بڕیاری ژمارە (٧)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) لەو ئیشکالیەتە دەرمان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئەوەی ئێمە دەیکەین ئێستا ئەگەر ئەو ماددەی (دوو)ی پڕۆژە بڕیارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان وشەیەکی بۆ زیاد بکرێ، تەعدیل و تەفعیلە بە یەکەوە، یەعنی ئەگەر ناوی لێ بنێین یان ناوی لێ نەنێین بەم شێوەیەی ئێستا کە دەڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، دوایی دێین لە چەند ماددەیەکدا موعالەجەی ئەو ئشکالیەتانە دەکەین کە لە ناو ئەم بڕیارەیەدا هەیە، پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئێمە تەفعیل و تەعدیل بە یەکەوە دەکەین لە ڕووی کردەوەییەوە ئەگەر ناویشی نەهێنین، بۆیە پشتگیری لە کاک د.فرست و کاک سۆران عمر دەکەم، لەوەی کە ئێمە بە ناو هێنان ناوی نەهێنین لەبەر ئەوەی لە ماددەی (یەك)دا کردوومانە تەحسیل حاصلە کە بڕیاری ژمارە (٥٥)مان هەڵوەشاندۆتەوە، واتە بڕیاری ژمارە (٧)مان تەفعیل کردۆتەوە، بەڵام با ناوی نەهێنین بە شکڵێکی زمنی بێ تەفعیل کردنەوەکە بەوەی کە ئاماژە بەوە بدەین ئەو بڕیارە پێشتر هەڵوەشاوەتەوە، ئێمە کە هاتووین بڵێین ئەو بڕیارە نوێیە بڕیاری ژمارە (٥٥)مان هەڵوەشاندۆتەوە، هاتووین کارپێکردنی بڕیاری ژمارە (٧)مان هێناوە، بەڵام بە دەست کاریکراوی، چونکە ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە هاوڕێکانم وتیان و لەگەڵیاندا هاوڕام سەبارەت بە ناوەرۆکی خراپی بڕیاری ژمارە (٧) بڵێین وەقعەکانی هەر چۆنێك بووبێت ئێمە دەبێ قسەیەکی حەقیقیش لەسەر ئەوە بکەین کە وتوومانە لەسەرەتادا ئەمەی ئێستا ئێمە دەیکەین شوێنی یاسا دەگرێتەوە، بەڵام لە ناو لە زمنی بڕیاری ژمارە (٧) هاتووە دەڵێ هەتا وەکو یاسایەك دەردەچێت، کەواتە ئێمە خۆمان مولزەم دەکەین لە دوای ئەم هەموو موناقەشەیەدا ئەم هەموو بە هەدەردانی کاتە ئەگەر ئەمە وەکو خۆی دابنرێتەوە خۆمان مولزەم

دەكەین بەوەی لە داهاتوودا یاسایەكیش دەربكەین، بۆیە پشتیوانی لە هەردوو بەڕێزان كاك د.فرست و كاك سۆران عمر دەكەم بەوەی كە بە شێوەیكی زمنی ئێمە تەفعیل و تەعدیلەكە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە دارا فەرمووو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە نییەتی هەموومان ئەوەیە كە ئەم موڵكانە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەعسییانە، كاتێك كە ئەم بڕیارە دەرچووە نیەتی موشەریع ئەوە بووە لە بڕیاری ژمارە (٧) كە بەو شێوەیە بێت، بەڵام دەتوانرێ تەفسیری عەكسەكەشی بۆ بكرێ كە وەكو كاك سۆران دەڵێ پێچەوانەی ئەو بڕگانە دەبێ كە ئێستا خۆی د.ڤالا خوێندیەوە، بۆیە ئێمە كە من پێشینەی وام نەبینیووە راگرتن و بەكارخستنەوە و تەعدیل لە یەك پرۆژەدا بێ و كە ناویشی نەنراوە بەو شێوەیە، بەڵام مادام ئێمە دەمانەوێ ئەم قەزیانە كە ئێستا لە مەحاكمە، بەشێكی دەرەجە قەتعی وەركرتووە، بەشێكی ئێستا لەبەردەم دادگایە بۆ بڕیاردان، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام كە زوو ئەم بڕیارە دەربكەین، بەڵام بە موتەكامیلی، مادام ئێمە تەعدیلێك دەكەین لە ناوەرۆكدا ئەم بڕگەیەش پێویستە تەعدیل بكرێ هەر ئەوها نەیهێڵینەوە، چونكە مەجالی تەفسیری موخالیفی هەیە، مەفهوومی موخالەفەش دەگەیەنێ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە بەعسییەكان نەتوانن حەقی تەسەرووفیان هەبێ مامەڵە بەو موڵكانەوە بكەن، بەڵام دەتوانرێت تەفسیری عەكسەكەشی بكرێ بە پێی ئەو دارشتنەی كە لە بڕیارەكەدا هەیە، مادام ئێمە تەعدیل دەكەین با ئەوەش هەر تەعدیل بكەین لەگەڵیدا، هاوتا یەك دێتەوە لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی كە د.ڤالا كردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی بۆیە بەكارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)یشمان لێرەدا داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر بچینە سەر هۆكارەكانی دەرچوواندن كە نووسیومانە لەگەڵیدا، وتومانە بۆ جێگرتنەوەی ئەو یاسایەش كە بڕیاری (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) ئاماژەی بەوە كردووە، بۆیە هەدەف ئێمە لە زیادكردنی ئەم بڕگانە ئەوەیە كە جێگەی ئەو یاسایەش بگرێتەوە لە هۆكارەكانی دەرچوواندندا ئیشارەتمان پێداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستە ماددەی (یەكەم) خۆی لە خۆیدا تەحسیل حاصلە ئەویش هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی مانیعمان نییە ئەگەر ئەو ماددەی (دووەم)ە لاببرێ و موباشەرتەن ئیقتراحەكان دابنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو مولاحەزە و تێبینییانەی کە پێشکەش کران لەلایەن بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ماددەی (یەکەم) کە دەنگی لەسەر درا ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، پێشنیار دەکەین ماددەی (دووەم)یش بە هەمان شێوە ڕاگرتنی کارکردن بێ بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، هەردوو بڕیارەکە ڕادەگرین کە هەردوو بڕیارەکە ڕاگیرا ئەو (٢) ماددەیەی کە پێشنیارمان کردووە ئیزافەی دەکەین حەل دەبێ بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە هەیە بە ئیزافەکردنی وشەی (هەڵوەشاوە) بۆ ماددەی (دووەم) کە ئیزافەمان کردووە، ئەوەی کە بەڕێز د.فرست ئیشارەتی پێدا، هەردوو بڕیارەکە ڕادەگرین کە هەردوو بڕیارەکەت ڕاگرت ئەوانەی کە لێرە موقتەرەحن دەنگی لەسەر دەدرێ و دەگرێتن بە بڕیار ئەو کێشانەی کە هەیە چارەسەریان دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با نوقتەی نیزامی بێت د.فرست؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) خۆی هەڵوەشاوەیە، نە دەتوانین بیمرێنین نە دەتوانین زیندووی بکەینەوە، ئێستا مردووە، یەعنی بڕیارەکە ئێستا ئێمە دێین کە دەڵێین ئەو موڵکانەی نەگوێزرانەوە کە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵوەشاوە مانای وانییە ئێمە هاتووین باسی ئەسەرێکی دەکەین کە کەوتۆتەوە لە ئەنجامی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)، بۆیە بە تەسەوری من لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشەی نییە یەکسەر لە ماددەی (یەکەم) کە ژمارە (٥٥) هەڵدەوشێنیەوە تەحەول بکەی بۆ ماددەی ئەوەی ئێستا (دوو)ی بە تەواوی کۆتایی پێ بێنێ زۆر باشترە لەوەی، یەعنی جارێکی تر باسی ژمارە (٧) بکەیەوە، چونکە لێرە ئاماژەت پێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالاّ ڕوونکردنەوەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەکە تەنها لێرە دروست دەبێ کە من ئیلغای بڕیاری ژمارە (٥٥) دەکەمەوە، مەعنای ئەوەیە بڕیاری ژمارە (٧)م زیندوو کردۆتەوە، کە ئیلغای ئەوەت کردەوە، یەعنی بڕیاری ژمارە (٧)ت زیندوو کردۆتەوە بۆ

حەل كردنی ئەو كێشەیە، چونكە بڕیاری ژمارە (٥٥) تەنها یەك ماددەیە، ئەویشیان دەڵێ بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) من ئیلغا دەكەمەوە، كە دەڵێم لێرە ئیلغای ژمارە (٥٥) دەكەمەوە، یەعنی خۆی لە خۆیدا ژمارە (٧)م زیندوو كردۆتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارە كرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیشكالەكەی من دكتۆرە باسی كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دێینەوە سەر ئەوە ئێمە چ ئیشمان بە ژمارە (٥٥) بوو كە ژمارە (٧)ی ڕاگرتووە، ژمارە (٥٥) چییە؟ ژمارە (٥٥) ڕاگرتنی ژمارە (٧)ە، ئێستا تۆ دێی ژمارە (٥٥)یش ڕادەگری، ژمارە (٧)یش ڕادەگری ئەمە چ مانایەك دەبەخشێت؟ ژمارە (٥٥) ڕاگرتنی ژمارە (٧)ە، كەواتە ئێمە ماددەی (یەك)مان بەسەردا تێپەڕی، دێمەوە سەر ئەو قسەیە دەبوو ئەم موقتەرەحانە یەكسەر ببوایە بە بڕیارێك و لە ناوەرۆكەكەشی ژمارە (٧) مردووە، مردووە، ئیلغایە، ئیلغایە تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا بڕیار كە لەم بوارەدا دەرچووە بڕیاری ژمارە (٥٥)ە دەگەڕێینەوە سەر ئەوە، كاك سۆران، دوا بڕیار كە لەم بوارەدا دەرچووە بڕیاری ژمارە (٥٥)ە تۆ دەبێ موعالەجەكردنی دوا بڕیار كە لەم بوارەدا دەرچووە ناتوانی دەستكاری ئەوانەی پێش خۆی بكەی، بۆیە پێویست دەكات بڕیاری ژمارە (٥٥) ڕابگری، ئەمە شتێكی باشە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ش ڕابگری، موعالەجەی ئەو كەم و كورتیانە بكەی كە لە هەردوو بڕیارەكە هاتووە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو من لە سەرەتای گفتوگۆكە باسی ئەوەم كرد ئێمە ئەگەر عینوانەكە لە جیاتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)مان بكردایە بە بڕیاری هەمواركردنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥) تووشی ئەم ئیشكالیەتە نەدەبووین، نەدەگەڕاینەوە، هەر ئەم (٥٥)ەمان كە هەبوو هەموار دەكردەوە ئەمانەمان بۆ ئیزافە دەكرد و ئەوەی كە بە دڵ نەبوو لا دەچوو، تەواو، یەعنی دەبوایە هەر لە سەرەتاوە ئەمە ئەوها

پێشکەش کرابووایە بۆ ئەوەی ئەوەندە نەگەڕاینەتەوە بۆ بڕیارە کۆنەکان، هەموارکردن بووایە لە جیاتی هەڵوەشاندنەوە نەدەگەڕاینەوە بۆ بڕیاری ژمارە (٧) ئەو هەموو ئیشکالیەتە دروست نەدەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا، بڕیاری ژمارە (٥٥) بەس تەنها یەك فەقەرەیە کە بریتییە لەوەی بڕیاری ژمارە (٧) ڕادەگیرێ، هەمواری چی دەکەیت، هەموار ناکرێت، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نەمانی یان بابڵێین بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەی ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) ناتوانین لە هیچ بڕگەیەکی تردا ئاماژە بە ئەسەری ڕیجعی بدەین، ئێمە ئەسەری ڕیجعی لە ڕووانگەی ئەوەوە ئاماژەمان پێدەدا ئەگەر بیرێك لە خاڵەکان بکەینەوە، دوو: ئەم (٣) ماددەیەی تریش پشتی بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بەستووە ئەم خاڵانەی تر کە داڕێژراوە ماددەی (٣، ٤، ٥)، پێشموایە ئەمە لە دواجاردا چۆن ئێستا هەموارکرایەوە لە چەند مانگی داهاتوودا یان ماوەیەکی زۆر کەمی تردا پێویستە هەم جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، ئەوەی کە بەدواداچوونی بۆ کراوە من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەدواداچوونم بۆ کردووە لە ساڵی (١٩٩٢) تا ساڵی (٢٠٠٤) کە ئەم یاسایە بە کار بووە هیچ کێشەیەك نەبووە بەعسییەکان نەیاتوانیووە بێن داوای ماڵ و موڵکی خۆیان بکەن، لە دوای ساڵی (٢٠٠٤) و دەرکردنی ئەم یاسایە بە پێی ئەوەی ژمارە (٥٥)ەکە توانیوویانە، بۆیە من جارێکی تر تەئکید لەوە دەکەمەوە کە حەقە ئەم یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك لە یاساکە ئاماژەی پێداوە بە یاسایەکی نوێ دەربکرێ و ئەم یاسایە هەموار نەکرێ، پێشنیار دەکەم ئەگەر پشتیوانیم لێ بکرێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە کە یاسایەکی نوێ دەربکرێ و ئەمە وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە، بەس لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی ئەوەمان بداتێ کە لەو (٣) بڕگەیەی کە ئیزافەی دەکەن هیچ باسی بڕیاری ژمارە (٧)ی تێدایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك دەڵێین ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٧) ئەسەری ڕیجعیمان نەداوەتە ئیلغاکردنەوەکە، بۆیە ئەوەی کە کراوە لە ژێر بڕیاری ژمارە (٧) هەمووی حقوقی موکتەسەبە ئیحترامی دەگیرێ لەلایەن جیهاتی مەعنی ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئێمە ئەگەر لێرانەش ڕاگرتنی کارکردن بکەین لەو ماددەیەی کە زیادی دەکەین دەڵێین (تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم (٧) للسنة (١٩٩٢) الملغي الذي منحته الجهات الادارية أو المحلية في الاقليم لغيره أملاكا مصادرة و لايحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار أو قيمته أو أجر مثله أو تعويضه نقدا أو عينا)، یەعنی لێرە

دووباره تەئکیدمان کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەك ئەو کێشانە و ئەو عەرقەلانە دروست نابن کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ترسیان لێی هەیە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوا دەکەین کە ماددەی (یەکەم) دەنگی لەسەر درا، ماددەی (دووەم)یش بە هەمان شێوە دەنگی لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ئاسارانەی کە دروست دەبن لە تەتبیق کردنی بڕیاری ژمارە (٧) بەو شێوەیە موعالەجە بکرێتن کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام (٣) نوقتەی نیزامی هەیە، تکایە نوقتەی نیزامی بێت؟ فەرموو کاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکید لە هەندێ دکەم ئەڤە ئەڤ ئیشکالە یاسایی نوکە چێبوین نەتیجەی ئیستعجالی کرنا مە بوو ل دەستپێکێش مە پێشنیار کر بەس نەهاتە وەرگرتن، یا دی مە دەنگی ل سەر ماددەیا (یەکەم) دای وەکو موناقەشە هات دیارە مە خەلەتیەکا کر و مە دڤێت ڤی خەلەتی بە خەلەتیەکا دی راستکەینەوە، قەت نەبوویە ماددەیەکی قانونی ماددەیا (یەك)ێ تۆ یاسایەکی تەفعیل بکەی بێی ماددەیا (دوو)ێ جارەکا دی هەڵوەشێنیەوە، یان تەعدیل بکەیەوە، ژبەر هەندێ خەلەتیەك مە کر بلا بە خەلەتی راست نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێ ئێمە باسی ڕاگرتن بکەین لە ماددەی (دووەم)، لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە (٧) بە خۆی مولغیە، هەر بە خۆی باسی ئیلغا دەکاتن، ئەوەتا لێرە باس دەکات بڕیاری ژمارە (٧) لە بڕیاری ژمارە (٥٥) دەکات، بڕیاری ژمارە (٧) ئیلغا دەکرێ، کە باسی ئیلغا دەکات ئێمە ناکرێ دووبارە بێینەوە سەر بڕیارێکی مولغی.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج، ئەمە چەند جار باسکرا، بە یارمەتیت، تکایە، ئاگاتان لەو وتووێژانە بێ کە لە پەرلەمان دەکرێ، ئاگاتان لە روونکردنەوەکانی لیژنەی یاسایی بێت، باسی ئەوە کرا، لیژنەی یاسایی باسی ئەوەیان کرد کە تۆ بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) ڕادەگری، کەواتە ڕاستەوخۆ بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بەرکار دەبێتەوە، چونکە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) یەك ماددەیەی ئەساسی تێدایە کە بریتییە لە ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە (٥)، ئەمە چوار، پێنج جار ئەمە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا باس کرایەوە، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارەی دەکەمەوە کە دوای ئەوەی ژمارە (٥٥) هەڵگیرا ژمارە (٧) ئۆتۆماتیکی دەکەوێتەوە کار، کەواتە ئەوەی (د.ڤالا)ش دەڵێ ناتوانی بڵێی هەڵوەشاوە کە وتت هەڵوەشاوە چۆن ئیعتیمادی لەسەر دەکەی، کەواتە هەر وەکو خۆی بمێنێ دروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە لە ماددەی (دووەم) وتت کار بە بڕیاری ژمارە (٧)یش ڕادەگری ئەوە ئەو کاتە دەبێتە مولغی، یان دەبێتە ڕاگیراو، بۆیە دەتوانین لە ماددەکانی تردا ئاماژەی پێ بدەی، بۆیە ئێستا با ئەم وتووێژە کۆتایی پێ بێنین دەنگ لەسەر ئەم ماددەیە بدەین کە سیاغەکراوە، تکایە بخوێنەرەوە جارێکی تر د.ڤالا؟ کاك عبدالله نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەی کاك (د.فرست)م، ژمارە (٥٥) هەڵگیراو ئەم خاڵانە زیاد دەکرێ ئیشارە بە ژمارە (٧) نەدرێ چارەسەری کێشەکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشارە بە بڕیاری ژمارە (٧) نەدرێ، بڕیاری ژمارە (٧) بەرکار دەبێت، کاری پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان، باشە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەك کێشە لەگەڵ خودی بڕیاری ژمارە (٧) هەیە، لەگەڵ نەصی بڕیاری ژمارە (٧) کێشە هەیە کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان تەرحیان کرد ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەگەر ئیشارەتی پێ نەدەین بڵێین تەنها بە زیادکردنی ئەم بڕگانە ئەوەی کە هاتووە لە ناو ژمارە (٧)دا وەکو خۆی دەبێ بمێنێتەوە، بۆیە ئێمە لێرە داوای ڕاگرتنی کارکردن بە ژمارە (٧)یش دەکەین و ڕاگرتنی کارکردن بە ژمارە (٥٥)یش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی کە کردوومانە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە بڕیاری ژمارە (٧) ئیشارەتی پێداوە، تەنها لەبەر سورعەتی عەمەلیەکەیە، ئەو پێشنیارانەی ئێمە پێشکەشمان کردووە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە داوا دەکات بڕیاری ژمارە (٧) دەڵێ دەبێ یاسایەك دەرچێت، ئەو پێشنیارانە جێگای ئەو یاسایە دەگرێتەوە، ئەگەر نا ئێمەش لەوە حاڵین، دەزانین کە کاتێك بڕیارێك هەڵدەوەشێنیەوە کارکردن بە بڕیارێك ڕادەگری لە هەمان کاتدا نابێ بڕگە زیاد بکرێت، ماددە زیاد بکرێتن بە شێوەیەك کە تەفعیل و تەعدیل لە هەمان کاتدا بێتن، بەڵام من بڕیارەکە هەڵدەوەشێنمەوە و بە زووترین کات کە بڕیارەکەم هەڵوەشاندەوە جێگای چەند ماددەیەکی دەکەمەوە لە هۆیەکانی دەرچوواندن ڕوونمان کردۆتەوە

موشەریع هەدەفی ئەوەیە لە زیادکردنی ئەو ماددانە بۆ ئەوەی زیادکردنی ئەو ماددانە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە بڕیاری ژمارە (٧) ئیشارەتی پێکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆیە تکایە بیخوێنەرەوە؟ ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندتەوە ماددەی (دووەم)، بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:** ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دایە بڕیاری ژمارە (٧) رابگیرێ و دوایی بە چەند نەصێك موعالەجەی ئەو کەم و کورتیانە بکرێ کە ئەو دوو بڕیارە بە جێیان هێشتووە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم کە دەنگدان لەسەر نەصی عەرەبییەکەی بێت، لەبەر ئەوەی بە پەلە تەرجومەمان کردووە بۆ زمانی کوردی، ئەوەی عەرەبییەکە موعتەبەر بێ دواجار بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هێن تەرجومەی بکەینەوە، چونکە لەوانەیە ئەگەر دەنگدان لەسەر زمانی کوردییەکە بکەین لێرانە چەند موستەلەحێك بپەڕێنین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:** تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم (٧) للسنة (١٩٩٢) الملغي الذي منحته الجهات الادارية أو المحلية في الاقليم لغيره أملاكا مصادرة و لايحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار أو قيمته أو أجر مثله أو تعويضه نقدا أو عينا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی بنووسین؟ دەستان بەرزکەنەوە، کاك فخرالدین ناوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارە بۆ گفتوگۆ (د.ڕێواز، تحسین اسماعیل، انور قادر، علی حەمە صالح، شێرکۆ جودت، قادر ئۆتمان، صالح فقێ، شکریە اسماعیل، مامۆستا غریب).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی لەبەر دەستی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان دایە، نووسراوە (مشروع قانون معالجة الاثار الناجمة على القرار رقم (٧) للسنة (١٩٩٢) الصادر من برلمان الكورستان_العراق، الملغى)، ئەوەش ئیمزا کراوە، داوای ڕوونکردنەوە دەکەم سەبارەت بەو ناونیشانە لە بەڕێز لیژنەی یاسایی، هەروەها سەبارەت بە (تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان)، تەبعەن دەبێ بنووسین (الملغى) ئیلغامان کردەوە، (الذي منحته الجهات الادارية أو المحلية في الاقليم لغيره أملاكا مصادرة و لايحق.....الى أخره)، بە تەسەوری من ئەمە جۆرێك لە ئیشکال هەیە لە یەك شتدا لەوەی کە ئێمە ئیشارەمان نەکردووە بە بەعسییەکان ئەمە یەك، دوو: من پێشنیار دەکەم خەڵکانێکی تری بۆ زیاد بکرێ ئەوانیش داواکراوانی دۆسیەکانی ئەنفال و جینۆسایدن لە هەرێمی کوردستان، چونکە من موستەشار دەناسم لە گەرمیان داواکراوە لە دۆسیەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، سەرباری ئەوەی دادگایی نەکراوە موڵکێکی زۆری کە پێشتر لە کاتی بەعسی بوونیدا لە ژێر دەستی دابووە بۆی گەڕێندراوەتەوە، بۆیە داوا دەکەم ئەوانی بۆ زیاد بکرێ و سیاغەکە بە جۆرێك بگۆڕدرێ کە ئەوانیش بگرێتەوە بە لایەنی کەم ئەگەر دادگایی ناکرێن و سزانادرێن، ماڵ و موڵکەکانیان بۆ مەسلەحەتی کەس و کاری ئەنفالکراوان موصادرە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین دۆلەمەری فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (تحسین دۆلەمەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٧) ئیلغاکرا، کەواتە ناکرێت جارێکی تر ناوی بهێنرێتەوە پشتی پێ ببەسترێت، یان دەبوایە هەموار بکرێتن، ئەوەی کە ئێستا هەیە سیاغەیەکی نوێیە و چ عیلاقەی بە بڕیاری ژمارە (٧) نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (سێیەم)دا من پێمباشە وازحتر بێت، ئێمە دەبێ کە باسی (اموال غیر منقولة) دەکەین دەبێ خاوەنداریەتیان هەڵبووەشێتەوە هەتا ئیبتاڵ بکرێتەوە، ئەوانەی کە بەعسییەکان خاوەنی موڵکن هەتا ئێستا، لەمەو دواش بۆیان نەبێ ببنە خاوەنی موڵك و حەقی تەسەروف و کڕین و فرۆشتنیشیان بۆ نەبێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگری تەواو لەوەی بکرێ خاوەنی موڵك بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى (غریب پێنجوێنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم ئەو ماددە لەگەڵ ماددەی دوای خۆی کە لە یەکتری جیاکراونەتەوە، دەکرێ هەردووکی لە ناو یەك ماددەدا سیاغە بکرێن، چونکە هەردووکی هەر موتاڵەبە کردنی ئەوانە لە حالەتی یەکەمدا بۆ جیهاتی رەسمی و موحاکم، لە حەلەتی دووەمدا بۆ ئەو کەسانەی کە موڵکەکەیان بە دەستەوەیە ئێستا، لەبەر ئەوە باشترە هەردووکی بکرێ بە یەك بە رەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو قسەیە دەکەم کە ئێمە قسەمان لەسەر بەتاڵکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٧) کردووە، ئیتر پێویست ناکات لێرە بووترێتەوە، دوو: چەند ئیزافەیەکم هەیە هیوادارم لەم ماددەیە جێگەی بکرێتەوە، چونکە هێشتا ئەو ئیشکالانەی حەل نەکردەوە، یەکەمیان: پێ نەدان و نەکڕینی هیچ موڵك و ماڵێك بۆ بەعسییەکان لەلایەن هیچ کەس و لایەنێك، پێ نەفرۆشتنی موڵك و ماڵ پێیان، دالدەنەدانی بەرپرسانی بەعس لە کوردستان، وەك لە رابردوودا بینیمان (ماهر رشید) کە دەکاتە خەزوری (قصی) یەکێك بووە لە گەورە بەعسییەکان، یەعنی لێرە بووە موڵك و ماڵی پێکڕاوە، واتە ئەمانە دوای پرۆسەی (٢٠٠٣) بەشێکی زۆری بۆی کراوە، ئەمە جگەلەوەی (طه محی الدین معروف) و خەڵکی دیکەش، واتە نە موڵك و ماڵیان پێ بفرۆشرێ، نە دالدەبدرێن، نە موڵك و ماڵیان پێ بکرێ، خاڵێکی تر دوو شت هەیە لێرە تێکەڵ بووە بەشێك لەم موڵك و ماڵانە هی شەخس بوون وەکو بەعسییەك، بەشێکی هی پۆستی حکومی بووە ئێستا داگیرکراوە ئەمانە دەبێ بگەڕێنرێنەوە بۆ حکومەت، بۆ نموونە خانووی پارێزگار هی شەخصی پارێزگار نەبووە، هی پۆستی پارێزگار بووە، ئێستا چ لە هەولێر، چ لە سلێمانی ئەم خانووانە بۆ پارێزگار بەکار نایەت، یەعنی ئەمانە حەلێکی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە ئەمە جگەلەوەی دەیان موڵك و ماڵی دیکە هەیە، خاڵێکی تر هەیە

که باس دەکرا، یەعنی من ئەم کەیسە لە نزیکەوە ئاگام لێیە بەرپرسی باڵای بەعس هەبووە لە هەولێر موڵك و ماڵەکەی دەستی بەسەرداگیراوە ئێستا کە هاتۆتەوە بە دوایدا موڵك و ماڵەکەی بۆ ناگەڕێنرێتەوە، بەڵام بە زەوی قەرەبوو کراوەتەوە، واتە زەوی پێدراوە کە ئەم زەویە موڵکی گشتییە، موڵکی خەڵکە، واتە ئەوەی خۆی پێ نەدراوەتەوە، لە حیسابی کۆی گشتی خەڵکی کوردستان زەوی پێدراوە کە من (adress) ی زەوی، ژمارەی زەوی، ناونیشانەکەی هەمووی بە تەواوەتی لەلایە، خاڵێکی تر هەیە ئەوەیە تەنیا ئەوانەی بەعسییەکان نین ئێستا دۆخێك دروست بووە لە کوردستاندا بە تایبەتی ئێستا بەرەو کەمبوونەوە دەچێ لە رابردوودا چەندین بەرپرسی باڵای عێراقی لە هەرێمی کوردستاندا زەویان پێدراوە، با بەشێك بن لەم حکومەتەش، لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە کوڕی (نوری مالکی) لە گران بەهاترین شوێنی هەولێر کە گەڕەکی وەزیرانە (٤٠٠) مەتر زەوی پێ دەدرێت، یەعنی بە قانون رێگریەکیشت بۆ ئەمە دروست کرد، چونکە ئەمانە موڵك و ماڵی خەڵکی کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پەیوەندیەکی بەم بابەتەوە نییە، تکایە کاك علی؟ کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە ئێمە ئەمڕۆ خەریکی یاسایەکی زۆر گرنگین، یاساکە پێویستی بە جۆرێك ئیجماع و ئیتیفاق هەیە لە ناو پەرلەمان، بۆیە تکایە با بابەتەکان بە شوێنێکدا نەبەین کە یاساکەمان لە بیر بەرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر وەتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەم برادەرانە کە مادام ئێمە بڕیاری ژمارە (٧)مان ئیلغا کردەوە، ئیتر چۆن دەکرێ لێرە بیکەین بە ئەساس، یەعنی لێرە لە ماددەی (سێیەم)ی پێشنیارکراوی لیژنەی یاسایی بووە بە ئەساس، خۆ ئەگەر ئەمە ئەساس و بنەماش نەبێ لە ڕاستیدا ئەمەش نابێت، ئیتر پێموابوو کە پێویستی بەوە دەکرد، من خۆشم پێشنیارم کرد کە ئەم ماددەیە ئەم بڕیارە هەموار بکرێتەوە لە بری ئەوەی کە ئیلغا بکرێتەوە، ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین، خاڵێکی تر لێرە ئێمە بە چ بڕیار و بە چ دەقێك بڕیارمان داوە ئەوانەی خاوەنی پێشوونە و ئەوانەی خاوەنی ئێستانە، هەر چەندە ووشەی ئێستا نەهاتووە، بەڵام من پێموایە پێش ماددەی (سێیەم) و ماددەی (چوارەم) دەبووایە بڕگەیەکی تر، یان ماددەیەکی تر هەبووایە بۆ ئەوەی ئێمە خاوەنداریەتیمان لەو لێپرسراوانە وەرگرتباوە کە لە بڕیاری ژمارە (٧)دا هاتوون و گێڕابامانەوە بۆ ئەوانەی کە ئێستا موعامەلەی پێوە دەکەن، هەر چەندە لێرەشدا ئیشکال هەیە، چونکە موعامەلەکردن بەم جۆرە موڵکانە لە ڕاستیدا لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێك موڵك هەبووە کە لە ئێستادا کە

سانێك موعامەلەی پێدەكەن پێشتریش چەند كەسانێك موعامەلەیان پێكردووە، ئەمە نە بەم شێوەی كڕین و فرۆشتنیشی پێوەكرابێ، بەڵكو بە شێوەی دەست بەسەرداگرتن، دوای ئەوە ئێمە كە باسی بەعسیەكان دەكەین كە من خۆم زۆر دژیم، پێشنیاریشم كرد بۆ جەنابتان هەر چەندە دەبێ بە پڕۆژە بڕیار بێت كە دەبێ دادگا بە پەرلەمانی كوردستان بڕیار دەركات بۆ ئەوانەی كە لەو لیستەیەدا ناویان هاتووە كە پێیان دەوترێ تاوانبارانی ئەنفال كە بەداخەوە هەتا وەكو ئێستا لە هەرێمی كوردستان رێگە نادرێ بە دادگایی كردنییان، بەڵام كە باس لەو كۆنە بەعسییانە دەكرێ ئێمە ناكرێ تەنها بەعسییەكانی ناوچەیەك ناو بێنین، یەعنی بیر لە ناوچەگەری بكەینەوە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر، ناكرێ لەمەدا پشتگیری لە ڕەئی د.ڕێواز بكەی بڵێی ئەویش باسی كرد بۆ ئەوەی جەنابت دووبارەی نەكەیتەوە؟

**بەڕێز قادر عوثمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، ئاخر ئەمە فەرقی هەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من شانازی دەكەم كە پشتیوانی لە ڕەئی د.ڕێواز و هەر برادەرێك بكەم كە هەمان ڕەئی بێت، لە ڕاستیدا خۆشم لە دانیشتنەكانی تر ئاماژەم پێداوە، بۆیە من تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە، پێموایە ناكرێ بەو شێوەیە قسە بكەین لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز شكریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كە هاوڕێیانم باسیان كرد ئەو موڵكانەی كە هەن لە هەرێمی كوردستان سەبارەت بە بەعسیەكان دوو جۆرن، بەشێكیان ئەوەی كە پێیان درابوو وەكو هی حكومی بووە ئێستا ئەوە یەك دەنگی لەسەرە كە دەبێ بگەڕێتەوە، بەڵام بۆ نموونە لە شاری هەولێر هەندێ پارچە زەوی هەن بە تایبەتی لە گەڕەكی (٩٩)ی زانكۆ بەشێك لەو بەعسیانە مامۆستای زانكۆ بوونە، زەویەكانییان ئێستاش ماوە، ئایا ئەم زەوییانە كە ئەوانە وەریان گرتووە ئێستاش هەر بە ناوی خۆیانە هیچ كڕین و فرۆشتنێكیان بۆ نەكراوە بە پێویستی نازانن لەم یاسایەش جێگای بۆ بكرێتەوە و ئەمەش یەكلایی بكرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك شێركۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا دوو خاڵ هەیە بە بڕوای من ئەگەر ڕەچاوی نەکەین هەر ئەم ماددەیە دەبێتە پارێزەری ئەوانەی کە لە دوای ئەم ڕووداوانە بە مەساحاتی گەورە، بە ڕووبەری گەورە شتی گەورەیان دەست کەوت و بەم ماددەیە ئێمە دەیان پارێزین، جارێ تێبینی یەکەم دەڵێ (منحتە الجهات الاداریة أو المحلیة)، ئەوە ئیدارییەکە دەزانین سەر بە حکومەت و ئیدارییە، (محەلی)ەکە کێیە؟ (محلی)ەکە حیزب داویەتی، یان کێ داویەتی؟ لەبەر ئەوە دەبێ ئەم ئیدارییە و مەحەلیە پێموابێ دەبێ ڕوونی بکەینەوە لەم ماددەیەدا کە ئیداری یان مەحەلی یان کێیە یەکلایی بێتەوە کە حکومەتە، (في الاقلیم) لێرەدا ئینجا ئەم (لغیرە)، (لغیرە): واتە ئەم موڵکانە کە ئەگەر فەرزەن لێرە بڵێ مەبەستمان حکومەت بوو لە جیهاتی ئیداری و مەحەلی (لغیرە): واتە بە غەیری ئەو کەسەی کە باسی دەکرێ لە یاساکەدا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە حەق وەریان گرتووە و بە نا حەقیش وەریان گرتووە لە دوای ئەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە (لغیرە من ضحایة الجینوساید) ئیزافە بکەین، یەعنی تەوقی بدەین، ئەم مەوزوعە بەوەی کە ئەو موڵکانەی پێشوو ئێستا تەنها موصادەرە بکرێ، تەوزیع کراوە پێشتر بۆ ئەوانەی کە زەحایەی جینۆسایدن، غەیری ئەوان ئەوانەی بۆ موتاجرە، ئەوانەی بۆ مەساڵحی شەخسی خۆیان مەساحاتی گەورە گەورەیان وەرگرتووە ئەمە نەیانگرێتەوە، چونکە ئەو کاتە بەم ماددەیە ئێمە ئەوانیش دەپارێزین، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم (لغیرە من ضحایة الجینوساید)ی بۆ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی تەنها ئەوان موستەفید بن لەم بڕیارەی کە ئێمە دەمانەوێ دەریکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من تەئکید لەوە دەکەمەوە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) کە ئەوەندە بە گرنگ نەزانر و ئیلغاکرایەوە نەدەبوو، دەبووایە بە شێوەیکی تر دابڕێژرایەتەوە باس لەو ماددەیە نەکرایە لەو بڕیارە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە ئەوە دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ماددەکانی ترە ئەمەی (٣، ٤، ٥) بە شێوەیك دابڕێژرایەتەوە کە باسی ئەو مادده هەڵوەشاوەی نەکردایە، دوو: بە هەمان شێوە ئەوەی خاوەنی موڵکەکەشە حەقە لەم ماددەی (سێیەم)ە جێگەی بکرێتەوە پێویست بە ماددەیەکی جیاواز ناکات، خاڵێکی تر ئەوەی خاوەنی پێشوو هەندێك جار تەفسیری جیاوازیش

هەڵدەگرێ خاوەنی پێشووی موڵکەکە ئەوەش ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدرێ، هەروەها خاڵێکیان لەسەر ئەوەی بەعسییەکان کە حەقە باس دەکرێ سنوورەکان جیا نەکرێتەوە شەوانە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لای ئێمەوە زۆرترین قسەشی لەسەر کراوە، بۆیە ناکرێ ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر جیا بکرێتەوە کە باس لەوان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی فەرموو،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ﴿هەورامان گەچێنەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا هەر ئەوەندەم هەیە کە ئیشکال لەسەر مالکی هەیە ﴿مالکها السابق﴾، بۆ ئەوەی هەم بەعسییەکان باسی ئەو موڵك و شوێنانە نەکەنەوە و هەروەها بۆ جاشە خۆماڵییەکانی خۆشمان کە سێ، چوار، جار باس کرا، پێم باشە بوترێت و ﴿لا یحق للمالك و لا یحق للبعثین و معاون﴾، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە زۆر بەرفراوانە، رەنگە کەس لێی دەرنەچێ مامۆستا هەورامان، د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز شێرکۆ جەوودەت دەکەم، لە دەقە کوردییەکەشدا لە دارشتنەوەکەی، ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری ﴿ئەگەر دواتر دەستکاری بکرێت قسەی ترم دەبێت﴾ پەرلەمانی کوردستان ژمارە حەوتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە، خاوەنی پێشووی موڵکەکان ناتوانن داوا لە لایەنەکانی حکومەتی هەرێم، ئەو کاتە پێشتر د. ڤاڵا لە ڕوونکردنەوەکانی باسی پەرلەمان و سوڵتەی قەزایی و ئەوانەشی کرد، کە تەنها لە دامەزراوەکانی هەرێم بە بڕوای من وابوو بنووسن باشە، ناتوانن داوا لە دامەزراوەکانی هەرێم بکەن بۆ گەڕانەوەی عەقارەکانیان یان بەهاکەی یان قەرەبووکردنەوەیان بە نەقدی و عەینی، ئەگەر وای لێبکرێت و دیسان دەڵێم پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز شێرکۆ جەوودەت دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەن.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵوەشاندنەوە و تەعدیل کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەمڕۆ باس کرا، تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ کەیسی جینۆساید، کە ئەمانە دوو بابەتی زۆر لە یەك جیان، لێرە باسی حقوقی مەدەنی دەکات کە پێشتر دراوە بە کەسانێك ئەو بەعسییەی کە ئەو عەرزەی پێدراوە و ئەو بەعسییەی کە لێی سەندراوەتەوە و دراوەتە

هاوڵاتییەكی كوردستان، مەرج نییە بەشدار بوو بێت لەو تاوانانەی كە دژ بە گەلانی عێراق بە شێوەیەكی گشتی و دژ بە گەلانی كورد ئەنجام دراوە، بۆیە ئەمە بابەتێكە ، بابەتی جینوساید و زەحایەی جینۆسایدیش بابەتێكی ترە، ئەو دوو بابەتە لێك جیاوازن و نابێت تێكەڵی یەكتر بكرێن، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم: كە دەڵێین ﴿تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان﴾ ژمارە ئەوەندە لە ساڵی ئەوەندە ﴿الملغی﴾، لێرەدا دەبێ ئیشارەت بە بڕیاری ژمارە حەوت بدرێت، چونكە وەكو ڕوونم كردەوە بە پێی بڕیاری ژمارە حەوت، ئەو زەوی و زارانە دەستی بەسەردا گیراوە، دواجار دابەش كراوە لە لایەن جیهاتی مەعنی و لایەنی پەیوەندیدار بەسەر هاووڵاتیان لە كوردستاندا، و كاتێك ئێمە لێرە لە ماددەی دوو دا ڕادەگرین بڕیاری ژمارە حەوت ، بە ئەسەرێكی ڕەجعی ڕامان نەگرتووە، كە بە ئەسەری ڕەجعی ڕات نەگرتووە، هەركارێك ئەنجامدرا بێت لە سایەی بوونی ئەم بڕیارەدا كە ئەویش بریتی بوو لە دەست بەسەر داگرتنی عەرزەكان لە لایەك لە لایەن بەعسییەكان و دواجار دابەشكردنی بەسەر هاووڵاتیانی كوردستان، ئەمە بووەتە حقوقی موكتەسەبە و كەس ناتوانیت لێرە دەستكاری ئەو حەقانە بكات، بەڵام ناوهێنانەوەی لە ماددەی سێ دا زۆر گرنگە، كە ئیشارەتمان پێداوە وەكو بڕیارێكی مەلغی، بەڵام ئیشارەتمان پێنەداوە ئیلغاكردنەوەكەی ئەسەری ڕەجعی هەیە، چونكە ئەگەر ئیلغاكردنەوەكەی ئەسەری ڕەجعی هەبێت ئەمە لە ئەساسدا ئەو هەنگاوانەی كە حكومەتی هەرێم هاوێشتوویەتی دەست بەسەرداگرتنی لە لایەك و دواتر دابەش كردنی بەسەر هاوڵاتیان لە لایەكی تر، ئێمە هەمووی ئیبتاڵ دەكەین، كەواتە ئەمە لێرە ئەسەری ڕەجعی نییە بەڵام بڕیاری ژمارە هەفت بڕیارێكی مەلغییە، ئەوەی لە ژێر سایەی بڕیاری ژمارە حەوت ئەنجامدراوە هەمووی كاری یاسایین و هەمووی بووەتە حقوقی موكتەسەبە، كەس ناتوانێت دەستی بۆ ببات، و هەروەها ڕاگرتنی كار كردن بە بڕیاری ژمارە حەوت كە لە ماددەی دوو دا هاتووە، ئەوەشیان لە جێگەی خۆی بوو، چونكە ئەگەر ئەومان ڕانەگرتبا لێرە نەمانـدەتوانی بڵێین بڕیاری ژمارە هەفتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەڵوەشاوە، كە هەڵوەشاوەمان بۆ زیاد كرد، دەبوو لە ماددەیەكی پێشووتر بڕیارەكەش ڕابگرین و هەڵیبوەشێنینەوە، چونكە وەكو باسم كرد لەگەڵ ماددەی یەك دەبوو بە تەناقوز، بۆیە ئەوەی لێرە پێشنیار كراوە لە لایەن لیژنەی یاسایی زۆر بە دەقیقی بووە و ئەو پرسیارەش كە كرا ئەوەی لەبەر دەستمانە ﴿مشروع قانون معالجە اثار﴾ە، دەڵێین بەڵێ ئەمە ئامادەكاری كراوە بوو بۆ دەرچوواندنی یاسایەك كە بە بڕیاری ژمار حەوت ئیشارەتی پێ داوە، ئەوەیان ئامادەكاری بۆ كرابوو، بۆ دەرچوون لە یاسایەك كە بڕیاری ژمارە حەوت ئیشارەتی پێدراوە، ئێمە بۆ سورعەتی كارەكە و بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان لەم بابەتە، بڕیارماندا كە ئەوەی كاری بۆ كراوە لەم بابەتەدا بۆ داڕشتنی یاسایەك لەو بڕیارە ئەمڕۆ جێگای بكەینەوە و دەنگی لەسەر بدرێت، كە حوكمێكی تەشریعی هەیە بۆ ئەوەی ئەو كێشانەی كە هەن بە زووترین كات چارەسەر بكرێن، بەڵێ ئەمە پڕۆژەی قانون بوو، ئامادە كرابوو، بەڵام لێرە ئێمە هەوڵماندا لە پڕۆژە بڕیارێك كە حوكمی قانونی هەیە جێگای بكەینەوە بۆ حەلكردنی كێشەكە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تكایە نوقتەی نیزامی هەیە، كاك قارەمان فەرموو،

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن لە یاسایەكە باسی موڵكی گشتی دەكات، زۆر برادەران قسەیان كرد، بەڵام ئێستا بۆ نموونە: لە قەزای كۆیە، هەموو ئەو موڵكانەی كە موڵكی گشتینە هەندێكیان لای شەخسن و هەندێكیان خۆیان پێشتر بەعسی بوونە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە ڕایە، نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەمە بۆ دەركردنی یاسایەك، هەڵدەوەشێندرێتەوە هەتا دانانی كاتی یاسایەك و چۆنیەتی دەستكاری كردنی ئەو ماڵ و موڵكانە دەست نیشان دەكات، یەعنی ئەو یاسایەی كە باس دەكات یان ئەو سێ بڕگەیەی كە بۆی زیاد كراوە، كە یاسایەكی نوێ دەردەكرێت، ماڵ وموڵكەكان هێی كەسەكان نییە، یەعنی بەعسییەكان هەیان بوو، بەعسیش هەی بوو، موڵكەكانیش موڵكی وەزارەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك محمود نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ئیجازەی لیژنەی یاسایی چەند جارێك د. ڤالا باسی ئەوەی كرد كە ئەو موڵكانە دوای ئەوەی دەستی بەسەردا گیراوە جارێكی دی دابەشكراوە بەسەر خەڵكدا، چەند ساڵێكە لەم وڵاتەم من نەمبینیوە كە ماڵ و موڵكی بەعسییەك بدرێتە خەڵكی سادە و سڤیل، بەڵكو ئەوانەی هاتوون و باڵا دەست و مەسئول بوون پاسەوانیان هەیە، ئەمانەن كە ئەو موڵكانەیان داگیر كردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، خاتوو بێگەرد فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من ڕەخنەیەكم هەیە، هەر بابەتێك كە زمنی نوقتەی نیزامی دەرچوو تۆ كۆتایی پێناهێنی وەكو سەرۆكی پەرلەمان، ڕەئیەكەی خۆی دەڵێیت، ئینجا لە كۆتاییدا تۆ دەڵێی نوقتەی نیزامی نییە، بە

راستی ئەمە مەعقول نییە، چونکە نوقتەی نیزامی نوقتەی نیزامییـە و تـۆ دەبـێ ڕێگەی پێنـەدەی ئەگەر نوقتەی نیزانی نەبوو بە راستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو لە پێشدا قسەی لەسەر لیژنەی یاسایی هەبوو، نوقتەی نیزامی نەبوو رامـانگرت، د. ڤالا بیخوێنـەرەوە، دەقی ماددەكە بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی كاك سۆران؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە چەند كەسێك پێشتر ناوی خۆمان نووسیوە، بەڵام لە ماددەكان ناومان ناخوێنیتەوە ئەم جارە قسەت پێ نەدایـن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـە نـاو دەنووسـرێت دەبـێ بنووسـرێت بـۆ چـی ماددەیـەك؟ خـۆ ناكرێـت لـە هـەموو ماددەیـەك ناوتـان بخوێنێتەوە؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناومان نووسیوە بۆ ئەو بڕگەیەی كارنامە قسە دەكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئێستا قسەیەكت هەیە؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ قسەم هەیە، ماددەی سێیەم، پێم وایە پێشكەوتووە، لێرە دەڵێ: ئەو موڵكـە نەگوازراوانـەی كـە بڕیـاری ژمارە حەوتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ دەیانگرێتەوە، ئەم بڕیارە لە ساڵی ﴿٢٠٠٤﴾ەوە وەستاوە، ئایا پرسیار كراوە لە مەحاكم كـە بڕیارێـك لـە سـاڵی ﴿٢٠٠٤﴾ەوە ئیلغـا كـراوە، یـەعنی چـی ئێستا لـە مـەحاكیم خـەڵكێك پـەلە قاژەیەتی كە دەڵێـت بـەم بڕیـارە مۆڵكەكـەم لێدەسێننەوە، ئەمـە یـەك، دووەم:ئـەوە خـاوەنی پێـشووی ئـەم موڵكانە ناتوانن داوا لە لایەنەكانی حكومەتی هەرێم بكەن بۆ گەڕانەوەی عەقارەكەیان، ئیبتاڵی مۆڵكییـەتی تێدا نییە، بەڵام ناتوانن داوای ئەوە بكەن كە قەرەبوو بە نەقدی یان بە ئەوە وەربگرن، بۆیە زەروورە وەكۆ كاك انور كە پشتگیری لە رەئیەكەی دەكەم، لەبەر ئەوەی خیـبرەی هەیـە لـە مەسـەلەی تـاپۆ، پێویـستە بـەر لەمە ئیبتاڵی هەموو خاوەندارییەكی ماڵ و موڵكی نەگوازراوەی خاوەندارەكانی پێشووی رژێمی لەناوچووی عێراق لە راپەرینە مەزنەكە و لە دوای ئەمیش كە چوونەتە پاڵ رژێم هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمجا كە دوایی هەڵدەوەشێتەوە مافی داوای قەرەبووی ئەمەیان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەمە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی موسادرە هاتووە لەم ماددەیە، کە ئەم کەلیمەیە هات ئیتر حەقی نامێنێت بەسەر ئەم موڵکەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ماددەکە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة**

﴿تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم ٧ لسنة ١٩٩٢ الملغى الذى منحتة الجهات الادارية او المحلية في الاقليم لغيره املاكا مصادره و لا يحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار او قيمته او اجر مثله او تعويضه نقدا او عينا﴾

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف ﴿هەورامان گەچێنەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسادەرە، ئیبتاڵی موڵکییەت نییە و جیاوازە، لەبەر ئەوە کاک انور و کاک سۆرانیش ڕەئی تریان هەبوو، ئەم ئیبتاڵی موڵکییەتە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک انور فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسادەرە جیاوازە لەگەڵ ئیبتاڵ، موسادەرە دەستی بەسەردا دەگیرێت، من دەڵێم ئەمە دەبێ هەڵبوەشێتەوە بە پێی قانون، من حەوت ساڵ لە تاپۆ فەرمانبەر بوومە، پێشتر باسم کرد کە چۆن تاپۆ هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوا ڕوونکردنەوە لەسەر موسادەرەو ئیبتاڵی موڵکییەت لە لایەن لیژنەی یاسایی فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لیژنەی یاسایی داوا دەکەین وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور تکایە ڕوونکردنەوەی خۆت بدە.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسادەرە هەموومان دەزانین ئەگەر بیکەینە کوردی بە مانای دەست بەسەر داگرتنە، پێشتر باسم کرد بە حوکمی ئەوەی من لە تاپۆ بوومە، چۆن تاپۆ هەڵدەوەشێتەوە؟ باسم کرد لە وەزارەتی عەدل لیژنەیەك هەیە بەناوی لیژنەی وردبینی، کە دوای ئەوەی زەوی تاپۆ دەکرێت بە ناوی شەخسەوە، هەموو موعامەلاتەکانی چ کرین و فروشتن بێت یان تەمدید بێت یان بە نەقل کردن بێت دوای ئەوەی کە تۆمار کرا دەچێتە لیژنەی وردبینی، لە لیژنەی وردبینی دوو حاڵەت هەیە، هەر موعامەلەیەك کە بتەوێ ئیبتاڵی بکەی، کاتێك لیژنەی وردبینی پەسەندی کرد تەنیا بە بڕیاری دادگا هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام پێش پەسەندکردنی بە بڕیاری وەزیری عەدل هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە لە قانونی تسجیل عەقاری باسی کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با رای پسپۆرانی تری بواری یاسا وەربگرین، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقی موڵکییە ئەوەی کە پێدەڵێن حقوقی عەینی ئەسلی، حەقی تەسەروفە، حەقی ئیستیعماله، حەقی ئیستیغلالە، لێرە کە موڵکەك موسادەرە کرا، لێرە ئێمە باسی حکومەت دەکەین و دوو بڕگەمان هەیە، بڕگەی دووەممان: ﴿الە الیە ملکیة﴾ کە ئەمەش ﴿اشخاص طبیعی﴾نە، کە موڵکەکان بۆی چووە لەوێ باسی ئیبتاڵ دەکات، بەڵام لێرە باسی موسادەرە دەکات لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی حکومەتە، حکومەت دواتر بڕیار دەدات ئایا ئەم موڵکە نەقل بکات یان چۆن تەسەروفی بۆ بکات ؟ بۆیە بە تەسەوری من مادەم حەقی موسادەرەت دایێ دەوڵەت جارێ ئەو موڵکە یەکلا نەبوویتەوە لە دەستی حکومەتە و شەرت نییە ئیبتاڵ کرابێت و وەکو باسم کرد لە ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ لیژنەیەکی ئەمنی یان تەشکیل کرد بۆ ئەوەی بزانین بەعسییە یان نا؟ بەڵام لە فەقەرەی دووەم ئەمە موعالەجە کرایە، دەڵێ: ئەگەر تەملیك کرا بێت ئەوە موڵکەکە ئیبتاڵ دەبێتەوە، بەڵام مادەم ئیبتاڵ دەکرێت حەقی موسادەرە و تەسەروف و ئیستیغلالیش و ئیستیعمال کە ساحیبی ئەسلییەکە بەعسییەکەیە وەردەگیرێتەوە، ئیتر حکومەت دواتر خۆی بڕیار دەدات چی لە موڵکەکان دەکات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. رێواز فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موسادەرە دەسەڵاتی حكومەتە، خۆی مومارەسەی دەكات ڕەنگە سەبەبی قانونیشی نەبێت بۆ ئەم موڵكە موسادەرەیە، بۆ نموونە: ئەم حاڵەتەی ئێمە سەبەبەكەی سیاسییە، بەڵام ئیبتاڵی موڵكییە، ئیبتاڵی حەقێكە كە دەبێ موسەببەب بێت و بە بێ سەبەب ناتوانی ئیبتاڵی موڵكییەی بكەی، چونكە موڵكییە حەقێكی مەسونە دەستوورییەن، بەڵام بۆ لێرە موسادەرە هاتووە؟ چونكە قەرارەكە قەرارێكی سیاسییە، ئەگەر ئیبتاڵی موڵكییە بێت ئەبێت سەبەبی قانونی هەبێت، ئایا سەبەبێكی قانوونی هەیە بۆ نموونە قایمقامێكی بەعسی لە سلێمانی خانوویەكی هەبووە بۆ ئەوەی تۆ ئیبتاڵی موڵكییەی بۆ بكەی؟ ئەبێ سەبەبێكی قانونی هەبێت بۆ ئیبتاڵ، بەڵام لە موسادەرە پێویست بە سەبەبی قانونی ناكات، بۆیە بە تەسەوری من موسادەرە باشترە لە ئیبتاڵی موڵكییەت، چونكە ئیبتاڵی موڵكییە ئەگەر سەبەبی نەبێت ئەوان سەد ساڵی تریش دەتوانن بگەڕێنەوە سەر حەقی خۆیان ئەگەر ئەساسی قانونی نەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەمان رای د. ڕێوازم هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باش دەزانین بڕیاری ژمارە حەوتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾، كاتێك كە ئیلغا بووتەوە مەرجی لەگەڵە، دەڵێ: یاسایەك دەربچێت مامەڵە بەو زەویانە دیاری بكات بەم موڵكانە غیر مەنقولانەوە، هیچ بەڵگەیەك نییە كە بیسەلمێنێت ئەم ئەموالانە موسادەرەن و دوایی تەحویلی موڵكییە كراون، بۆیە دەبێ ئیبتاڵی موڵكییە بێت، لەبەر ئەوەی تەحویلی موڵكیە بووە، ئەمە بەشێكیان حكومەت نییە، بەشێكی زۆری خەڵك و ئەشخاسن، بەڵكو ئەشخاس ناتوانێت موسادەرەی بكات و یەخەی من دەگرێت كە پێشمەرگەی قەدیمم، هاتوومەتە خانووی فڵان كەسی بەعسی، دەڵێ كەواتە موسادەرەیە و حكومەت موسادەرەی نەكردووە تۆ وەكو شەخس داگیرت كردووە، ئیبتاڵی موڵكییە نەبووە، دەمەوێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەندێ لەم بابەتانە بابەتی ئیختیساسین و بە ڕاستی دەبێ ڕێز لە ئیختیساسەكان بگرێت كە خەڵكی ئیختیساسی قسە لە سەر ئەم بوارانە دەكات، ئەوانەی كە قسەیان كرد دكتورایان هەیە لە بواری یاسا و

بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دکتۆرایان هەیە لە بواری یاسا، بۆیە من پێموایە بیخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە لیژنەی قانونی خوێندیەوە، کاک انور دەرفەتم پێتدا، تۆ روونکردنەوەی خۆت دا، ئەم بەڕێزانەش روونکردنەوەی خۆیاندا، ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرسە یەکلا دەکەنەوە، تکایە د. ڤالا بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دەزانم، بەڵام دەبێ جارێکی تر بیخوێنیەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة**

﴿تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم ٧ لسنة ١٩٩٢ الملغى الذى منحتة الجهات الادارية او المحلية في الاقليم لغيره املاكا مصادره و لا يحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار او قيمته او اجر مثله او تعويضه نقدا او عينا﴾

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ ﴿٥٢﴾ کەسی لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٤﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەمە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة**

﴿لا يحق للمشمول باحكام الماده الثالثه من هذا القرار مطالبة من اله له ملكية العقار باعادة العقار العائد له او قيمته او اجر مثله او اى تعويض ناتج عنه﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناو بنووسین، بەڕێز کاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیسان پرسیارێکم هەیە، ئایا کە دەڵێی خاوەنی پێشوو، مەسەلەن ئێمە دوو خانوو یان سێ خانوومان هەیە هی پارێزگارە، هیی پارێزگار بووە پێشوو تریش، ئایا بۆی نییە داوای بکات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە وتوێژەکەی ئێمەوە نییە، خانووی مەنسەب هیچ پەیوەندی بە موڵکی سەرانی پێشووی رژێمەوە نییە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاوەنی پێشووی موڵکە نەگوازراوەکان کە بڕیارەکەی سەرەوە دەیانگرێتەوە ناتوانن داوای بکەن، ئایا پارێزگاریش ناتوانێت داوای بکات؟ داوای موڵکەکەی موحافز بکات یان نە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز انور فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم بڕیارە بە خەلەل تێپەڕی، کەم و کوڕییەکەشی لەمەدایە ئەم ماددەیە و ماددەی پێشوو زۆر لەیەك نێزیکن، لە «١٩٩٢»ەوە تا ئێستا ئەوە کێشەی موسادەرەیە کە چارەسەر نەکراوە، گوتیان دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام ئیبتاڵ نەکراوە و نەقلیش نەکراوە، ئەمە حاڵەتێکە پێم وایە درێژەی پێدرا لەو یاسایەشدا ئەم بڕیارەش بە هەمان شێوە، خۆ موسادەرە دەست بەسەرداگرتنە، لەگەڵ ئەوەدام کە موسادەرە دەستیشی بەسەردا بگیرێت بەعسییەکان خاوەنی زەوی و زار و خانوو نەبن یان ئەموالی غیر منقولە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ چارەسەری کێشەی ئیبتاڵی موڵکیەش بکرێت، کە خاوەنی موڵك نەبن کێشەکە لەمەدایە لە «١٩٩٢»ەوە تا ئێستا، لەوانەیە بەعسییەکان لە ناو خانوو دا بن، ئەوە حکومەت چارەسەری نەکردووە، موسادەرەی کردووە، بەڵام بۆ ئیبتاڵی نەکردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەو ماددەیەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەن، دەمەوێ ڕوونکردنەوە پێشکەش بکەم، ئەویش ئەمەیە ئێمە ئێستا باسی یەك حاڵەت دەکەین، تەنها ئەو پیاوانەی ڕژێمی پێشوو کە لە ئەسنای ساڵی «١٩٩١» لە کاتی ئینتیفازەی ئادار یان لە دوای ئەوەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت ئێمە بمانەوێت مەودای ئەم یاسایە فراوان بکەین زۆر ئاساییە، من پێش هەمووان تەوقیعی ئەمە دەکەم فەرموون با یاسایەك دەرکەین بۆ مەسائیلی جینوساید و خانووە حکومییەکان، بەڵام با مەوزوعەکان تێکەڵاوی یەك نەکرێت، ئەمە تەنیا تایبەتە بەو پیاوانەی ڕژێم کە لە «١٩٩١»ەوە کوردستانیان بەجێ هێشتووە، موشکیلەکەش لەم ماددەیەدا حەل کراوە، ئەوەی کە کاك انور باسی کرد، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك مولکی یەکێك لە پیاوانی ڕژێمی پێشووی لەبەردەستدایە، بە تەئکید ئێستا تەملیك کراوە بە ناوی خۆی، کە موڵکێك بە ناوی من بوو یەعنی ئیبتاڵ بوو، لە تەسجیل عەقاری تەنیا بە ناوی یەك کەس دەبێت، مانای وایە ئێستا مولکی پیاوی پێشووی ڕژێم ئیبتاڵ کراوە و بە ناوی هاووڵاتیەکی

هەرێمە، بەڵام ئەوەی دیکە موشکیلەی دەوڵەتە موسادەرەی دەکات دوایی ئەو بڕیار دەدات چی لێ بکات؟ بۆیە بە ڕای من ئەو ماددەیە تەواوی کێشەکەی حەل کردووە، چونکە لێرە باسی موسادەرە ناکات، باسی تەملیك کردنی دەکات بە ناوی هاووڵاتیەکی ترەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ جودت فەرمووە،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا کە باسی ﴿لا یحق للمشمول باحکام الفقرە اولا من هذا القانون مطالبة من الا لە ملکیة العقار﴾، ئەوەی کە مولکیەتی عەقارەکە دوایی بۆی دەبێ، ئایا ئەوەیە کە لە ماددەی یەك دەڵێت ﴿الذی منحتە الجهات الاداریة فی الاقلیم لغیرە﴾، یان ئەوەیە کە خۆی چووە موڵکەکەی داگیرکردووە بە دەستکەوتی خۆی؟ لەبەر ئەوە ئەگەر وریا نەبین، بە ڕاستی من وەڵامی ماددەی یەکەم کە پرسیارم کرد، وەڵامی لیژنەی یاسایی بۆ من موقنیع نەبوو، بەوەی کە دەڵێین ﴿لغیرە﴾ ئێمە بۆ نموونە وتمان وەکو جینۆساید، بەڵام﴿لغیرە﴾ هەموو شتێك دەگرێتەوە، هەموو کەسێك دەگرێتەوە، لێرەدا ئەگەر ئەمە حەل نەکەین ئەو کەسەی کە چووە خۆی زەوی بەعسییەکی داگیر کردووە، مەساحەیەکی گەورەی هەیە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مولکی عامە و مەفروزە مولکی عام بێت و ئەو بەعسییەی کاتی خۆی بە زوڵم ئەم زەویەی داگیر کردووە، ئێستا بەعسیەکە ڕۆیی، ئەو مولکەمان لێوەرگرتەوە، ئەوە مولکی عامە، کەسێك دەچێ بە تایبەت داگیری دەکات لێرەدا کە دەڵێین ﴿الە ملکیة العقار﴾ یەعنی ئێمە تەجاوزی حەقی عام دەکەین، ڕێمان دا بەو کەسە بچێت ئەو مولکە عامە داگیر بکات بە سەلاحییەتی خۆی، ئیشکالییەتەکە ئەمەیە، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر وریا بین تەوزیح بدەین، لیژنەی یاسایی حەلێك بۆ ئەمە بدۆزێتەوە، من دەچم عەرزێك داگیر دەکەم هیی بەعسییەکی کۆنە کاتی خۆی بە زۆر لە هەرێمی کوردستان وەری گرتووە، ئێستا من ئەو حەقەم هەیە ئاوا مولکی عام بۆ خۆم بەکار بێنم وەکو شەخس؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران فەرمووە،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەو قسەیەی بەڕێزت کە فەرمووت دەبێ ڕێز لە تەخەسوس بگیرێت، ڕێزمان زۆر لە تەخەسوس گرتووە، لیژنەی یاسایی تەخەسوسی دکتۆرای یاساییە، بەڵام ئەم ئیشکالییەتە گەورەیە ئەوان تووشی ئێمەیان کرد، ئەوە ئێمەین هاتووین ڕامانگرت و ڕاستمان کردەوە، لەسەر ئەو ماددەیە هیچم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی روونکردنەوە بدەن، تکایە نیگەران نەبن لەمە ئەندامانی پەرلەمان، بە راستی نە رێز لە پسپۆرییەکەی خۆتان ئەگرن و نە رێز لەوە دەگرن کە لە چی لیژنەیەکدان لەو بوارە قسە بکەن، دەتانەوێ لە هەموو بوارێک قسە بکەن، بە راستی دەکەونە کێشەوە، من نامەوێ باسی کەم ئەو ئیشکالیاتانەی کە تێدەکەون، بەڵام کەوتوونەتە ئیشکالی قانونی زۆر گەورە لە قسەکردندا، خەڵك لە دەرەوە دەمان بینێت، پەخش راستەوخۆیە و هەمووتان دەتانەوێ قسە بکەن، بەڵام دڵنیا بن قسەیەك کە لە شوێنی خۆی نەبێت لە صالحتان نییە و لە صالحی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نییە، من یەك نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پەخش راستەوخۆیە داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمە دەڵێم، رۆژێك مەجلیسی شوورا هاتنە لای ئێمە لەسەر ئەو موناقەشەیەی کە کردمان لەسەر پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەو برگەیەی کە ویستمان تەعدیلی بکەین و تەعدیل نەکرا، بە راستی هەندێك قسەیان کرد من حەز ناکەم ئەم قسانە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان بکرێت بە تایبەتی لەسەر ئەهلی ئیختیساس لە پەرلەمانی کوردستان، پێویست ناکات من ئەندام پەرلەمانم لە هەموو بابەتێکدا قسە بکەم، ئەو بابەتانەی کە ئیختیسایی خۆمە دەتوانم زۆر بە باشی قسەی تێدا بکەم، بەڵام رێگا بدەم رەنگە خەڵکی تر لە بابەتەکەی تر تایبەتمەند بێ با قسە بکەن، فەرموو د. ڤاڵا،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی وەکو ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار و راستکردنەوەیان هێنا بۆ هۆڵی پەرلەمان و ئەوان خۆیان دایانڕشتووە و دایانە دەنگدان و داوایان لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کرد کە دەنگ بدەن لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە ئەوان دەیخوێننەوە، بۆیە کێشەکە کە هاتبوو بەدواداچوونی زیاتری دەویست و حەل کردن بۆ کێشەکەش هەر لە لایەن ئەهلی تەخەسوس و ئەندامانی پەرلەمانەوە کرا، دواجار لە لایەن بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانیشەوە دەنگی لەسەر درا، هیچ روونکردنەوەیەکمان نییە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوا دەکەین کە ماددەی چوارەم وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی پێمان وایە حەلی ئەو کێشانەی کردووە کە ئەندامانی پەرلەمان ترسیان لێ هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیگەران مەبە کە پێت دەڵێم بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، چونکە ئەمە کێشەی دروست کردووە لە دەنگدانەکانی پێشوو، دەنگمان داوە ئەندامی پەرلەمان دەڵێت نازانم لەسەر چی دەنگم داوە؟ بۆیە تکایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: ﴿لا يحق للمشمول باحكام الماده الثالثه من هذا القرار مطالبة من اليه له ملكية العقار باعادة العقار العائد له او قيمته او اجر مثله او اى تعويض ناتج عنه﴾.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ ڕەزامەندە لەسەر ئەم دەقە؟ ﴿٥٤﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿١﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەمە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

﴿تسرى احكام هذا القرار على كافة القضايا المعروضه امام القضاء او الجهات الاداريه﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێزان دەمەوێ لەمە ئاگادارتان بکەم کە لەم ڕۆوە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر سایتی پەرلەمان بەڵاو دەبێتەوە، بۆیە لە دەرەوەی کوردستانیش دەتوانرێت بە ئاسانی لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنی پەرلەمان ببینرێت، خاتوو گەشە فەرموو،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە کە ئەم یاسایە لە لیژنەی یاسایی ئەسەری ڕەجعی هەبێت، ئێمە بابەت یان قەزایا هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە کە لە قۆناغەکانی دادگادایە، هەیە لە مەرحەلەی بەدائەیە، هەیە لە مەحکەمەی تەمیزە و دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە و بڕیارێکی باتەیە و هەیە لە مەرحەلەی تەنفیزدایە و لە قۆناغی تەخلیەی جەبریدایە، بۆیە پێم باشە ئەو داوایانەی لە بەردەمی دادگادایە و ئەوانەی کە بڕیارشیان وەرگرتووە و لە بواری جێ بە جێکردنیشدان، بەم شێوەیە دابڕێژرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو بڕگەیەی کە لێمان قرتاندووە، ئەو قەراراتانەی کە دەرەجەی قەتعیشی وەرگرتووە ئیزافەی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەساسەن هاتنی ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا لەبەر دەستمان دایە ئەو بڕیارەی ئێستا بە نیازین بیکەینە بڕیار، لەوەوە هات کە لە سلێمانییەوە کێشەکە سەریهەڵدا و مەحکەمەی تەمیزیش تەعنی کردووە، مانای وایە ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا دەربچێت ﴿تسرى احكام هذا القرار على كافة القضايا المعروضه امام القضاء او الجهات الاداريه﴾ ئەو مەسەلەیە حەل نابێت ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا، ئەساسی فکرەکە لەوێوە هات، لەبەر ئەوە پرسیاریشمان کرد هەرچەند ئێمە ئیختیساسمان قانونە، بەڵام دیسان پرسیاریشمان کرد لە کۆمەڵێك خەڵکی شارەزا، ئایا ئەگەر بێت و ئەو قەراراتانەی کە

دەرەجەی قەتعیان وەرگرتووە لە مەحکەمەی تەمیزیش وەڵامیان چووە و پەسەندکراون، ئایا ئیشکالی قانونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی پەرلەمان سوڵتەی تەشریعییە و قەراراتی پەرلەمان لە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانی ترە، ئەوە یەك و دووەمیش، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە، تەسەروف پێکردنی، بە پێی قەراری رەقەم حەوتساڵی ﴿١٩٩٢﴾ راگیرا بۆ تەسەروف پێکردن و ئەمانە، ئەوانەی پیاوی رژێمی پێشووی بەعس بوون لە دەرەوەی ئەم قەرارە بوون، هاتوون تەسەروفیان بەم موڵك و ماڵە کردووە، مانای وایە پێچەوانی قانون جووڵانەتەوە، بۆیە بەتاڵکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانم، بۆیە وا باشە کە ئەو قەراراتانەش وەربگرین کە لە فەقەرەی ئاخیر ﴿و كذلك مكتسبه قراراتها لدرجة البتات﴾، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا رابوون فەرموو، لێرە نییە، بەڕێز کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك د. فرست دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك د. فرست دەکەم، بەڵام پێم باشە پێنج دەقەیەك بدرێت بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بەسەر هەڵەیەکدا نەچین، ئێمە ناکرێت ئەحکام دەربچێت لە ئایندەدا بۆ دوو کەس کە وەکو یەکتری وان، پێش دەرچوونی ئەم قانونە و دوای دەرچوونی ئەم قانونە جیاواز بووبێت، بۆیە لەگەڵدامە و دەزانمیش کە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی کات بدەنە لیژنەی یاسایی ئەگەر پێنج، شەش، دەقەش بێت، بۆ ئەوەی ئیستیشارە بکەن و تووشی هەڵە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لە قسەکانی کاك د. فرست دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فائق فەرموو،

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پەیامەكەم لە لایەن خاتوو گەشە و كاك د.فرست گەیشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سۆران فەرموو، لیژنەی یاسایی روونكردنەوەتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە ئەگەر ئێمە ئەسەری رەجعی بدەین بەم بڕیارە، بۆ ئەوەی قەراراتی دەرەجەی بەتاتیش بگرێتەوە، ئەوا رەنگە لە رووی سیاسییەوە قەرارێكی باش بێت، بەڵام ئەگەر بێین موجەرەدی كەین لە سیاسەت، باسی قانون بكەین، ئەگەر هاتو ئەسەری رەجعی مان دا بەم قانونە بڕیارە ئەوا مەساس دەكات بە دوو مەبدەء، مەبدەئێكیان مەبدەئی ﴿قوة شيء مقذي فيە﴾ لە قانون ئەگەر بڕیارێك دەرچوو هەموو رێكارەكانی تعونی تەواو كرد، ئەوا پێدەڵێن قەراری باتە، و ﴿قوة شيء مقذي فيە﴾ هەیە، یەعنی هەڵناوەشێنێتەوە ئەمە یەك، مەبدەئی دووەم كە مەساسی پێدەكات ﴿احترام حقوق مكتسبە﴾یە، ئێمە وتمان موجەرەدی دەكەین لە سیاسەت وەكو قانون، ئەمە مەساسەكە بە حوكمی موكتەسەبە، بەڵام ئەگەر لە خۆیەوە بڵێ ئەمە نابێت، لە قانوندا دەبێت، بەڵام مەساس دەكات بەم دوو مەبدەئە و من پێم وایە كە دەستێوەردانە لە ئیشی سوڵتەی قەزایی، چونكە سوڵتەی قەزایی بڕیارێكی دەركردووە و ﴿قوة شيء مقذي فيە﴾ وەرگرتووە و ئێمە بێین بە بڕیارێك هەڵیبوەشێنینەوە، جێگە لەوەی كە فەوزاش دروست دەكات، لەوانەیە چەند قەرارێك هەبێت و درابێت و دواجار هەڵبوەشێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا ئەگەر كاتێكمان بدەیتێ دە دەقیقەیەك، بۆ ئەوەی بگەینە بڕیارێكی كۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، پشوویەك وەردەگرین بۆ ماوەی ﴿١٥﴾خولەك، بۆ ئەوەی لیژنەی یاساییش سیاغەی ئەو ماددەیە بكەن و دوایی دێینەوە بۆ ناو هوڵ بۆ كۆتایی هێنان بە دانیشتنەكە، فەرموون.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە تاوەکو ئێستاش لەم یاسادا ئیحائێك نییە، هەر بە ئیحائیش نییە کە موڵکداریەتی و خاوەنداریەتی بەعسییەکان لێیان وەرگرێتەوە، هەر تەنها دەڵێ هەڵوەشاندنەوەی کڕین و فرۆشتن، ئەمە تەبعەن بابەتێك هەیە هەر لە فیقهی ئیسلامیشدا کە پێی دەوترێت (حجز) تەنها ئەوەندەیە کە کەسێك زۆر قەرزارە بۆ نموونە (حجز) دەخرێتە سەر فلان خانووی ناتوانێ بفرۆشرێ، نەك موڵکەکەی وەربگیرێتەوە لێی، لەمە هەر ئەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بەراستی هەتا لەو سێ برگەیەش کە د.ڤالا خوێندییەوە هەر تێیدایە دەڵێ خاوەنی موڵکەکان، خاوەنەکانن، وەکو بڵێی هەر باسی خاوەنداریەتی بەعسییەکان دەکات، لەبەر ئەوە من بەراستی پێموایە کە ماددەیەك دابنێین کە بنبڕبکرێت، یەعنی ئەو خاوەن و خاوەنداریەتییە هی بەعسییەکان بە قەتعی نەمێنێت، یەعنی موڵکدار، چونکە دوایش کابرا دەتوانێ بێتەوە بڵێ کاکە ئەوە هەر لە یاساکەدا دەڵێ خاوەن، کەواتە من هەر خاوەنم، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە کورتی ئەوەیە کە شتێك لەم بابەتەی سیاغەی دوای لیژنەی یاسایی چۆنی دەکەن خۆیان دەزانن، بووترێت (وێرای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارەیەتییان سەرجەم کڕین و فرۆشتنیشیان هەڵدەوەشێتەوە)، یەعنی ئەوەی تێدابێ کە ئەمانە مالیك نەماون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پشتیوانی لەو قسانە دەکەم کە دەڵێن وا دابڕێژرێتەوە کە ئەمە هەم بەکار خستنەوەیە، هەم هەموارکردنەوەیە، یەعنی لەگەڵ ئەوەشدام کە ماوەیەکیش دابنرێ لە ماوەی ساڵێکدا، یاخۆد زیاتر کە بە یاسایەك ڕێکبخرێ، ئینجا دەقێکی پێشنیارکراویش هەیە، نازانم ئەگەر ئێستا بیخوێنمەوە، ئیزافەتەن بۆ ئەو سێیانەی بەڕێزیان....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی کاك د.شێرکۆ، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەمی پرۆژە ئەسڵیەکە پێش ئیزافەکە بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) لە پەرلەمانی کوردستان، تەبعەن ئێستا ئەگەر ئەو دەقەی (سێیەم) کە ئێستا بڵێین دەبێتە (ماددەی سێیەم) لە ئیزافە کراوەکان بێتە جێگای ماددەی (دووەم)، بەڵام بە زیادکردنی یەك کەلیمە وەکو پێشتریش وتم ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵوەشاوە، یەعنی

بڕیاری هەڵوەشاوەکە دەیانگرێتەوە لەویّ تەحدیدی کردووە کە ئەو موڵکانەیە کە هی ڕژێمی پێشووە لە ساڵی (١٩٩١) یان لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە کوردستانیان بە جیّ هێشتووە هیچ ئیشکالێکی قانونی تێدانییە، بۆیە منیش پێموایە پێویست ناکات بڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)، چونکە ئێمە کێشەکەمان هاتووین بە قەرارێکی نوێیە، حەلی دەکەین، چ موحتاج نییە بچین تەشەبوز بە قەراری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بکەینەوە، بەڵام بۆ تەحدیدکردنی چ دەڵێین، دەڵێین بەس ئاماژە پیّ دەدەین کە لە ماددەی کە ئێستا ماددەی (سێیەم)ە دەڵێین ئەوانەی کە بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) دەیانگرێتەوە هی هەڵوەشاوە، هەڵوەشاوەیەکی بۆ ئیزافە دەکەین، چونکە قەرارەکە هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە منیش پێموایە ماددەی (دووەم)ی ئێستا هی پرۆژەکەی کە پێشکەش کرابوو لابچیّ، یەکسەر ماددەی (سێیەم) کە ئیزافەکراوە بێتە (دووەم) بە هەمان شێوە بڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دەبێت دوایی لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەمان لەسەر ئەوە بدەنیّ کە باس لە ماددەی (یەکەم) وتوومانە ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٤)ی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە ناگەیەنیّ کە تۆ ئەمەت ڕاگرت بڕیاری ژمارە حەوتت بەگەڕخستۆتەوە، ئایا ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە ناگەیەنیّ؟ با وتووێژەکان تەواو بێت د.بەهار؟ دوو بەڕێز ماوە خاتوو گەشە داراش دەستی بەرزکردەوە، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هەر بە ئیشکالەوە هاتووین، بڕیاری ژمارە (٧) دەرچووە (٥٥) ڕایگرتووە، هەڵیوەشاندۆتەوە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە بڕیارێکی نویّ هەیە، بەڵام تازە چووینەتە سەر ماددە بە ماددەی ئەو بڕیارەی کە ئامادە کراوە، ئەگەر نا من پێموایە ماددەی (سێیەم)ی پێشنیارکراو لەوێوە دەستمان پێبکردایە دەستمان لە بڕیاری (٥٥) نەدایە زۆر دەقیق دەبوو هەڵگری ئەم هەموو ئیشکالیەتە نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەم کە ماددەی (سێیەم) کە دەڵیّ ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) ئەوەی د.فرست فەرمووی هاوڕام لەگەڵی هەڵوەشاوەی بخەینە سەر، پێویست ناکات بڕیاری ژمارە (٥٥) هەڵوەشێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر تازە دەنگمان لەسەری دا کاك سۆران؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشکیلەکە ئەوەیە کە بە پەلە پەلیەکە ئەوە نەتیجەکەیەتی، ئێستاش دەکریّ ئەو حاڵەتەی کە تەفعیلی بڕیاری ژمارە (٧) دەکات ئیلا دەبیّ دەست کاری ناوەڕۆکەکەی بکەین، پێشنیارێکم ناردووە بۆ دەست کاری ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە (٧)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) لەو ئیشکالیەتە دەرمان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئەوەی ئێمە دەیکەین ئێستا ئەگەر ئەو ماددەی (دوو)ی پڕۆژە بڕیارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان وشەیەکی بۆ زیاد بکرێ، تەعدیل و تەفعیلە بە یەکەوە، یەعنی ئەگەر ناوی لێ بنێین یان ناوی لێ نەنێین بەم شێوەیەی ئێستا کە دەڵێین بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، دوایی دێین لە چەند ماددەیەکدا موعالەجەی ئەو ئشکالیەتانە دەکەین کە لە ناو ئەم بڕیارەیەدا هەیە، پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ ئێمە تەفعیل و تەعدیل بە یەکەوە دەکەین لە ڕووی کردەوەییەوە ئەگەر ناویشی نەهێنین، بۆیە پشتگیری لە کاک د.فرست و کاک سۆران عمر دەکەم، لەوەی کە ئێمە بە ناو هێنان ناوی نەهێنین لەبەر ئەوەی لە ماددەی (یەك)دا کردوومانە تەحسیل حاصلە کە بڕیاری ژمارە (٥٥)مان هەڵوەشاندۆتەوە، واتە بڕیاری ژمارە (٧)مان تەفعیل کردۆتەوە، بەڵام با ناوی نەهێنین بە شکڵێکی زمنی بێ تەفعیل کردنەوەکە بەوەی کە ئاماژە بەوە بدەین ئەو بڕیارە پێشتر هەڵوەشاوەتەوە، ئێمە کە هاتووین بڵێین ئەو بڕیارە نوێیە بڕیاری ژمارە (٥٥)مان هەڵوەشاندۆتەوە، هاتووین کارپێکردنی بڕیاری ژمارە (٧)مان هێناوە، بەڵام بە دەست کاریکراوی، چونکە ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە هاوڕێکانم وتیان و لەگەڵیاندا هاوڕام سەبارەت بە ناوەرۆکی خراپی بڕیاری ژمارە (٧) بڵێین وەقعەکانی هەر چۆنێك بووبێت ئێمە دەبێ قسەیەکی حەقیقیش لەسەر ئەوە بکەین کە وتوومانە لەسەرەتادا ئەمەی ئێستا ئێمە دەیکەین شوێنی یاسا دەگرێتەوە، بەڵام لە ناو لە زمنی بڕیاری ژمارە (٧) هاتووە دەڵێ هەتا وەکو یاسایەك دەردەچێت، کەواتە ئێمە خۆمان مولزەم دەکەین لە دوای ئەم هەموو موناقەشەیەدا ئەم هەموو بە هەدەردانی کاتە ئەگەر ئەمە وەکو خۆی دابنرێتەوە خۆمان مولزەم دەکەین بەوەی لە داهاتوودا یاسایەکیش دەربکەین، بۆیە پشتیوانی لە هەردوو بەڕێزان کاك د.فرست و کاك سۆران عمر دەکەم بەوەی کە بە شێوەیکی زمنی ئێمە تەفعیل و تەعدیلەکە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نییەتی هەمووومان ئەوەیە کە ئەم موڵکانە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەعسییانە، کاتێك کە ئەم بڕیارە دەرچووە نیەتی موشەریع ئەوە بووە لە بڕیاری ژمارە (٧) کە بەو شێوەیە بێت، بەڵام دەتوانرێ تەفسیری عەکسەکەشی بۆ بکرێ کە وەکو کاك سۆران دەڵێ پێچەوانەی ئەو بڕگانە دەبێ کە ئێستا خۆی د.ڤالا خوێندیەوە، بۆیە ئێمە کە من پێشینەی وام نەبینیووە ڕاگرتن و بەکارخستنەوە و تەعدیل لە یەك

پرۆژەدا بێ و کە ناویشی نەنراوە بەو شێوەیە، بەڵام مادام ئێمە دەمانەوێ ئەم قەزیانە کە ئێستا لە مەحاکمە، بەشێکی دەرەجە قەتعی وەرکرتووە، بەشێکی ئێستا لەبەردەم دادگایە بۆ بڕیاردان، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە زوو ئەم بڕیارە دەربکەین، بەڵام بە موتەکامیلی، مادام ئێمە تەعدیلێك دەکەین لە ناوەڕۆکدا ئەم بڕگەیەش پێویستە تەعدیل بکرێ هەر ئەوها نەیهێڵینەوە، چونکە مەجالی تەفسیری موخالیفی هەیە، مەفهوومی موخالەفەش دەگەیەنێ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بەعسییەکان نەتوانن حەقی تەسەڕوفیان هەبێ مامەڵە بەو موڵکانەوە بکەن، بەڵام دەتوانرێت تەفسیری عەکسەکەشی بکرێ بە پێی ئەو داڕشتنەی کە لە بڕیارەکەدا هەیە، مادام ئێمە تەعدیل دەکەین با ئەوەش هەر تەعدیل بکەین لەگەڵیدا، هاوتا یەك دێتەوە لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی کە د.ڤالاَ کردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بۆیە بەکارخستنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)یشمان لێرەدا داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر بچینە سەر هۆکارەکانی دەرچوواندن کە نووسیومانە لەگەڵیدا، وتومانە بۆ جێگرتنەوەی ئەو یاسایەش کە بڕیاری (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) ئاماژەی بەوە کردووە، بۆیە هەدەفی ئێمە لە زیادکردنی ئەم بڕگانە ئەوەیە کە جێگەی ئەو یاسایەش بگرێتەوە لە هۆکارەکانی دەرچوواندندا ئیشارەتمان پێداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستە ماددەی (یەکەم) خۆی لە خۆیدا تەحسیل حاصلە ئەوی‌ش هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی مانیعمان نییە ئەگەر ئەو ماددەی (دووەم)ە لابرێ و موباشەرتەن ئیقتراحەکان دابنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالاَ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو مولاحەزە و تێبینییانەی کە پێشکەش کران لەلایەن بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ماددەی (یەکەم) کە دەنگی لەسەر درا ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، پێشنیار دەکەین ماددەی (دووەم)یش بە هەمان شێوە ڕاگرتنی کارکردن بێ بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، هەردوو بڕیارەکە ڕادەگرین کە هەردوو بڕیارەکە ڕاگیرا ئەو (٣) ماددەیەی کە پێشنیارمان کردووە ئیزافەی دەکەین حەل دەبێ بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە هەیە بە ئیزافەکردنی وشەی (هەڵوەشاوە) بۆ ماددەی (دووەم) کە ئیزافەمان کردووە، ئەوەی کە بەڕێز د.فرست ئیشارەتی پێدا، هەردوو بڕیارەکە ڕادەگرین کە

هەردوو بڕیارەکەت ڕاگرت ئەوانەی کە لێرە موقتەرەحن دەنگی لەسەر دەدرێ و دەکرێتن بە بڕیار ئەو کێشانەی کە هەیە چارەسەریان دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با نوقتەی نیزامی بێت د.فرست؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) خۆی هەڵوەشاوەیە، نە دەتوانین بیمرێنین نە دەتوانین زیندووی بکەینەوە، ئێستا مردووە، یەعنی بڕیارەکە ئێستا ئێمە دێین کە دەڵێین ئەو موڵکانەی نەگوێزرانەوە کە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵوەشاوە مانای وانییە ئێمە هاتووین باسی ئەسەرێکی دەکەین کە کەوتۆتەوە لە ئەنجامی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)، بۆیە بە تەسەوری من لە ڕووی یاساییەوە هیچ کیشەی نییە یەکسەر لە ماددەی (یەکەم) کە ژمارە (٥٥) هەڵدەوشێنیەوە تەحەول بکەی بۆ ماددەی ئەوەی ئێستا (دوو)ی بە تەواوی کۆتایی پێ بێنێ زۆر باشترە لەوەی، یەعنی جارێکی تر باسی ژمارە (٧) بکەیەوە، چونکە لێرە ئاماژەت پێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا ڕوونکردنەوەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەکە تەنها لێرە دروست دەبێ کە من ئیلغای بڕیاری ژمارە (٥٥) دەکەمەوە، مەعنای ئەوەیە بڕیاری ژمارە (٧)م زیندوو کردۆتەوە، کە ئیلغای ئەوەت کردەوە، یەعنی بڕیاری ژمارە (٧)ت زیندوو کردۆتەوە بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیە، چونکە بڕیاری ژمارە (٥٥) تەنها یەك ماددەیە، ئەویشیان دەڵێ بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) من ئیلغا دەکەمەوە، کە دەڵێم لێرە ئیلغای ژمارە (٥٥) دەکەمەوە، یەعنی خۆی لە خۆیدا ژمارە (٧)م زیندوو کردۆتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارە کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکالەکەی من دکتۆرە باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دێینەوە سەر ئەوە ئێمە چ ئیشمان بە ژمارە (٥٥) بوو کە ژمارە (٧)ی ڕاگرتووە، ژمارە (٥٥) چییە؟ ژمارە (٥٥) ڕاگرتنی ژمارە (٧)ە، ئێستا تۆ دێی ژمارە (٥٥)یش ڕادەگری، ژمارە (٧)یش ڕادەگری ئەمە چ مانایەك دەبەخشێت؟ ژمارە (٥٥) ڕاگرتنی ژمارە (٧)ە، کەواتە ئێمە ماددەی (یەك)مان بەسەردا تێپەڕی، دێمەوە سەر ئەو قسەیە دەبوو ئەم موقتەرەحانە یەکەسەر ببوایە بە بڕیارێك و لە ناوەرۆکەکەشی ژمارە (٧) مردووە، مردووە، ئیلغایە، ئیلغایە تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا بڕیار کە لەم بوارەدا دەرچووە بڕیاری ژمارە (٥٥)ە دەگەڕێینەوە سەر ئەوە، کاك سۆران، دوا بڕیار کە لەم بوارەدا دەرچووە بڕیاری ژمارە (٥٥)ە تۆ دەبێ موعالەجەکردنی دوا بڕیار کە لەم بوارەدا دەرچووە ناتوانی دەستکاری ئەوانەی پێش خۆی بکەی، بۆیە پێویست دەکات بڕیاری ژمارە (٥٥) ڕابگری، ئەمە شتێکی باشە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ش ڕابگری، موعالەجەی ئەو کەم و کورتیانە بکەی کە لە هەردوو بڕیارەکە هاتووە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو من لە سەرەتای گفتوگۆکە باسی ئەوەم کرد ئێمە ئەگەر عینوانەکە لە جیاتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥)مان بکردایە بە بڕیاری هەموارکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٥٥) تووشی ئەم ئیشکالیەتە نەدەبووین، نەدەگەڕاینەوە، هەر ئەم (٥٥)ەمان کە هەبوو هەموار دەکردەوە ئەمانەمان بۆ ئیزافە دەکرد و ئەوەی کە بە دڵ نەبوو لا دەچوو، تەواو، یەعنی دەبوایە هەر لە سەرەتاوە ئەمە ئەوها پێشکەش کرابووایە بۆ ئەوەی ئەوەندە نەگەڕاینەتەوە بۆ بڕیارە کۆنەکان، هەموارکردن بووایە لە جیاتی هەڵوەشاندنەوە نەدەگەڕایینەوە بۆ بڕیاری ژمارە (٧) ئەو هەموو ئیشکالیەتە دروست نەدەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا، بڕیاری ژمارە (٥٥) بەس تەنها یەك فەقەرەیە کە بریتییە لەوەی بڕیاری ژمارە (٧) ڕادەگیرێ، هەمواری چی دەکەیت، هەموار ناکرێت، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نەمانی یان بابڵێین بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەی ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) ناتوانین لە هیچ بڕگەیەکی تردا ئاماژە بە ئەسەری ریجعی بدەین، ئێمە ئەسەری ریجعی لە ڕووانگەی ئەوەوە ئاماژەمان پێدەدا ئەگەر بیرێك لە خاڵەکان بکەینەوە، دووە: ئەم (٣) ماددەیەی تریش پشتی بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بەستووە ئەم خاڵانەی تر کە داڕێژراوە ماددەی (٣، ٤، ٥)، پێشموایە ئەمە لە دواجاردا چۆن ئێستا

هەموارکرایەوە لە چەند مانگی داهاتوودا یان ماوەیەکی زۆر کەمی تردا پێویستە هەم جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، ئەوەی کە بەدواداچوونی بۆ کراوە من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەدواداچوونم بۆ کردووە لە ساڵی (١٩٩٢) تا ساڵی (٢٠٠٤) کە ئەم یاسایە بە کار بووە هیچ کێشەیەك نەبووە بەعسییەکان نەیانتوانیووە بێن داوای ماڵ و موڵکی خۆیان بکەن، لە دوای ساڵی (٢٠٠٤) و دەرکردنی ئەم یاسایە بە پێی ئەوەی ژمارە (٥٥)ەکە توانیوویانە، بۆیە من جارێکی تر تەئکید لەوە دەکەمەوە کە حەقە ئەم یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك لە یاساکە ئاماژەی پێداوە بە یاسایەکی نوێ دەربکرێ و ئەم یاسایە هەموار نەکرێ، پێشنیار دەکەم ئەگەر پشتیوانیم لێ بکرێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە کە یاسایەکی نوێ دەربکرێ و ئەمە وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە، بەس لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی ئەوەمان بداتێ کە لەو (٣) بڕگەیەی کە ئیزافەی دەکەن هیچ باسی بڕیاری ژمارە (٧)ی تێدایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك دەڵێین ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٧) ئەسەری ڕیجعیمان نەداوەتە ئیلغاکردنەوەکە، بۆیە ئەوەی کە کراوە لە ژێر بڕیاری ژمارە (٧) هەمووی حقوقی موکتەسەبە ئیحترامی دەگیرێ لەلایەن جیهاتی مەعنی ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئێمە ئەگەر لێرانەش ڕاگرتنی کارکردن بکەین لەو ماددەیەی کە زیادی دەکەین دەڵێین (تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم (٧) للسنة (١٩٩٢) الملغي الذي منحته الجهات الادارية أو المحلية في الاقليم لغيره أملاكا مصادرة و لايحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار أو قيمته أو أجر مثله أو تعويضه نقدا أو عينا)، یەعنی لێرە دووبارە تەئکیدمان کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەك ئەو کێشانە و ئەو عەرقەلانە دروست نابن کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ترسیان لێی هەیە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوا دەکەین کە ماددەی (یەکەم) دەنگی لەسەر درا، ماددەی (دووەم)یش بە هەمان شێوە دەنگی لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ئاسارانەی کە دروست دەبن لە تەتبیق کردنی بڕیاری ژمارە (٧) بەو شێوەیە موعالەجە بکرێتن کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام (٣) نوقتەی نیزامی هەیە، تکایە نوقتەی نیزامی بێت؟ فەرموو کاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکید لە هندێ دکەم ئەڤە ئەڤ ئیشکالە یاسایی نوکە چێبوین نەتیجەی ئیستعجالی کرنا مە بوو ل دەستپێکێش مە پێشنیار کر بەس نەهاتە وەرگرتن، یا دی مە دەنگی ل سەر ماددەیا (یەکەم) دای وەکو

موناقەشە هات دیارە مە خەلەتیەکا کر و مە دڤێت ڤی خەلەتی بە خەلەتیەکا دی راستکەینەوە، قەت نەبوویە ماددەیەکی قانونی ماددەیا (یەك)ێ تۆ یاسایەکی تەفعیل بکەی بێی ماددەیا (دوو)ێ جارەکا دی هەڵوەشێنیەوە، یان تەعدیل بکەیەوە، ژبەر هەندێ خەلەتیەك مە کر بلا بە خەلەتی راست نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێ ئێمە باسی ڕاگرتن بکەین لە ماددەی (دووەم)، لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە (٧) بە خۆی مولغیە، هەر بە خۆی باسی ئیلغا دەکاتن، ئەوەتا لێرە باس دەکات بڕیاری ژمارە (٧) لە بڕیاری ژمارە (٥٥) دەکات، بڕیاری ژمارە (٧) ئیلغا دەکرێ، کە باسی ئیلغا دەکات ئێمە ناکرێ دووبارە بێینەوە سەر بڕیارێکی مولغی.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج، ئەمە چەند جار باسکرا، بە یارمەتیت، تکایە، ئاگاتان لەو وتووێژانە بێ کە لە پەرلەمان دەکرێ، ئاگاتان لە روونکردنەوەکانی لیژنەی یاسایی بێت، باسی ئەوە کرا، لیژنەی یاسایی باسی ئەوەیان کرد کە تۆ بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) ڕادەگری، کەواتە ڕاستەوخۆ بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) بەرکار دەبێتەوە، چونکە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) یەك ماددەیەی ئەساسی تێدایە کە بریتییە لە ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە (٥)، ئەمە چوار، پێنج جار ئەمە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا باس کرایەوە، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارەی دەکەمەوە کە دوای ئەوەی ژمارە (٥٥) هەڵگیرا ژمارە (٧) ئۆتۆماتیکی دەکەوێتەوە کار، کەواتە ئەوەی (د.ڤالا)ش دەڵێ ناتوانی بڵێی هەڵوەشاوە کە وتت هەڵوەشاوە چۆن ئیعتیمادی لەسەر دەکەی، کەواتە هەر وەکو خۆی بمێنێ دروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە لە ماددەی (دووەم) وتت کار بە بڕیاری ژمارە (٧)یش ڕادەگری ئەوە ئەو کاتە دەبێتە مولغی، یان دەبێتە ڕاگیراو، بۆیە دەتوانین لە ماددەکانی تردا ئاماژەی پێ بدەی، بۆیە ئێستا با ئەم وتووێژە کۆتایی پێ بێنین دەنگ لەسەر ئەم ماددەیە بدەین کە سیاغەکراوە، تکایە بخوێنەرەوە جارێکی تر د.ڤالا؟ کاك عبداللە نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەی کاك (د.فرست)م، ژمارە (٥٥) هەڵگیراو ئەم خاڵانە زیاد دەکرێ ئیشارە بە ژمارە (٧) نەدرێ چارەسەری کێشەکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشارە بە بڕیاری ژمارە (٧) نەدرێ، بڕیاری ژمارە (٧) بەرکار دەبێت، کاری پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان، باشە، د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەك کێشە لەگەڵ خودی بڕیاری ژمارە (٧) هەیە، لەگەڵ نەصی بڕیاری ژمارە (٧) کێشە هەیە کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان تەرحیان کرد ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەگەر ئیشارەتی پێ نەدەین بڵێین تەنها بە زیادکردنی ئەم بڕگانە ئەوەی کە هاتووە لە ناو ژمارە (٧)دا وەکو خۆی دەبێ بمێنێتەوە، بۆیە ئێمە لێرە داوای ڕاگرتنی کارکردن بە ژمارە (٧)یش دەکەین و ڕاگرتنی کارکردن بە ژمارە (٥٥)یش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی کە کردوومانە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە بڕیاری ژمارە (٧) ئیشارەتی پێداوە، تەنها لەبەر سورعەتی عەمەلیەکەیە، ئەو پێشنیارانەی ئێمە پێشکەشمان کردووە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە داوا دەکات بڕیاری ژمارە (٧) دەڵێ دەبێ یاسایەك دەرچێت، ئەو پێشنیارانە جێگای ئەو یاسایە دەگرێتەوە، ئەگەر نا ئێمەش لەوە حاڵین، دەزانین کە کاتێك بڕیارێك هەڵدەوەشێنیەوە کارکردن بە بڕیارێك ڕادەگری لە هەمان کاتدا نابێ بڕگە زیاد بکرێت، مادده زیاد بکرێتن بە شێوەیەك کە تەفعیل و تەعدیل لە هەمان کاتدا بێتن، بەڵام من بڕیارەکە هەڵدەوەشێنمەوە و بە زووترین کات کە بڕیارەکەم هەڵوەشاندەوە جێگای چەند ماددەیەکی دەکەمەوە لە هۆیەکانی دەرچوواندن ڕوونمان کردۆتەوە موشەریع هەدەڤ ئەوەیە لە زیادکردنی ئەو ماددانە بۆ ئەوەی زیادکردنی ئەو ماددانە جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە کە بڕیاری ژمارە (٧) ئیشارەتی پێکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆیە تکایە بیخوێنەرەوە؟ ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندتەوە ماددەی (دووەم)، بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:** ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی لەبەر دەستی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان دایە، نووسراوە (مشروع قانون معالجة الاثار الناجمة على القرار رقم (٧) للسنة (١٩٩٢) الصادر من برلمان الكورستان_العراق، الملغى)، ئەوەش ئیمزا کراوە، داوای ڕوونکردنەوە دەکەم سەبارەت بەو ناونیشانە لە بەڕێز لیژنەی یاسایی، هەروەها سەبارەت بە (تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان)، تەبعەن دەبێ بنووسین (الملغى) ئیلغامان کردەوە، (الذي منحته الجهات الادارية أو المحلية في الاقليم لغيره أملاكا مصادرة و لايحق.....الى أخره)، بە تەسەوری من ئەمە جۆرێك لە ئیشکال هەیە لە یەك شتدا لەوەی کە ئێمە ئیشارەمان نەکردووە بە بەعسییەکان ئەمە یەك، دوو: من پێشنیار دەکەم خەڵکانێکی تری بۆ زیاد بکرێ ئەوانیش داواکراوانی دۆسیەکانی ئەنفال و جینۆسایدن لە هەرێمی کوردستان، چونکە من موستەشار دەناسم لە گەرمیان داواکراوە لە دۆسیەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، سەرباری ئەوەی دادگایی نەکراوە موڵکێکی زۆری کە پێشتر لە کاتی بەعسی بوونیدا لە ژێر دەستی دابووە بۆی گەڕێندراوەتەوە، بۆیە داوا دەکەم ئەوانی بۆ زیاد بکرێ و سیاغەکە بە جۆرێك بگۆڕدرێ کە ئەوانیش بگرێتەوە بە لایەنی کەم ئەگەر دادگایی ناکرێن و سزانادرێن، ماڵ و موڵکەکانیان بۆ مەسلەحەتی کەس و کاری ئەنفالکراوان موصادرە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسين دۆلەمەری فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل (تحسين دۆلەمەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٧) ئیلغاکرا، کەواتە ناکرێت جارێکی تر ناوی بهێنرێتەوە پشتی پێ ببەسترێت، یان دەبوایە هەموار بکرێتن، ئەوەی کە ئێستا هەیە سیاغەیەکی نوێیە و چ عیلاقەی بە بڕیاری ژمارە (٧) نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (سێیەم)دا من پێمباشە وازحتر بێت، ئێمە دەبێ کە باسی (اموال غير منقولة) دەکەین دەبێ خاوەنداریەتیان هەڵبووەشێتەوە هەتا ئیبتاڵ بکرێتەوە، ئەوانەی کە بەعسییەکان خاوەنی موڵکن هەتا ئێستا، لەمەو دواش بۆیان نەبێ ببنە خاوەنی موڵك و حەقی تەسەروف و کڕین و فرۆشتنیشیان بۆ نەبێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگری تەواو لەوەی بکرێ خاوەنی موڵك بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا غريب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى (غریب پێنجوێنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم ئەو مادده لەگەڵ ماددەی دوای خۆی کە لە یەکتری جیاکراونەتەوە، دەکرێ هەردووکی لە ناو یەك ماددەدا سیاغە بکرێن، چونکە هەردووکی هەر موتاڵەبە کردنی ئەوانە لە حالەتی یەکەمدا بۆ جیهاتی رەسمی و موحاکم، لە حەلەتی دووەمدا بۆ ئەو کەسانەی کە موڵکەکەیان بە دەستەوەیە ئێستا، لەبەر ئەوە باشترە هەردووکی بکرێ بە یەك بە رەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو قسەیە دەکەم کە ئێمە قسەمان لەسەر بەتاڵکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٧) کردووە، ئیتر پێویست ناکات لێرە بووترێتەوە، دوو: چەند ئیزافەیەکم هەیە هیوادارم لەم ماددەیە جێگەی بکرێتەوە، چونکە هێشتا ئەو ئیشکالانەی حەل نەکردەوە، یەکەمیان: پێ نەدان و نەکڕینی هیچ موڵك وماڵێك بۆ بەعسییەکان لەلایەن هیچ کەس و لایەنێك، پێ نەفرۆشتنی موڵك و ماڵ پێیان، داڵدەنەدانی بەرپرسانی بەعس لە کوردستان، وەك لە رابردوودا بینیمان (ماهر رشید) کە دەکاتە خەزوری (قصی) یەکێك بووە لە گەورە بەعسییەکان، یەعنی لێرە بووە موڵك و ماڵی پێکراوە، واتە ئەمانە دوای پرۆسەی (٢٠٠٣) بەشێکی زۆری بۆی کراوە، ئەمە جگەلەوەی (طه محی الدین معروف) و خەڵکی دیکەش، واتە نە موڵك و ماڵیان پێ بفرۆشرێ، نە داڵدەبدرێن، نە موڵك و ماڵیان پێ بکرێ، خاڵێکی تر دوو شت هەیە لێرە تێکەڵ بووە بەشێك لەم موڵك و ماڵانە هی شەخس بوون وەکو بەعسییەك، بەشێکی هی پۆستی حکومی بووە ئێستا داگیرکراوە ئەمانە دەبێ بگەڕێنرێنەوە بۆ حکومەت، بۆ نموونە خانووی پارێزگار هی شەخصی پارێزگار نەبووە، هی پۆستی پارێزگار بووە، ئێستا چ لە هەولێر، چ لە سلێمانی ئەم خانووانە بۆ پارێزگار بەکار نایەت، یەعنی ئەمانە حەلێکی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە ئەمە جگەلەوەی دەیان موڵك و ماڵی دیکە هەیە، خاڵێکی تر هەیە کە باس دەکرا، یەعنی من ئەم کەیسە لە نزیکەوە ئاگام لێیە بەرپرسی باڵای بەعس هەبووە لە هەولێر موڵك و ماڵەکەی دەستی بەسەرداگیراوە ئێستا کە هاتۆتەوە بە دوایدا موڵك و ماڵەکەی بۆ ناگەڕێنرێتەوە، بەڵام بە زەوی قەرەبوو کراوەتەوە، واتە زەوی پێدراوە کە ئەم زەویە موڵکی گشتییە، موڵکی خەڵکە، واتە ئەوەی خۆی پێ نەدراوەتەوە، لە حیسابی کۆی گشتی خەڵکی کوردستان زەوی پێدراوە کە من (adress) ی زەوی، ژمارەی زەوی، ناونیشانەکەی هەمووی بە تەواوەتی لەلایە، خاڵێکی تر هەیە ئەوەیە تەنیا ئەوانەی بەعسییەکان نین ئێستا دۆخێك دروست بووە لە کوردستاندا بە تایبەتی ئێستا بەرەو کەمبوونەوە دەچێ لە رابردوودا چەندین بەرپرسی باڵای عێراقی لە هەرێمی کوردستاندا زەویان پێدراوە، با بەشێك بن لەم حکومەتەش، لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە کوڕی (نوری مالکی) لە گران بەهاترین شوێنی

هەولێر كە گەڕەكی وەزیارانە (٤٠٠) مەتر زەوی پێ دەدرێت، یەعنی بە قانون ڕێگریەكیشت بۆ ئەمە دروست كرد، چونكە ئەمانە موڵك و ماڵی خەڵكی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ پەیوەندیەكی بەم بابەتەوە نییە، تكایە كاك علی؟ كاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله ئێمە ئەمڕۆ خەریكی یاسایەكی زۆر گرنگین، یاساكە پێویستی بە جۆرێك ئیجماع و ئیتیفاق هەیە لە ناو پەرلەمان، بۆیە تكایە با بابەتەكان بە شوێنێكدا نەبەین كە یاساكەمان لە بیر بەرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەم برادەرانە كە مادام ئێمە بڕیاری ژمارە (٧)مان ئیلغا كردەوە، ئیتر چۆن دەكرێ لێرە بیكەین بە ئەساس، یەعنی لێرە لە ماددەی (سێیەم)ی پێشنیاركراوی لیژنەی یاسایی بووە بە ئەساس، خۆ ئەگەر ئەمە ئەساس و بنەماش نەبێ لە ڕاستیدا ئەمەش نابێت، ئیتر پێموابوو كە پێویستی بەوە دەكرد، من خۆشم پێشنیارم كرد كە ئەم ماددەیە ئەم بڕیارە هەموار بكرێتەوە لە بری ئەوەی كە ئیلغا بكرێتەوە، ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین، خاڵێكی تر لێرە ئێمە بە چ بڕیار و بە چ دەقێك بڕیارمان داوە ئەوانەی خاوەنی پێشوونە و ئەوانەی خاوەنی ئێستانە، هەر چەندە ووشەی ئێستا نەهاتووە، بەلاَم من پێموایە پێش ماددەی (سێیەم) و ماددەی (چوارەم) دەبووایە بڕگەیەكی تر، یان ماددەیەكی تر هەبووایە بۆ ئەوەی ئێمە خاوەندارێتیمان لەو لێپرسراوانە وەرگرتباوە كە لە بڕیاری ژمارە (٧)دا هاتوون و گێڕابامانەوە بۆ ئەوانەی كە ئێستا موعامەلەی پێوە دەكەن، هەر چەندە لێرەشدا ئیشكال هەیە، چونكە موعامەلەكردن بەم جۆرە موڵكانە لە ڕاستیدا لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێك موڵك هەبووە كە لە ئێستادا كە سانێك موعامەلەی پێدەكەن پێشتریش چەند كەسانێك موعامەلەیان پێكردووە، ئەمە نە بەم شێوەی كڕین و فرۆشتنیشی پێوەكرابێ، بەڵكو بە شێوەی دەست بەسەرداگرتن، دوای ئەوە ئێمە كە باسی بەعسیەكان دەكەین كە من خۆم زۆر دژیم، پێشنیاریشم كرد بۆ جەنابتان هەر چەندە دەبێ بە پرۆژە بڕیار بێت كە دەبێ دادگا بە پەرلەمانی كوردستان بڕیار دەركات بۆ ئەوانەی كە لەو لیستەیەدا ناویان هاتووە كە پێیان دەوترێ تاوانبارانی ئەنفال كە بەداخەوە هەتا وەكو ئێستا لە هەرێمی كوردستان ڕێگە نادرێ بە دادگایی كردنییان، بەلاَم كە باس لەو كۆنە بەعسییانە دەكرێ ئێمە ناكرێ تەنها بەعسییەكانی ناوچەیەك ناو بێنین، یەعنی بیر لە ناوچەگەری بكەینەوە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر، ناکرێ لەمەدا پشتگیری لە ڕەئی د.ڕێواز بکەی بڵێی ئەویش باسی کرد بۆ ئەوەی جەنابت دووبارەی نەکەیتەوە؟

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ئاخر ئەمە فەرقی هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مـن شانازی دەکەم کە پشتیوانی لە ڕەئی د.ڕێواز و هەر برادەرێك بکەم کە هەمان ڕەئی بێت، لە ڕاستیدا خۆشم لە دانیشتنەکانی تر ئاماژەم پێداوە، بۆیە من تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە، پێموایە ناکرێ بەو شێوەیە قسە بکەین لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە هاوڕێیانم باسیان کرد ئەو مۆڵکانەی کە هەن لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بەعسیەکان دوو جۆرن، بەشێکیان ئەوەی کە پێیان درابوو وەکو هی حکومی بووە ئێستا ئەوە یەك دەنگی لەسەرە کە دەبێ بگەڕێتەوە، بەڵام بۆ نموونە لە شاری هەولێر هەندێ پارچە زەوی هەن بە تایبەتی لە گەڕەکی (٩٩)ی زانکۆ بەشێك لەو بەعسیانە مامۆستای زانکۆ بوونە، زەویەکانییان ئێستاش ماوە، ئایا ئەم زەوییانە کە ئەوانە وەریان گرتووە ئێستاش هەر بە ناوی خۆیانە هیچ کڕین و فرۆشتنێکیان بۆ نەکراوە بە پێویستی نازانن لەم یاسایەش جێگای بۆ بکرێتەوە و ئەمەش یەکلایی بکرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا دوو خاڵ هەیە بە بڕوای مـن ئەگەر ڕەچاوی نەکەین هەر ئەم ماددەیە دەبێتە پارێزەری ئەوانەی کە لە دوای ئەم ڕووداوانە بە مەساحاتی گەورە، بە ڕووبەری گەورە شتی گەورەیان دەست کەوت و بەم ماددەیە ئێمە دەیان پارێزین، جارێ تێبینی یەکەم دەڵێ (منحتـه الجهات الاداریـة أو المحلیـة)، ئەوە ئیدارییەکە دەزانین سەر بە حکومەت و ئیدارییە، (مەحەلی)ەکە کێیە؟ (محلی)ەکە حیزب داویەتی، یان کێ داویەتی؟ لەبەر ئەوە دەبێ ئەم ئیدارییە و مەحەلیە پێموابێ دەبێ ڕوونی بکەینەوە لەم ماددەیەدا کە ئیداری یان مەحەلی یان کێیە یەکلایی بێتەوە کە حکومەتە، (في الاقلیم) لێرەدا ئینجا ئەم (لغیرە)، (لغیرە): واتە ئەم مۆڵکانە کە ئەگەر فەرزەن لێرە بڵێ مەبەستمان حکومەت بوو لە جیهاتی ئیداری و مەحەلی (لغیرە): واتە بە غەیری ئەو کەسەی کە باسی دەکرێ لە یاساکەدا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە

حەق وەریان گرتووە و بە نا حەقیش وەریان گرتووە لە دوای ئەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە (لغیرە مـن ضحایة الجینوسایید) ئیزافە بکەین، یەعنی تەوقی بدەین، ئەم مەوزوعە بەوەی کە ئەو موڵکانەی پێشوو ئێستا تەنها موصادەرە بکرێ، تەوزیع کراوە پێشتر بۆ ئەوانەی کە زەحایەی جینۆسایدن، غەیری ئەوان ئەوانەی بۆ موتاجرە، ئەوانەی بۆ مەساڵحی شەخسی خۆیان مەساحاتی گەورە گەورەیان وەرگرتووە ئەمە نەیانگرێتەوە، چونکە ئەو کاتە بەم ماددەیە ئێمە ئەوانیش دەپارێزین، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم (لغیرە من ضحایة الجینوسایید)ی بۆ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی تەنها ئەوان موستەفید بن لەم بڕیارەی کە ئێمە دەمانەوێ دەریکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من تەئکید لەوە دەکەمەوە بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٩٢) کە ئەوەندە بە گرنگ نەزانرو ئیلغاکرایەوە نەدەبوو، دەبووایە بە شێوەیکی تر دابڕێژرایەتەوە باس لەو ماددەیە نەکرایە لەو بڕیارە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە ئەوە دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ماددەکانی ترە ئەمەی (٣، ٤، ٥) بە شێوەیك دابڕێژرایەتەوە کە باسی ئەو ماددە هەڵوەشاوەی نەکردایە، دوو: بە هەمان شێوە ئەوەی خاوەنی موڵکەکەشە حەقە لەم ماددەی (سێیەم)ە جێگەی بکرێتەوە پێویست بە ماددەیەکی جیاواز ناکات، خاڵێکی تر ئەوەی خاوەنی پێشوو هەندێك جار تەفسیری جیاوازیش هەڵدەگرێ خاوەنی پێشووی موڵکەکە ئەوەش ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدرێ، هەروەها خاڵێکیان لەسەر ئەوەی بەعسییەکان کە حەقە باس دەکرێ سنوورەکان جیا نەکرێتەوە شەوانە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی لای ئێمەوە زۆرترین قسەشی لەسەر کراوە، بۆیە ناکرێ ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر جیا بکرێتەوە کە باس لەوان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی فەرموو،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف «هەورامان گەچێنەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تـەنیا هـەر ئەوەنـدەم هەیـە کـە ئیـشکال لەسـەر مـالکی هەیـە «المالکها السابق»، بـۆ ئـەوەی هـەم بەعسییەکان باسی ئەو موڵك و شوێنانە نەکەنەوە و هەروەها بۆ جاشە خۆماڵییەکانی خۆشمان کە سێ، چوار، جار باس کرا، پێم باشە بوترێت و «لا یحق للمالك و لا یحق للبعثین و معاون»، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە زۆر بەرفراوانە، رەنگە کەس لێی دەرنەچێ مامۆستا هەورامان، د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز شێرکۆ جەودەت دەکەم، لە دەقە کوردییەکەشدا لە داڕشتنەوەکەی، ئەو موڵکە نەگوێزراوانەی کە بڕیاری «ئەگەر دواتر دەستکاری بکرێت قسەی تر دەبێت» پەرلەمانی کوردستان ژمارە حەوتی ساڵی «١٩٩٢»ی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە، خاوەنی پێشووی موڵکەکان ناتوانن داوا لە لایەنەکانی حکومەتی هەرێم، ئەو کاتە پێشتر د. ڤاڵا لە روونکردنەوەکانی باسی پەرلەمان و سوڵتەی قەزایی و ئەوانەشی کرد، کە تەنها لە دامەزراوەکانی هەرێم بە بڕوای من وابوو بنووسن باشە، ناتوانن داوا لە دامەزراوەکانی هەرێم بکەن بۆ گەڕانەوەی عەقارەکانیان یان بەهاکەی یان قەرەبووکردنەوەیان بە نەقدی و عەینی، ئەگەر وای لێبکرێت و دیسان دەڵێم پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز شێرکۆ جەودەت دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی لەسەر بدەن.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵوەشاندنەوە و تەعدیل کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەمڕۆ باس کرا، تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ کەیسی جینۆساید، کە ئەمانە دوو بابەتی زۆر لە یەك جیان، لێرە باسی حقوقی مەدەنی دەکات کە پێشتر دراوە بە کەسانێك ئەو بەعسییەی کە ئەو عەرزەی پێدراوە و ئەو بەعسییەی کە لێی سەندراوەتەوە و دراوەتە هاوڵاتییەکی کوردستان، مەرج نییە بەشدار بوو بێت لەو تاوانانەی کە دژ بە گەلانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و دژ بە گەلانی کورد ئەنجام دراوە، بۆیە ئەمە بابەتێکە ، بابەتی جینوساید و زەحایەی جینۆسایدیش بابەتێکی ترە، ئەو دوو بابەتە لێك جیاوازن و نابێت تێکەڵی یەکتر بکرێن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: کە دەڵێین «تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان کوردستان» ژمارە ئەوەندە لە ساڵی ئەوەندە «الملغی»، لێرەدا دەبێ ئیشارەت بە بڕیاری ژمارە حەوت بدرێت، چونکە وەکو روونم کردەوە بە پێی بڕیاری ژمارە حەوت، ئەو زەوی و زارانە دەستی بەسەردا گیراوە، دواجار دابەش کراوە لە لایەن

جیهاتی مەعنی و لایەنی پەیوەندیدار بەسەر هاووڵاتیان لە کوردستاندا، و کاتێك ئێمە لێرە لە ماددەی دوو دا ڕادەگرین بڕیاری ژمارە حەوت ، بە ئەسەرێکی ڕەجعی ڕامان نەگرتووە، کە بە ئەسەری ڕەجعی ڕات نەگرتووە، هەرکارێك ئەنجامدرا بێت لە سایەی بوونی ئەم بڕیارەدا کە ئەویش بریتی بوو لە دەست بەسەر داگرتنی عەرزەکان لە لایەك لە لایەن بەعسییەکان و دواجار دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیانی کوردستان، ئەمە بووەتە حقوقی موکتەسەبە و کەس ناتوانیت لێرە دەستکاری ئەو حەقانە بکات، بەڵام ناوهێنانەوەی لە ماددەی سێ دا زۆر گرنگە، کە ئیشارەتمان پێداوە وەکو بڕیارێکی مەلغی، بەڵام ئیشارەتمان پێنەداوە ئیلغاکردنەوەکەی ئەسەری ڕەجعی هەیە، چونکە ئەگەر ئیلغاکردنەوەکەی ئەسەری ڕەجعی هەبێت ئەمە لە ئەساسدا ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێم هاوێشتوویەتی دەست بەسەرداگرتنی لە لایەك و دواتر دابەش کردنی بەسەر هاوڵاتیان لە لایەکی تر، ئێمە هەمووی ئیبتاڵ دەکەین، کەواتە ئەمە لێرە ئەسەری ڕەجعی نییە بەڵام بڕیاری ژمارە هەفت بڕیارێکی مەلغییە، ئەوەی لە ژێر سایەی بڕیاری ژمارە حەوت ئەنجامدراوە هەمووی کاری یاسایین و هەمووی بووەتە حقوقی موکتەسەبە، کەس ناتوانێت دەستی بۆ ببات، و هەروەها ڕاگرتنی کار کردن بە بڕیاری ژمارە حەوت کە لە ماددەی دوو دا هاتووە، ئەوەشیان لە جێگەی خۆی بوو، چونکە ئەگەر ئەومان ڕانەگرتبا لێرە نەمانـدەتوانی بڵێین بڕیاری ژمارە هەفتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەڵوەشاوە، کە هەڵوەشاوەمان بۆ زیاد کرد، دەبوو لە ماددەیەکی پێشووتر بڕیارەکەش ڕابگرین و هەڵیبوەشێنینەوە، چونکە وەکو باسم کرد لەگەڵ ماددەی یەك دەبوو بە تەناقوز، بۆیە ئەوەی لێرە پێشنیار کراوە لە لایەن لیژنەی یاسایی زۆر بە دەقیقی بووە و ئەو پرسیارەش کە کرا ئەوەی لەبەر دەستمانە ﴿مشروع قانون معالجه اثار﴾ە، دەڵێین بەڵێ ئەمە ئامادەکاری کراوە بوو بۆ دەرچوواندنی یاسایەك کە بە بڕیاری ژمار حەوت ئیشارەتی پێ داوە، ئەوەیان ئامادەکاری بۆ کرابوو، بۆ دەرچوون لە یاسایەك کە بڕیاری ژمارە حەوت ئیشارەتی پێدراوە، ئێمە بۆ سورعەتی کارەکە و بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەم بابەتە، بڕیارماندا کە ئەوەی کاری بۆ کراوە لەم بابەتەدا بۆ داڕشتنی یاسایەك لەو بڕیارە ئەمڕۆ جێگای بکەینەوە و دەنگی لەسەر بدرێت، کە حوکمێکی تەشریعی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی کە هەن بە زووترین کات چارەسەر بکرێن، بەڵێ ئەمە پرۆژەی قانون بوو، ئامادە کرابوو، بەڵام لێرە ئێمە هەوڵماندا لە پرۆژە بڕیارێك کە حوکمی قانونی هەیە جێگای بکەینەوە بۆ حەلکردنی کێشەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە نوقتەی نیزامی هەیە، کاك قارەمان فەرمووە،

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لە یاسایەکە باسی موڵکی گشتی دەکات، زۆر برادەران قسەیان کرد، بەڵام ئێستا بۆ نموونە: لە قەزای کۆیە، هەموو ئەو موڵکانەی کە موڵکی گشتینە هەندێکیان لای شەخسن و هەندێکیان خۆیان پێشتر بەعسی بوونە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕایە، نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەمە بۆ دەرکردنی یاسایەك، هەڵدەوەشێندرێتەوە هەتا دانانی کاتی یاسایەك و چۆنیەتی دەستکاری کردنی ئەو ماڵ و موڵکانە دەست نیشان دەکات، یەعنی ئەو یاسایەی کە باس دەکات یان ئەو سێ بڕگەیەی کە بۆی زیاد کراوە، کە یاسایەکی نوێ دەردەکرێت، ماڵ وموڵکەکان هێی کەسەکان نییە، یەعنی بەعسییەکان هەیان بوو، بەعسیش هەی بوو، موڵکەکانیش موڵکی وەزارەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمود نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیجازەی لیژنەی یاسایی چەند جارێك د. ڤاڵا باسی ئەوەی کرد کە ئەو موڵکانە دوای ئەوەی دەستی بەسەردا گیراوە جارێکی دی دابەشکراوە بەسەر خەڵکدا، چەند ساڵێکە لەم وڵاتەم من نەمبینیوە کە ماڵ و موڵکی بەعسییەك بدرێتە خەڵکی سادە و سڤیل، بەڵکو ئەوانەی هاتوون و باڵا دەست و مەسئول بوون پاسەوانیان هەیە، ئەمانەن کە ئەو موڵکانەیان داگیر کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، خاتوو بێگەرد فەرمو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من ڕەخنەیەکم هەیە، هەر بابەتێك کە زمنی نوقتەی نیزامی دەرچوو تۆ کۆتایی پێناهێنی وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ڕەئیەکەی خۆی دەڵێیت، ئینجا لە کۆتاییدا تۆ دەڵێی نوقتەی نیزامی نییە، بە ڕاستی ئەمە مەعقول نییە، چونکە نوقتەی نیزامی نوقتەی نیزامییە و تۆ دەبێ ڕێگەی پێنەدەی ئەگەر نوقتەی نیزانی نەبوو بە ڕاستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو لە پێشدا قسەی لەسەر لیژنەی یاسایی هەبوو، نوقتەی نیزامی نەبوو ڕامانگرت، د. ڤاڵا بیخوێنەرەوە، دەقی ماددەکە بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی کاك سۆران؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند کەسێك پێشتر ناوی خۆمان نووسیوە، بەڵام لە ماددەکان ناومان ناخوێنیتەوە ئەم جارە قسەت پێ نەداین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە نـاو دەنووسـرێت دەبـێ بنووسـرێت بـۆ چـی ماددەیـەك؟ خـۆ ناکرێـت لـە هـەموو ماددەیـەك ناوتـان بخوێنێتەوە؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناومان نووسیوە بۆ ئەو بڕگەیەی کارنامە قسە دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا قسەیەکت هەیە؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ قسەم هەیە، ماددەی سێیەم، پێم وایە پێشکەوتووە، لێرە دەڵێ: ئەو موڵکە نەگوازراوانـەی کـە بڕیـاری ژمارە حەوتی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ دەیانگرێتەوە، ئەم بڕیارە لە ساڵی ﴿٢٠٠٤﴾ەوە وەستاوە، ئایا پرسیار کراوە لە مەحاکم کە بڕیارێك لـە سـاڵی ﴿٢٠٠٤﴾ەوە ئیلغـا کـراوە، یـەعنی چـی ئێـستا لـە مـەحاکیم خـەڵکێك پەلـە قازەیەتی کە دەڵێت بـەم بڕیـارە مۆڵکەکـەم لێدەسێننەوە، ئەمـە یـەك، دووەم:ئـەوە خـاوەنی پێـشووی ئـەم موڵکانە ناتوانن داوا لە لایەنەکانی حکومەتی هەرێم بکەن بۆ گەڕانەوەی عەقارەکەیان، ئیبتاڵی مۆڵکییەتی تێدا نییە، بەڵام ناتوانن داوای ئەوە بکەن کە قەرەبوو بە نەقدی یان بە ئەوە وەربگرن، بۆیە زەروورە وەکۆ کاك انور کە پشتگیری لە رەئیەکەی دەکەم، لەبەر ئەوەی خیـبرەی هەیـە لـە مەسـەلەی تـاپۆ، پێویـستە بـەر لەمە ئیبتاڵی هەموو خاوەندارییەکی ماڵ و موڵکی نەگوازراوەی خاوەندارەکانی پێشووی رژێمی لەناوچووی عێراق لە راپەرینە مەزنەکە و لە دوای ئەمیش کە چوونەتە پاڵ رژێم هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمجا کە دوایی هەڵدەوەشێتەوە مافی داوای قەرەبووی ئەمەیان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەمە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی موسادرە هاتووە لەم ماددەیە، کە ئەم کەلیمەیە هات ئیتر حەقی نامێنێت بەسەر ئەم موڵکەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ماددەکە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**﴿تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم ٧ لسنة ١٩٩٢ الملغى الذى منحتة الجهات الادارية او المحلية في الاقليم لغيره املاكا مصادره و لا يحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار او قيمته او اجر مثله او تعويضه نقدا او عينا﴾**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف ﴿هەورامان گەچێنەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسادەرە، ئیبتاڵی موڵکییەت نییە و جیاوازە، لەبەر ئەوە کاك انور و کاك سۆرانیش ڕەئی تریان هەبوو، ئەم ئیبتاڵی موڵکییەتە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك انور فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسادەرە جیاوازە لەگەڵ ئیبتاڵ، موسادەرە دەستی بەسەردا دەگیرێت، من دەڵێم ئەمە دەبێ هەڵبوەشێتەوە بە پێی قانون، من حەوت ساڵ لە تاپۆ فەرمانبەر بوومە، پێشتر باسم کرد کە چۆن تاپۆ هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوا ڕوونکردنەوە لەسەر موسادەرەو ئیبتاڵی موڵکییەت لە لایەن لیژنەی یاسایی فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لیژنەی یاسایی داوا دەکەین وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور تکایە ڕوونکردنەوەی خۆت بدە.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موسادەرە هەمووومان دەزانین ئەگەر بیكەینە كوردی بە مانای دەست بەسەر داگرتنە، پێشتر باسم كرد بە حوكمی ئەوەی من لە تاپۆ بوومە، چۆن تاپۆ هەڵدەوەشێتەوە؟ باسم كرد لە وەزارەتی عەدل لیژنەیەك هەیە بەناوی لیژنەی وردبینی، كە دوای ئەوەی زەوی تاپۆ دەكرێت بە ناوی شەخسەوە، هەموو موعامەلاتەكانی چ كرین و فروشتن بێت یان تەمدید بێت یان بە نەقل كردن بێت دوای ئەوەی كە تۆمار كرا دەچێتە لیژنەی وردبینی، لە لیژنەی وردبینی دوو حاڵەت هەیە، هەر موعامەلەیەك كە بتەوێ ئیبتاڵی بكەی، كاتێك لیژنەی وردبینی پەسەندی كرد تەنیا بە بڕیاری دادگا هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام پێش پەسەندكردنی بە بڕیاری وەزیری عەدل هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە لە قانونی تسجیل عەقاری باسی كردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با رای پسپۆرانی تری بواری یاسا وەربگرین، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقی موڵكییە ئەوەی كە پێدەڵێن حقوقی عەینی ئەسلی، حەقی تەسەروفە، حەقی ئیستیعمالە، حەقی ئیستیغلالە، لێرە كە موڵكەك موسادەرە كرا، لێرە ئێمە باسی حكومەت دەكەین و دوو برگەمان هەیە، برگەی دووەممان: ﴿اله الیه ملكیة﴾ كە ئەمەش ﴿اشخاص طبیعی﴾نە، كە موڵكەكان بۆی چووە لەوێ باسی ئیبتاڵ دەكات، بەڵام لێرە باسی موسادەرە دەكات لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی حكومەتە، حكومەت دواتر بڕیار دەدات ئایا ئەم موڵكە نەقل بكات یان چۆن تەسەروفی بۆ بكات ؟ بۆیە بە تەسەوری من مادەم حەقی موسادەرەت دایێ دەوڵەت جارێ ئەو موڵكە یەكلا نەبوویتەوە لە دەستی حكومەتە و شەرت نییە ئیبتاڵ كرابێت و وەكو باسم كرد لە ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ لیژنەیەكی ئەمنی یان تەشكیل كرد بۆ ئەوەی بزانین بەعسییە یان نا؟ بەڵام لە فەقەرەی دووەم ئەمە موعالەجە كرایە، دەڵێ: ئەگەر تەملیك كرا بێت ئەوە موڵكەكە ئیبتاڵ دەبێتەوە، بەڵام مادەم ئیبتاڵ دەكرێت حەقی موسادەرە و تەسەروف و ئیستیغلالیش و ئیستیعمال كە ساحیبی ئەسلییەكە بەعسییەكەیە وەردەگیرێتەوە، ئیتر حكومەت دواتر خۆی بڕیار دەدات چی لە مۆڵكەكان دەكات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موسادەرە دەسەڵاتی حكومەتە، خۆی مومارەسەی دەكات ڕەنگە سەبەبی قانونیشی نەبێت بۆ ئەم موڵكە موسادەرەیە، بۆ نموونە: ئەم حاڵەتەی ئێمە سەبەبەكەی سیاسییە، بەڵام ئیبتاڵی موڵكییە، ئیبتاڵی حەقێكە

که دەبێ موسەببەب بێت و بە بێ سەبەب ناتوانی ئیبتالی مولکییەی بکەی، چونکە مولکییە حەقێکی مەسونە دەستوورییەن، بەڵام بۆ لێرە موسادەرە هاتووە؟ چونکە قەرارەکە قەرارێکی سیاسییە، ئەگەر ئیبتالی مولکییە بێت ئەبێت سەبەبی قانونی هەبێت، ئایا سەبەبێکی قانوونی هەیە بۆ نموونە قایمقامێکی بەعسی لە سلێمانی خانوویەکی هەبووە بۆ ئەوەی تۆ ئیبتالی مولکییەی بۆ بکەی؟ ئەبێ سەبەبێکی قانونی هەبێت بۆ ئیبتال، بەڵام لە موسادەرە پێویست بە سەبەبی قانونی ناکات، بۆیە بە تەسەوری من موسادەرە باشترە لە ئیبتالی مولکییەت، چونکە ئیبتالی مولکییە ئەگەر سەبەبی نەبێت ئەوان سەد ساڵی تریش دەتوانن بگەڕێنەوە سەر حەقی خۆیان ئەگەر ئەساسی قانونی نەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان رای د. ڕێوازم هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باش دەزانین بڕیاری ژمارە حەوتی ساڵی «١٩٩٢»، کاتێك کە ئیلغا بووتەوە مەرجی لەگەڵە، دەڵێ: یاسایەك دەربچێت مامەڵە بەو زەویانە دیاری بکات بەم موڵکانە غیر مەنقولانەوە، هیچ بەڵگەیەك نییە کە بیسەلمێنێت ئەم ئەموالانە موسادەرەن و دوایی تەحویلی مولکییە کراون، بۆیە دەبێ ئیبتالی مولکییە بێت، لەبەر ئەوەی تەحویلی مولکیە بووە، ئەمە بەشێکیان حکومەت نییە، بەشێکی زۆری خەڵك و ئەشخاسن، بەڵکو ئەشخاس ناتوانێت موسادەرەی بکات و یەخەی من دەگرێت کە پێشمەرگەی قەدیمم، هاتوومەتە خانووی فلان کەسی بەعسی، دەڵێ کەواتە موسادەرەیە و حکومەت موسادەرەی نەکردووە تۆ وەکو شەخس داگیرت کردووە، ئیبتالی مولکییە نەبووە، دەمەوێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێ لەم بابەتانە بابەتی ئیختیساسین و بە راستی دەبێ ڕێز لە ئیختیساسەکان بگرێت کە خەڵکی ئیختیساسی قسە لە سەر ئەم بوارانە دەکات، ئەوانەی کە قسەیان کرد دکتورایان هەیە لە بواری یاسا و بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دکتۆرایان هەیە لە بواری یاسا، بۆیە من پێموایە بیخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە لیژنەی قانونی خوێندیەوە، کاك انور دەرفەتم پێتدا، تۆ ڕوونکردنەوەی خۆت دا، ئەم بەڕێزانەش ڕوونکردنەوەی خۆیاندا، ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرسە یەکلا دەکەنەوە، تکایە د. فالا بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دەزانم، بەڵام دەبێ جارێکی تر بیخوێنیەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

﴿تعتبر العقار العائد للمشمول بقرار برلمان كوردستان المرقم ٧ لسنة ١٩٩٢ الملغى الذى منحتة الجهات الادارية او المحلية في الاقليم لغيره املاكا مصادره و لا يحق لمالكها السابق مطالبة الجهات الحكومية في الاقليم باستعادة العقار او قيمته او اجر مثله او تعويضه نقدا او عينا﴾

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ ﴿٥٢﴾ كەسی لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٤﴾ كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی دوای ئەمە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة**

﴿لا يحق للمشمول باحكام الماده الثالثه من هذا القرار مطالبة من اله له ملكية العقار باعادة العقار العائد له او قيمته او اجر مثله او اى تعويض ناتج عنه﴾.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناو بنووسین، بەڕێز كاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیسان پرسیارێكم هەیە، ئایا كە دەڵێی خاوەنی پێشوو، مەسەلەن ئێمە دوو خانوو یان سێ خانوومان هەیە هێی پارێزگارە، هیی پارێزگار بووە پێشوو تریش، ئایا بۆی نییە داوای بكات؟

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە وتوێژەكەی ئێمەوە نییە، خانووی مەنسەب هیچ پەیوەندی بە موڵكی سەرانی پێشووی رژێمەوە نییە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاوەنی پێشووی موڵكە نەگوازراوەكان كە بڕیارەكەی سەرەوە دەیانگرێتەوە ناتوانن داوای بكەن، ئایا پارێزگاریش ناتوانێت داوای بكات؟ داوای موڵكەكەی موحافز بكات یان نە؟

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز انور فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم بڕیارە بە خەلەل تێپەڕی، کەم و کورییەکەشی لەمەدایە ئەم ماددەیە و ماددەی پێشوو زۆر لەیەك نێزیکن، لە ﴿١٩٩٢﴾ەوە تا ئێستا ئەوە کێشەی موسادەرەیە کە چارەسەر نەکراوە، گوتیان دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام ئیبتاڵ نەکراوە و نەقلیش نەکراوە، ئەمە حاڵەتێکە پێم وایە درێژەی پێدرا لەو یاسایەشدا ئەم بڕیارەش بە هەمان شێوە، خۆ موسادەرە دەست بەسەرداگرتنە، لەگەڵ ئەوەدام کە موسادەرە دەستیشی بەسەردا بگیرێت بەعسییەکان خاوەنی زەوی و زار و خانوو نەبن یان ئەموالی غیر منقولە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ چارەسەری کێشەی ئیبتاڵی موڵکیەش بکرێت، کە خاوەنی موڵك نەبن کێشەکە لەمەدایە لە ﴿١٩٩٢﴾ەوە تا ئێستا، لەوانەیە بەعسییەکان لە ناو خانوو دا بن، ئەوە حکومەت چارەسەری نەکردووە، موسادەرەی کردووە، بەڵام بۆ ئیبتاڵی نەکردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەو ماددەیەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەن، دەمەوێ روونکردنەوە پێشکەش بکەم، ئەویش ئەمەیە ئێمە ئێستا باسی یەك حاڵەت دەکەین، تەنها ئەو پیاوانەی رژێمی پێشوو کە لە ئەسنای ساڵی ﴿١٩٩١﴾ لە کاتی ئینتیفازەی ئادار یان لە دوای ئەوەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت ئێمە بمانەوێت مەودای ئەم یاسایە فراوان بکەین زۆر ئاساییە، من پێش هەمووان تەوقیعی ئەمە دەکەم فەرموون با یاسایەك دەرکەین بۆ مەسائیلی جینوساید و خانووە حکومییەکان، بەڵام با مەوزوعەکان تێکەڵاوی یەك نەکرێت، ئەمە تەنیا تایبەتە بەو پیاوانەی رژێم کە لە ﴿١٩٩١﴾ەوە کوردستانیان بەجێ هێشتووە، موشکیلەکەش لەم ماددەیەدا حەل کراوە، ئەوەی کە کاك انور باسی کرد، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك موڵکی یەکێك لە پیاوانی رژێمی پێشووی لەبەردەستدایە، بە تەئکید ئێستا تەملیك کراوە بە ناوی خۆی، کە موڵکێك بە ناوی من بوو یەعنی ئیبتاڵ بوو، لە تەسجیل عەقاری تەنیا بە ناوی یەك کەس دەبێت، مانای وایە ئێستا موڵکی پیاوی پێشووی رژێم ئیبتاڵ کراوە و بە ناوی هاووڵاتیەکی هەرێمە، بەڵام ئەوەی دیکە موشکیلەی دەوڵەتە موسادەرەی دەکات دوایی ئەو بڕیار دەدات چی لێ بکات؟ بۆیە بە ڕای من ئەو ماددەیە تەواوی کێشەکەی حەل کردووە، چونکە لێرە باسی موسادەرە ناکات، باسی تەملیك کردنی دەکات بە ناوی هاووڵاتیەکی ترەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ جودت فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا کە باسی ﴿لا یحق للمشمول باحکام الفقره اولا من هذا القانون مطالبة من اله الیه ملکیة العقار﴾، ئەوەی کە موڵکیەتی عەقارەکە دوایی بۆی دەبێ، ئایا ئەوەیە کە لە ماددەی یەك دەڵێت ﴿الذی منحته الجهات الاداریة في الاقلیم لغیره﴾، یان ئەوەیە کە خۆی چووە موڵکەکەی داگیرکردووە بە دەستکەوتی خۆی؟ لەبەر ئەوە ئەگەر وریا نەبین، بە راستی من وەڵامی ماددەی یەکەم کە پرسیارم کرد، وەڵامی لیژنەی یاسایی بۆ من موقنیع نەبوو، بەوەی کە دەڵێین ﴿لغیره﴾ ئێمە بۆ نموونە وتمان وەکو جینۆساید، بەڵام﴿لغیره﴾ هەموو شتێك دەگرێتەوە، هەموو کەسێك دەگرێتەوە، لێرەدا ئەگەر ئەمە حەل نەکەین ئەو کەسەی کە چووە خۆی زەوی بەعسییەکی داگیر کردووە، مەساحەیەکی گەورەی هەیە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا موڵکی عامە و مەفروزە موڵکی عام بێت و ئەو بەعسییەی کاتی خۆی بە زوڵم ئەم زەویەی داگیر کردووە، ئێستا بەعسیەکە رۆیی، ئەو موڵکەمان لێوەرگرتەوە، ئەوە موڵکی عامە، کەسێك دەچێ بە تایبەت داگیری دەکات لێرەدا کە دەڵێین ﴿اله ملکیة العقار﴾ یەعنی ئێمە تەجاوزی حەقی عام دەکەین، ڕێمان دا بەو کەسە بچێت ئەو موڵکە عامە داگیر بکات بە سەلاحییەتی خۆی، ئیشکالییەتەکە ئەمەیە، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر وریا بین تەوزیح بدەین، لیژنەی یاسایی حەلێك بۆ ئەمە بدۆزێتەوە، من دەچم عەرزێك داگیر دەکەم هیی بەعسییەکی کۆنە کاتی خۆی بە زۆر لە هەرێمی کوردستان وەری گرتووە، ئێستا من ئەو حەقەم هەیە ئاوا موڵکی عام بۆ خۆم بەکار بێنم وەکو شەخس؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەو قسەیەی بەڕێزت کە فەرمووت دەبێ ڕێز لە تەخەسوس بگیرێت، ڕێزمان زۆر لە تەخەسوس گرتووە، لیژنەی یاسایی تەخەسوسی دکتۆرای یاساییە، بەڵام ئەم ئیشکالییەتە گەورەیە ئەوان تووشی ئێمەیان کرد، ئەوە ئێمەین هاتووین رامانگرت و راستمان کردەوە، لەسەر ئەو ماددەیە هیچم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی روونکردنەوە بدەن، تکایە نیگەران نەبن لەمە ئەندامانی پەرلەمان، بە راستی نە ڕێز لە پسپۆرییەکەی خۆتان ئەگرن و نە ڕێز لەوە دەگرن کە لە چی لیژنەیەکدان لەو بوارە قسە بکەن، دەتانەوێ لە هەموو بوارێك قسە بکەن، بە راستی دەکەونە کێشەوە، من نامەوێ باسی کەم ئەو ئیشکالیاتانەی کە تێدەکەون، بەڵام کەوتوونەتە ئیشکالی قانونی زۆر گەورە لە قسەکردندا، خەڵك لە دەرەوە دەمان بینێت، پەخش راستەوخۆیە و هەمووتان دەتانەوێ قسە بکەن، بەڵام دڵنیا بن قسەیەك کە لە

شوێنی خۆی نەبێت لە صاڵحتان نییە و لە صاڵحی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نییە، من یەك نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پەخش راستەوخۆیە داوای لێبۆردن دەکەم کە ئەمە دەڵێم، رۆژێك مەجلیسی شوورا هاتنە لای ئێمە لەسەر ئەو موناقەشەیەی کە کردمان لەسەر پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەو بڕگەیەی کە ویستمان تەعدیلی بکەین و تەعدیل نەکرا، بە راستی هەندێك قسەیان کرد من حەز ناکەم ئەم قسانە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان بکرێت بە تایبەتی لەسەر ئەهلی ئیختیساس لە پەرلەمانی کوردستان، پێویست ناکات من ئەندام پەرلەمانم لە هەموو بابەتێکدا قسە بکەم، ئەو بابەتانەی کە ئیختیسایی خۆمە دەتوانم زۆر بە باشی قسەی تێدا بکەم، بەڵام رێگا بدەم رەنگە خەڵکی تر لە بابەتەکەی تر تایبەتمەند بێ با قسە بکەن، فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی وەکو ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار و راستکردنەوەیان هێنا بۆ هۆڵی پەرلەمان و ئەوان خۆیان دایانڕشتووە و دایانە دەنگدان و داوایان لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کرد کە دەنگ بدەن لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە ئەوان دەیخوێننەوە، بۆیە کێشەکە کە هاتبوو بەدواداچوونی زیاتری دەویست و حەل کردن بۆ کێشەکەش هەر لە لایەن ئەهلی تەخەسوس و ئەندامانی پەرلەمانەوە کرا، دواجار لە لایەن بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانیشەوە دەنگی لەسەر درا، هیچ روونکردنەوەیەکمان نییە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوا دەکەین کە ماددەی چوارەم وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی پێمان وایە حەلی ئەو کێشانەی کردووە کە ئەندامانی پەرلەمان ترسیان لێ هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیگەران مەبە کە پێت دەڵێم بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، چونکە ئەمە کێشەی دروست کردووە لە دەنگدانەکانی پێشوو، دەنگمان داوە ئەندامی پەرلەمان دەڵێت نازانم لەسەر چی دەنگم داوە؟ بۆیە تکایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة**

﴿لا یحق للمشمول باحکام المادە الثالثه من هذا القرار مطالبة من اله له ملکیة العقار باعادة العقار العائد له او قیمته او اجر مثله او ای تعویض ناتج عنه﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ رەزامەندە لەسەر ئەم دەقە؟ ﴿٥٤﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿١﴾ کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەمە،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

﴿تسرى احكام هذا القرار على كافة القضايا المعروضه امام القضاء او الجهات الاداريه﴾.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێزان دەمەوێ لەمە ئاگادارتان بكەم كە لەم ڕۆوە دانیشتنەكانی پەرلەمان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر سایتی پەرلەمان بەڵاو دەبێتەوە، بۆیە لە دەرەوەی كوردستانیش دەتوانرێت بە ئاسانی لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمانی كوردستان پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنی پەرلەمان ببینرێت، خاتوو گەشە فەرموو،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە كە ئەم یاسایە لە لیژنەی یاسایی ئەسەری ڕەجعی هەبێت، ئێمە بابەت یان قەزایا هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە كە لە قۆناغەكانی دادگادایە، هەیە لە مەرحەلەی بەدائەیە، هەیە لە مەحكەمەی تەمیزە و دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە و بڕیارێكی باتەیە و هەیە لە مەرحەلەی تەنفیزدایە و لە قۆناغی تەخلیەی جەبریدایە، بۆیە پێم باشە ئەو داوایانەی لە بەردەمی دادگادایە و ئەوانەی كە بڕیارشیان وەرگرتووە و لە بواری جێ بە جێكردنیشدان، بەم شێوەیە دابڕێژرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو بڕگەیەی كە لێمان قرتاندووە، ئەو قەراراتانەی كە دەرەجەی قەتعیشی وەرگرتووە ئیزافەی بكەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەساسەن هاتنی ئەو پڕۆژە یاسایەی كە ئێستا لەبەر دەستمان دایە ئەو بڕیارەی ئێستا بە نیازین بیكەینە بڕیار، لەوەوە هات كە لە سلێمانییەوە كێشەكە سەریهەڵدا و مەحكەمەی تەمیزیش تەعنی كردووە، مانای وایە ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا دەربچێت ﴿تسرى احكام هذا القرار على كافة القضايا المعروضه امام القضاء او الجهات الاداريه﴾ ئەو مەسەلەیە حەل نابێت ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا، ئەساسی فكرەكە لەوێوە هات، لەبەر ئەوە پرسیاریشمان كرد هەرچەند ئێمە ئیختیساسمان قانونە، بەڵام دیسان پرسیاریشمان كرد لە كۆمەڵێك خەڵكی شارەزا، ئایا ئەگەر بێت و ئەو قەراراتانەی كە دەرەجەی قەتعیان وەرگرتووە لە مەحكەمەی تەمیزیش وەڵامیان چووە و پەسەندكراون، ئایا ئیشكالی قانونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی پەرلەمان سوڵتەی تەشریعییە و قەراراتی پەرلەمان لە سەرووی هەموو دەسەڵاتەكانی ترە، ئەوە یەك و دووەمیش، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە، تەسەروف پێكردنی، بە

پێی قەراری ڕەقەم حەوت ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ ڕاگیرا بۆ تەسەروف پێکردن و ئەمانە، ئەوانەی پیاوی ڕژێمی پێشووی بەعس بوون لە دەرەوەی ئەم قەرارە بوون، هاتوون تەسەروفیان بەم موڵك و ماڵە كردووە، مانای وایە پێچەوانی قانون جووڵانەتەوە، بۆیە بەتاڵکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانم، بۆیە وا باشە كە ئەو قەراراتانەش وەربگرین كە لە فەقەرەی ئاخیر ﴿و كذلك مكتسبە قراراتها لدرجة البتات﴾، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا رابوون فەرموو، لێرە نییە، بەڕێز كاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەكانی كاك د. فرست دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەكانی كاك د. فرست دەكەم، بەڵام پێم باشە پێنج دەقەیەك بدرێت بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بەسەر هەڵەیەكدا نەچین، ئێمە ناكرێت ئەحكام دەربچێت لە ئاییندەدا بۆ دوو كەس كە وەكو یەكتری وان، پێش دەرچوونی ئەم قانونە و دوای دەرچوونی ئەم قانونە جیاواز بووبێت، بۆیە لەگەڵدامە و دەزانمیش كە بەڕێزتان وەكو سەرۆكایەتی كات بدەنە لیژنەی یاسایی ئەگەر پێنج، شەش، دەقەش بێت، بۆ ئەوەی ئیستیشارە بكەن و تووشی هەڵە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك زانا فەرموو،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لە قسەكانی كاك د. فرست دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك فائق فەرموو،

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پەیامەكەم لە لایەن خاتوو گەشە و كاك د.فرست گەیشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک سۆران فەرموو، لیژنەی یاسایی روونکردنەوەتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەگەر ئێمە ئەسەری رەجعی بدەین بەم بڕیارە، بۆ ئەوەی قەراراتی دەرەجەی بەتاتیش بگرێتەوە، ئەوا رەنگە لە رووی سیاسییەوە قەرارێکی باش بێت، بەڵام ئەگەر بێین موجەرەدی کەین لە سیاسەت، باسی قانون بکەین، ئەگەر هاتو ئەسەری رەجعی مان دا بەم قانونە بڕیارە ئەوا مەساس دەکات بە دوو مەبدەء، مەبدەئێکیان مەبدەئی ﴿قوة شیء مقذی فیە﴾ لە قانون ئەگەر بڕیارێك دەرچوو هەموو رێکارەکانی تعونی تەواو کرد، ئەوا پێدەڵێن قەراری باتە، و ﴿قوة شیء مقذی فیە﴾ هەیە، یەعنی هەڵناوەشێنێتەوە ئەمە یەك، مەبدەئی دووەم کە مەساسی پێدەکات ﴿احترام حقوق مکتسبە﴾یە، ئێمە وتمان موجەرەدی دەکەین لە سیاسەت وەکو قانون، ئەمە مەساسەکە بە حوکمی موکتەسەبە، بەڵام ئەگەر لە خۆیەوە بڵی ئەمە نابێت، لە قانوندا دەبێت، بەڵام مەساس دەکات بەم دوو مەبدەئە و من پێم وایە کە دەستێوەردانە لە ئیشی سوڵتەی قەزایی، چونکە سوڵتەی قەزایی بڕیارێکی دەرکردووە و ﴿قوة شیء مقذی فیە﴾ وەرگرتووە و ئێمە بێین بە بڕیاریك هەڵیبوەشێنینەوە، جێگە لەوەی کە فەوزاش دروست دەکات، لەوانەیە چەند قەارێك هەبێت و درابێت و دواجار هەڵبوەشێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کاتێکمان بدەیتێ دە دەقیقەیەك، بۆ ئەوەی بگەینە بڕیارێکی کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، پشوویەك وەردەگرین بۆ ماوەی ﴿١٥﴾خولەك، بۆ ئەوەی لیژنەی یاساییش سیاغەی ئەو ماددەیە بکەن و دوایی دێینەوە بۆ ناو هوڵ بۆ کۆتایی هێنان بە دانیشتنەکە، فەرموون.

## دانیشتنی چوارەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ کردن و خستنەڕووی پڕۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی لەسەر پڕۆژەکە، نیصاب تەواوە، تکایە ئەو ماددەیەی سیاغەتان کردووە، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة ٥: تسری احکام هذا القرار علی کافة القضایات المعروضة امام القضاء او الجهات الاداریة.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ موناقەشە کراوە و ناکرێتەوە، خرایە دەنگەوە، ٥٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة: ٦

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ پێشنیارت هەیە؟ گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئێمە ئەو بڕیارەمان دا کە ناتوانین ئەو قەرارانەی دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە کە پێموایە لەکاتێك دا کە ئێمە لێرە بۆ موشەرعین یاسا دائەنێین دەتوانی تۆ ئەو دەسەڵاتەت هەیە کە ئەوە بگۆڕی، لەکاتێك دا کە موڵکیەتی ئەو کەسانەی ئیبتاڵ کردەوە بە موسادەرە کردنی و دوایی حکومەت تەسەروفی پێوە دەکات و ئەمەش هەمووی قانونە و موشەریع دایناوە، بۆیە با لە هەموو حاڵەتێك دا ئێمە با ماددەیەك دانێین قەرەبووی ئەو کەسانە بکەینەوە بکەوێتە سەرشانی حکومەت بەوەی کە بە موڵکێك عەینیەن ئەو نەقدیەن هاوتای ئەو موڵکەی بێت کە لە دەستی داوە، ئەوە خەڵك چونکە لێرە زەرەری کردووە، دەرەجەی قەتعیشی وەرگرتووە و نەفازی پێ دەدرێ و ئەو موڵکانەی بۆ ناگەڕێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە گەشە خان دەکەم، بەڵام وا هەست دەکەم، ئەو مەبەستی ئەوەیە (اما بالنسبة للقررات التی تثبت الدرجة القطعیة فتلزم الحکومة بتعویض المتضررین عینا او نقدا) یەعنی ئێمە تەسەور دەکەم نیزکەی ١٥ حاڵەتمان هەیە لەوانەی کە بەعسیەکان هاتوون و خانووەکانیان وەرگرتووەتەوە بە ئەحکامی قەزائی وەریان گرتووەتەوە و ئەحکامەکانی حیسابی دەرەجەی قەتعیان کردووە، لەسەرەتاشدا وتمان ئەمانەی کە وەریانگرتووە بەدەر لەوەی کێن، حکومەت ئیلزام بکرێ مادام ژمارەیەکی کەمن، بۆ ئەوەی تەعویزیان بکاتەوە نەقدەن ئەو عەینەن، لایەنی کەم پارچەیەك زەویان بدرێتی بە جۆرێك لە جۆرەکان، لەبەرئەوەی وەکو وتم نموونەی یەك عائیلە دەهێنم، عائیلەیەکە شەش کەسن دایکێکە چوار کچیان هەیە لەگەڵ کوڕێك، کوڕەکە وازی لە خوێندن هێناوە و پێشمەرگەیە ٤ خوشکی هەیە و خوشکەکانی ئەخوێنن،

ئێستا خانووەکەیان لێ وەرگیراوەتەوە، تەنفیز ئەمری تەخلیيەی بۆ دەرکردوون لە خاوەن خانووەوە دەبن بە کرێچی، لایەنی کەم لەم حاڵەتە ڕۆشتووە، تێ پەڕیوە، فەقەرەیەك زیاد بکەین و ماددەیەك زیاد بکەین باسی تەعویز کردن بکەین، لەبەرئەوەی ژمارەکەیان زۆر کەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیارەکە بە پێشنیارێکی بەجێ دەزانێ، ماددەی ٥ دەکەین بە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەمیان ئەوەی کە دەنگی لەسەر دراو خوێنرایەوە، لەبڕگەی دووەم ئەوەی کە پێشنیار کرا سیاغەی دەکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سیاغەی بکەنەوە دەیخەینە دەنگەوە، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ تەعویز بکرێتەوە؟ خاوەنی یەکەمی ، دووەمی؟ خانوو هەیە دوو، سێ دەستی کردووە، یەعنی کێ تەعویز بکرێتەوە، تەحدید بکرێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سیاغە کراوەتەوە؟، هەندێ ئەحکام دەرچوون، موڵکەکان گەڕێندراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر خاوەنی بوون واتە لەوانەی کە دابەش کراوە بەسەریان وەرگیراوەتەوە، ئێستا ئەوە بە قەراری مەحکەمە لێیان وەرگیراوەتەوە، ناتوانرێ جارێکی تر پێیان بدرێتەوە، بۆیە ئەوانەی کە لێیان سەندراوەتەوە دراوەتەوە بە خاوەنە ئەسڵیەکانیان، کەسی دووەم تەعویز دەکرێ، نەك کەسی یەکەم، ئەوەی کە لێی وەرگیراوەتەوە، ئەوە تەعویز دەکرێتەوە، بەهار خان بووە مودافعێکی سەر سەخت لە تۆ دەزانی؟ بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو حاڵەتەی کە بەڕێز گەشە خان باسی دەکات، دیارە حاڵەتی ئیستسنا هەروەکو ڕێواز خانیش ئیشارەتی پێیدا تەقریبەن ١٥ حاڵەتە، قانون بۆ عام دادەندرێ و بۆ شتی گشتی دادەندرێ نەك بۆ ئیستسنا و حاڵەتی خاس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یەك ئەشکالمان دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە، ئەو ئەشکالیەتە لەسەر ئەو جیهەتەی تەحدیدی کردووە پیاوی ڕژێمی پێشووە، تەبعەن ڕێك ئەوەی کە بەڕێزان د.ڕێواز، گەشە خان باسیان کرد ئەوە ئەو حاڵەتەیە کە لە سلێمانی ڕوویدا، بەلەدیە لەلای خۆیەوە بڕیاری دا کە ئەو موڵکانە موڵکی پیاوانی ڕژێمی پێشوون، دواتر خاوەنی ئەسڵی موڵکەکان هاتەوە داوای کرد لە مەحکەمەی بیدائەی سلێمانی لەوێوە هاتەوە مەحکەمەی تەمیز و پەسەند کرا، یەعنی کێشەکە ئەوەیە پێشتر لە سایەی قەراری ژمارە ٧ ساڵی ١٩٩٢ بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی ئەمنی تەشکیل کرا، ئەو بڕیاری دا ئەوە، باشە ئەو حاڵەتانەی کە لە چوارچێوەی لیژنەیەکی ئەمنی بڕیاردراوە و بە شێوەیەکی یاسایی سەلمێنراوە پیاوی ڕژێمی پێشووە، بەڵام دەبێ ئێمە لەو دیویشەوە ئاگامان لێی بێت ئەگەر قەرارێك لە جیهەتێکەوە دەرچووە کەسێك کراوەتەوە پیاوی ڕژێمی پێشوو کە لەڕاستی دا لەوانەیە وانەبووبێ، یان مەحکەمە کە ئەو بڕیارەی دەرکردووە بێ ئەساس دەری نەکردووە، بۆیە یەعنی تەسەور دەکەم لەگەڵ ئەوەی کە پشتگیری دەکەم هەموو ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچی نەوعەك لە ئەشکالیەتیش بۆمان دروست دەکات، کاتێك لەوانەیە هەندێ کەس بە زۆر کرابنە پیاوی ڕژێم و پیاوی ڕژێمیش نەبووبن و موڵکەکانیشیان لێ سەندراوەتەوە، ئێستا دێی تەعویزی ئەوانە دەکەی دەستیان بەسەر داگرتووە و، بۆیە تەسەور دەکەم وێڕای ئەوەی کە هاوسۆزم لەگەڵ ڕەئیەکەیان، بەڵام لەڕووی قانونیەوە تەسەور دەکەم ئیشکالێك بۆ خۆمان دروست دەکەین، لەو نوقتەیە بوەستین کە دانرا (الاداریە) کافیە بە بێ ئەوەی کە باسی تەعویز بکەین، حاڵەتەکان زۆر زۆر کەمن، باوەڕناکەم کە زۆر بن و ئێمە نەسێکی قانونی بۆ زیاد بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا، ئەوا تەسبیتی دەکەین و ئەگەر دەنگیشی نەهێنا، ئەوا تەعویزی تیا نابێ، تەواو بوون؟ کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاڵەتەکان ڕوونە بە پێی بڕیاری ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ دەستی بەسەرداگیراوە، دواتر بە پێی بڕیاری ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ داوای کردووەتەوە و وەرگیراوەتەوە، بۆیە حاڵەتەکان ڕوونە و ناڕوونی هەڵناگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەسەری رەجعیمان دا بە بڕیارەکەی هەر ئیستسنا بوو ئێمە دەمانکرد، ئەگەر ئەوەشی کە دایدەنێین بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیەی هەیە چەند حاڵەتێکی دیاری کراوە، پێموایە ئیکتسابی دەرەجەی قەتعی کردووە لە مەحکەمەی تەمییز، ئەوەی کە دایدەنێین تەنها ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە، چونکە ئەو بڕیارەی ئەمڕۆ دەنگی لەسەر دەدرێ، ئەگەر بێتو لە ڕۆژی جێ بەجێ کردنیەوە بەرکار بکرێ، ئەوا حاڵەتی دیکە دووبارە نابێتەوە، چەند حاڵەتێکی دیاری کراوە لەبەردەمی مەحکەمەی تەمییز ئیکتسابی دەرەجەی قەتعی کردووە، ئەو حاڵەتانە بۆ ئەوەی تەعویز بکرێنەوە ئەو خەڵکانە، ئێمە پێمان باشە کە فەقەرەی ٢ ی بەو شێوەیە دابڕێژرێت، (بالنسبة للقرارات التی اکتسبت الدرجة القطعیة تلتزم الحکومة بتعویض المتضرر عینا أو نقدا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ڕەزامەندە لەسەر ئەو دەقە؟ ٤٦ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، دەبێتە بڕگەی ٢ لە ماددەی ٥، د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە: ٦ علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة :٧ینفذ هذا القرار اعتبارا من تاریخ نشره فی الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم قەرارە سیفەتێکی ئیستعجال و پەلەی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم لەڕۆژی دەچوونیەوە جێ بەجێ بکرێ، نەك لە ڕۆژی دواتر لە جەریدەی ڕەسمی دەربکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فایق تۆش هەمان شت؟ فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمان ڕەئیم هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من دژی ئەو بڕیارەم، ئێمە دەبێ حساب بۆ ئەوە بكەین كە شكۆیەك بۆ جەریدەی وەقائیعی كوردستان بگەڕێنینەوە بەڕاستی، ئاگامان لەو حاڵەتە هەبێ تووشی ئەشكال و ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان نەبین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە سێ پێشنیار زیاتر هەیە كە لەڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ دەكرێ و دوایی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە، ئەوە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە لەڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ بكرێ؟ دوایی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بڵاوبكرێتەوە؟ ٥٤ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ١كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا، ئەسبابی موجبە فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید اباراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەمەبەستی چارەسەر كردنی ئەو ئاسەوارانەی كەلەسەر جێ بەجێ كردنی بڕیاری ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵوەشاوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ژمارە ٥٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوون بۆ پارێزگاری كردن لە مافی بەدەستهاتوو واتە (حقوق مكتسبە) كەسەكان، بۆ جێ گرتنەوەی ئەو یاسایەی كە لە بڕیاری ژمارە ٧ ی ١٩٩٢ ی هەڵوەشاوە ئاماژەی بۆ كردووە ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ ٥٧ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نیە؟ كەواتە پەسەند كرا، پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین بە بۆنەی ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاسی بەڕێزان لە دەستەی سەرۆكایەتی ، دوو بیرۆكەمان هەیە كە داوا كراوە بخرێتەڕوو، كە ڤەمان فیصل بیرۆكەیەكی هەیە و دەیەوێ بیخوێنێتەوە، كاك ڕابوون مەعروفیش بیرۆكەیەكی هەیە دەیەوێ بخوێنێتەو، بەڵام پێش ئەوە داوا لە سەرۆكی فراكسیۆنەكان دەكەین كە بە زووترین كات ڕێك بكەون لەسەر دەستەی سەرۆكایەتی ئەو سێ لیژنەیەی كە دروستمان كردووە بەداخەوە لەسەر داوای ئێوە ئەو سێ لیژنەیە دروست كرا، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ڕێككەوتن لەسەر سەرۆكایەتیەكانیان، بۆیە بە زووترین كات ڕێك بكەون بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆكایەتیەكەی بكرێ و ئەو لیژنانە دەست بەكاربن، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز فەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددێ ٥٤ لە بڕگەی دووەم خاڵی ٤ بۆ ئەندام پەرلەمان هەیە کە بیرۆکەیەك بخاتەڕوو، بیرۆکەکەشمان ئەوەیە دیارە ماوەی چەند مانگێکە کە هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی دایە و تێپەڕدەبیت، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانیش مووچە خۆرن یان (فەرمانبەرن یان پێشمەرگەن یان مناڵانی شەهید و ئەنفال کراوانن) کە زۆرتری ئەو خەڵکانە یان ئەوانەی کە باسم کرد پێشمەرگە و ئەوانەن یان سولفەی پێشینەی خانووبەرەیان لەسەرە یان پێشینەی زەواجی لەسەرە، ئەگەر فەرمانبەر بن پێشینەی زەواجی لەسەر بێ دەبێ لە مانگی ٦ دا بدرێت، ئەوانەی تریش کە پێشمەرگەن مانگانە لە مووچەکەیان نابڕێت دەبێت لەم مانگانە کە کوردستان لە قەیرانە مووچەکەیان تەئخیر دەبێت، دەبێ بدرێت، جا لەبەرئەوە ئێمە داوا دەکەین کە حکومەت موراعاتی زروفی ئەو خەڵکانە بکات کە مووچە خۆرن ئەو سولفانەیان لەسەرە، وەرگرتنی ئەم سولفانە تەئخیر بکرێ بۆ ئەو مانگانەی کە مووچەکەیان یەعنی لە وەختی خۆیدا وەردەگرێت، یانیش بە ڕێژەیەك و نیسبەیەك ئەم خەڵکە عەفو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس داوا لێ دەکەین بیرۆکەکەت ئاراستەی حکومەت بکەی، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بە گوێرەی ماددەی ٥٤ خاڵی دووەم بڕگەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بیرۆکەکەم ئاراستە دەکەم، ئەو بڕگەیە کە بڕگەی ٤ تەرجەمە کوردیەکەی تۆزێك کێشەی تیایە، بەلاَم بە عەرەبیەکەی مەبەستەکەی ئەوەیە کە ئەو بیرۆکەیەی کە تەرح دەکرێ لە پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی حکومەت تەبەنی بکات، ئێمە لە ڕۆژانی رابردوودا یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانمان هەموار کردەوە، رەئیەك هەبوو لە ناو هەموو فراکسیۆنەکان بەخۆشحاڵیەوە بەوەی کە مافی خۆپیشاندەران و هاووڵاتیانی کوردستان پارێزراو تر بێ ڕێز لێ گیراو تر بێ، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا لە چەند خۆپیشاندانێك دا لە کوردستان بەداخەوە لەلایەن دەزگاکانی هێزەکانی ئاسایشەوە ئازاری هاووڵاتیان دراوە لە هەندێ شوێن گەیشتووەتە ئیهانە پێکردن، دوو نموونە دێنمەوە، یەکێکیان لە بانی مەقان لە چەمچەماڵ، ئەوەی تریشیان لە مەخمور، لەڕێگەی بەڕێزتانەوە داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم سزای ئەوانە بدەن کە پێشێلی یاساکانیان کردووە لە هەرێمی کوردستان، لە ئاست خۆپیشاندەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس ئەو یاسایەی کە لە هەرێمی کوردستان دەنگمان لەسەری دا هێشتا دەرنەچووە بە هۆی ئەوەی کە هێشتا سیاغە نەکراوەتەوە بە تەواوەتی، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە واژوو نەکراوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم بیرۆکەیەی جەنابیشت دەتوانی بە نووسین لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکانی بکەی، بەڕێزان لێرە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان، زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان سەبارەت بە گرفتی پێنەدانی مووچەی فەرمانبەران کە ئێستا یەکێکە لە گەورەترین کێشەکان کە لە پێش جەژن، ڕاپۆرتێکمان حازرە، هیواداریین لە کاتێکی شیاو دەرفەتمان پێ بدەی ڕاپۆرتی لیژنەکەمان بخوێنینەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتەکە ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

کردوومانە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد خۆشناو

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی بابەتەکە لەبەرنامەی کار ، خاڵی سێیەم داواکارین گۆڕانکاری تێدا بکرێ لەگەڵ خاڵی چوارەم کە بریتییە لە یاسای کۆمیسۆنی هەڵبژاردن، گۆڕانکاری تێدا بکرێ، بێتە پێش یاسای بودجەی حیزبەکان، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك ڤەمان

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەرشێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ٥٤ برگا ١ ی خالا ٥٠ پشتەڤانیا پێشنیارا کاك ئومێد خۆشناوی دکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ناظم

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد و کاك ڤەمان ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش پشتگیری ئەو داوایەی کاك ئومێد ئەکەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی ٢ و ٣ ی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان پێش و پاشی پێ بکەین؟ ئا ٣ و ٤ ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ، خاڵی ٤ ببێتە ٣، و ٣ ببێتە ٤، کێ لەگەڵە؟ ٩٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، نوقتەی نیزامی مامۆستا غەریب؟

**بەڕێز غریب مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو بەرنامە کارەی ئەمجارە و لە دانیشتنی پێشووش لەبەر دەستمان بوو، بڕیار وایە لە سەعات ١١ دانیشتن دەست پێ بکات، بەلاَم لە جاری پێشوو ٣٠ خولەك و ئەمجارە ٤٠ خولەك دواکەتوون بەڕێزتان، ئەوە ئەبێتە سەرەتایەك بۆ دواکەوتنی ئێمە لە دانیشتنەکانی داهاتوو، تکا ئەکەم با پابەند بین هەموومان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا غەریب سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوایان لێ کردین نیو سەعات کاتی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان دوا بخەین، لەبەر ئەوەی ئەوان دانیشتن لەگەڵ فراکسیۆنەکانی خۆیان ساز بکەن، لەسەر داوای سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەمڕۆ نیو سەعات دانیشتنمان دواخست، سوپاس، بڕگەی یەکەم بریتییە لە (سوێند خواردنی بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەرویش) کە بە زنجیرە ژمارە ١٢ ی فراکسیۆنی یەکگرتوو ناوی هاتووە، لە جێگای دەستلەکارکێشاوەی هەمان فراکسیۆن بەڕێز (مولود مراد محی الدین) بە پێی ماددەی ٣١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق)، بەڕێزان زنجیرەی ١١ لە فراکسیۆنی یەکگرتوو بریتییە لە بەڕێز (نصرالدین سعید مصطفی)، بەلاَم بەڕێزیان خۆیان نووسراوێکیان لە دادنووسی هەولێرەوە هێناوە، و تێیدا بەڵێنی داوە کە پاشەکشە ئەکات بۆ بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەروێش) و خۆشی لەبەردەم سەرۆکایەتی ئامادە بوو، لەبەر دەم دەستەی سەرۆکایەتی داوای لێ کردین کە ئەو وەکو ئەندامی پەرلەمان سوێند نەخوا، بەڵکو لە جێگەی ئەو بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەوریش) سوێندی یاسایی بخوات، و بەڵێن نامەکەی لەبەر دەستی ئێمەیە، خۆشی ئامادە بوو، بۆیە ئەو داوایەمان پەسند کرد، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەروێش) سوێندی یاسایی ئەخوات، تکا ئەکەین ئامادە بێ، فەرموو هەستنە سەر پێ بۆ سوێند خواردن

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوێند بە یەزادنێ مەزن پارێزگاریا ل یەکگرتنا گەل و خاکێ کوردستانێ عێراقێ و بەرژەوەندیێن بالاَ بکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پیرۆزە، بەڕێز مامۆستا هەوارمان نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دیارە لە پەیڕەو لە هەموارەكە هاتووە كە سوێندەكە سسیغەی یەزدانی تێدا نییە، تكایە دووجارە دووبارە ئەبێتەوە، یەزدانی تیا نەكراوە، بە خوای مەزن

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، ئەوە جارێكی تر ڕاست كرایەوە

**بەڕێز د. هەوارمان حەمە شریف:**

ئەگەر بە پێی پەیڕەو بێ سوێندێكی یاسایی نییە، سوێند خواردن بە یەزدان لە پەیڕەو نییە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە لەوە هاتووە كە لە زمانی كوردیش هەر یەزدانە، هەر بە خوای مەزنە

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف:**

یەزدان خوا نییە، ئەگەر ئەتەوێ بە تاریخیش بۆت ئەسەلمێنم كە یەزدان خوای (رب العالمین) نییە، یەزدان خوای خەڵكێكی ترە كە بتێك بووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، مامۆستا هەورامان، بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ڕوون كردنەوەی هەیە لەسەر ئەوە، با بفەرموێ

**بەڕێز جعفر ابراهیم(ئیمێنیكی)-جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو خاڵە پێم خۆش نەبوو ڕوون كردنەوەی لەسەر بدەم، ڕێزم هەیە بۆ قسەی مامۆستا هەوارمان، بەڵام خۆی لە زمانی كوردی خودا یەعنی خۆی داوە، ئەزدا، منی داوە، هەر تەواوكەری یەكترن، یەعنی ئێستا بە كرمانجی ئەز داهی، ئەز دا، هی منی دا، بە دڵنیاییەوە پێت ئەڵێم خودا و ئەزدا هەر یەكە، یەك مانای هەیە، مەسەلەی زمانەوانییە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا سەرنجەكەی بەڕێزیشت ڕەچاو ئەكەین بۆ جارانی داهاتوو، لەگەڵ خەڵكانی پسپۆڕ لەو بوارە قسە ئەكەین، سوپاس، ئێستا ئەچینە سەر خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار كە بریتییە لە (- بڕیاردان لەسەر ڕاسپاردەكانی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان، لەسەر دۆخی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان)، داوا لە سەرۆكی لیژنەكان ئەكەین بێنە سەر مەنەسە، كاك ناظم نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی ڕۆیشتوو چەند واژوویەکمان کۆکردەوە لەسەر ڕاسسپاردەکان، کۆبوونەوەکە بکرێتە داخراو، نازانم ئەو واژووانە گەیشتووە بە جەنابتان یا نا؟ سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەی یاسایی نەبوو ئەو واژوویانە، پێم وابێ ١٣ کەس واژووی کردبوو، لە کاتێکدا پێویستە ١ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان واژووی بکەن، ئێستا داوا لە لیژنەکان ئەکەین ئەگەر پێیان باش بوو ئەو کات بڕیارێکی لێ ئەدەین، بەڕێزان لە دانیشتنەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە دوور و درێژی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان موناقەشەی لەسەر کراوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ڕاسپاردەی خۆیان پێشکەش بە لیژنەکان کردووە، لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان کە ڕۆژی پێنج شەممە بوو، داوامان لێ کردن لە دوای ئەوەی ڕاسپاردەکەش هاتۆتە بەردەستتان، داوامان لێ کردن هەر کەسێك ئیزافەیەکی هەیە، قسەیەکی کردووە لە دانیشتنەکانی پێشوو نەخراوەتە ناو ڕاسپاردەکان و بە نووسراو ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا بۆ ئەوەی زیادی بکەن بۆ ڕاسپاردەکان، چونکە ئەمڕۆ ئیتر دەرگای وتوویژ ناکەینەوە لەسەر ئەم ڕاسپاردانە، ئەمڕۆ تەنیا دەنگدانە لەسەر ڕاسپاردەکان، بۆیە لیژنە پەیوەندیدارەکان کە ڕاسپاردەکان ئەخوێننەوە، پەسندیان ئەکەین، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشتر پێشکەش کراوە، لیژنەی تەندروستیش ڕاپۆرتی خۆیان حازر کردووە لەگەڵ ڕاسپاردەکانیان خراوەتە سندوقی هەمووانەوە، ئەبێ ئێستا لەبەر دەستتان بێ، ئەوانیش ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی خۆیان ئەخوێننەوە، بەڕێز کاك ئاری هەرسین نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێزت فەرمووت تەبعەن لە کۆبوونەوەی پێشوو ئەم ڕاسپاردانەی ئێمە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دابەش کراون، ئەوەش مانای ئەوەیە ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان کرد هەر بەڕێزێك مولاحەزاتێکی هەبێ بۆ سەر ئەم ڕاسپاردانە بیگەیەنێتە دەستمان، بەڵام ئەو ڕاسپاردانەی گەیشتۆتە دەستمان، لە دوای یەکەم ڕۆژەوە، ئەوانەن کە بەیانی هاتوون، بۆیە ئەو نەصەی کە جارێکی تر پێیدا چووینەوە، یەعنی دەوڵەمەند کراوە بەو قسانەی کە پێشوو کراوە، ئەو زیادانەی تێدا نییە کە ئەم بەیانییە نێردراوە بۆ ئێمە، مەعنای ئەوەیە لە کاتی خۆی نەهاتووە بۆ ئێمە، بۆ زانیاری بەڕێزت، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا با بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی بفەرموێ ڕاپۆرتی لیژنەکەیان و ڕاسپاردەکانیان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز زولفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەندروستی له دوو شێوه پێك هاتووه، یەکیان بۆ حاڵەتی ئێستای جەنگە، حاڵەتی بە پەلەیە، وە ڕاسپاردەی دووەم هاوشێوەی پرۆژەیەکە بۆ حاڵەتی داهاتووی حکومەت کە ئەوە جێ بەجێ بکرێ، و ئامادە باشیمان هەبێ بۆ هەر حاڵەتێکی تری وەکو ئێستا کە ڕوویدا، ڕاسپاردەی یەکەم کە بۆ حاڵەتی ئێستایە:

١ زیاد کردنی بنکەی تەندروستی و تیمی پزیشکی سوپا و دابەش کردنیان بە پێی پێویستی و دوور و نزیکی جەبهەکان

٢- دابین کردن و زیاد کردنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا لە لیواکان و فەوجەکان

٣- دابین کردنی بۆکسی فریاکەوتنی سەرەتایی لە هەموو بازگەکان بەپێی ڕێژەی پێشمەرگە

٤- دابین کردنی کڵاوی هەتاو لە کاتی جەنگدا، و ڕێنمایی کردنی پێشمەرگە بۆ بەکارهێنانی کڵاوی هەتاو لە کاتە ئاساییەکانی بەرەی جەنگ بۆ پاراستی تەندروستی پێشمەرگە لە زیانەکانی هەتاو

٥- دابین کردنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی تەندروست بە پێی پێویستی پێشمەرگە کە ئەوە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی پێشمەرگە، چونکە کەمی ئاوی خواردنەوە و پیسی جۆری ئاوەکە لەو ناوچە گەرمانە کێشەی تەندروستی زۆری بەدواوەیە

٦- دابین کردنی خواردەمەنی ستاندارد و گەیاندنی لە کاتی خۆیدا، و بوونی یەکەیەکی تایبەت بۆ چاودێری کردنی سەلامەتی خواردن

٧- لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی تەندروستی پێك بێت بۆ زوو بڕیار دان لەسەر ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کە برینەکەیان سەختە و چارەسەریان لە دەرەوەی وڵاتە

٨- دابەش کردنی پێویستی پزیشکی و دەرمان بەسەر لیوا و فەوجەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بەبێ جیاوازی

٩- بۆ پاراستنی پێداویستی پزیشکی و سەلامەتی دەرمان، پێویستە لە یەکە سەربازیەکان شوێنێکی تایبەت، یان بارهەڵگری تایبەت دابین بکرێ بە مەرجەکانی سەلامەتی بۆ دەرمان

١٠- زیاد کردنی دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ ئەو پزیشك و کارمەندانەی لە بنکە تەندروستییەکانی بەرەی جەنگن

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم خاڵانەی دیاریمان کردووە بۆ حاڵەتی ئێستا هەموو ئەو کەموکوڕیانە بوو کە ئێمە لە بنکەکانی جەنگ بینیمان لە هەموو لایەك، خۆی دەرمان زۆر بوو، بەڵام بە تەنزیم دابەش نەکرابوو، و یان کێشەی ئاوی خواردنەوە هەبوو لە ناو پێشمەرگە و سوپا لە هەندێ شوێن، بە پێی ئەو کەموکوڕیانە حاڵەتەکەمان دیاری کردووە کە ئەبێ ئەمانە وەکو خۆی دابەش بکرێ، لە هەندێ لیوا بینیمان چەند دکتۆرێك و چەند کارمەندێکیشی لێ بوو، و دەرمان و ئەمبۆلانسیش زۆر بوو، بەڵام لە

فەوجدا بینیمان تەنیا یەك كارمەندی لیّ بوو، ئەمبۆلانسیشیان نەبوو، لەسەر ئەو ئەساسە ڕاسپاردەكانمان بۆ حالّەتی ئێستا و بە پەلە ئامادە كردووە، ڕاسپاردەی دووەم كە پێشتر ئیشارەتمان پێدا بۆ داهاتوو بكریّ بە پرۆژەیەك لە وەزارەتی پێشمەرگە، كە بریتییە لە:

بۆ ڕێكخستنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە وەزارەتی پێشمەرگە، زۆر پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەكی خزمەتگوزاری تەندروستی دابمەزریّ وەكو هەموو هێزەكانی بەرگری تر لە دەوڵەتەكانی دراوسیّ و جیران بە هەیكەلێكی ستاندارد و ئەركێكی دیاری كراو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر لەبەر دەستیان بیّ ئێمە هەیكەلەكەمان دروست كردووە، لەسەر ڕاسپاردەكان ئیشارەتمان پێداوە كە هەیكەلەكەی چۆن بیّ، و شەرحی هەموو خاڵەكانیشمان كردووە:

١ فەلسەفەی چارەسەر لە هێزەكانی پێشكەوتوو كە لە زۆربەی عێراق و لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێش بەم شێوەیە، ئەمە وەكو ستاندارد وایە، فەلسەفەی چارەسەر بۆ بریندارلن لە ناو هێزەكانی پێشمەرگە بە شێوەیەكی گشتی تەركیز ئەكریّ كە بریندارلن چارەسەر بكرێن و بە زووترین كات بگەڕێندرێنەوە بۆ یەكەكانی خۆیان، ئەمەش ئەكریّ یان با چارەسەری لە سەنتەرەكانی پێشكەوتوو، یان گواستنەوە بۆ نەخۆشخانە كە چارەسەری باشتری لیّ بكریّ، بە بۆچوونی زۆربەی هێزەكان و بە تایبەتی هەندیّ لە هێزەكانی خۆرهەلآتی ناوەڕاست، گرنگی دان بە چارەسەر كردنی مەیدانی و باشتر خۆ ئامادە كردن بۆ چارەسەر كردنی بریندارلن لە ناوچەكانی بەرەی جەنگدا و جیاوازی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ئاسانكاری لە گواستنەوەیان هەیە، و توانای چارەسەری پزیشكیان هەیە، پشت بەستن لەسەر گواستنەوەی هەموو بریندار، جگە لەوانەی برینەكەیان سووكە بۆ سەنتەرەكانی چارەسەر لە دواوە، و مادام وەزعی بریندار ئەكریّ بگوازرێتەوە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی بە هانا چوون، یان لە ڕێگەی گواستنەوەی تایبەت بە فریاگوزاری سەرەتایی كە ئامادە كراون بۆ گواستنەوەی بریندارلن

٢- خزمەتگوزاری پزیشكی مەشق پێكراو: لە هەموو هێزەكان بەرپرسە لە چارەسەری بریندارلن و نەخۆشەكان تا تەواو چارەسەر ئەكرێن، بەڵام ژمارەی تەواوی كارمەندانی پسپۆڕ كەمن لە كوردستان، لەبەر ئەوە ئەبیّ هاوكاری بەرایی بكریّ لە لایەن ڕەفیقی بریندارەوە، ئێمە پێمان باش بوو كە هەموو پێشمەرگەكان لە كاتی تەدریب دا ڕاهێنانێكی تایبەتیان پیّ بكریّ لەسەر چۆنیەتی هاوكاری كردنی پێشمەرگەكەی ڕەفیقی كە بریندار ئەكریّ، یان تووشی حاڵەتی تر ئەبیّ، ئەو هاوكاری بكات پێش ئەوەی بگەیەنرێتە بنكەی تەندروستی، یان ئێمە كارمەندی تەندروستیمان كەم بوو، ئەگەر زۆریش بیّ ناتوانین لە هەموو جەبهەكان دایبنێنین، لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی ڕاسپاردەیەك بدەینە حكومەت كە لە پاڵ تەدریب كردنی پێشمەرگە، یەكێك لە مەشقەكانی هاوكاری كردنی ڕەفیقەكەی بیّ لە كاتی بریندار بوون یان حاڵەتی نەخۆشی، مەشقدانی هەر تاكێك لە ناو هێزەكانی جەنگدا لەسەر بنەمای بەهانا چوونی بەرایی كە ئەمە بنەمایەكی زۆر گرنگە و پێویستە ئەم فێركردنە ببێتە یەكێك، بەشێك لە كارنامەی مەشقی سەربازی، جگە لە بەرچاو گرتنی پسپۆڕی سەربازی و مەشق كردن لەسەر جەنگ

٣- مەشق پێکردنی پزیشك و یاریدەرەی پزیشك و برینپێچەکان بە شێوەیەکی باش کە ئامادە بن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکی خۆیان لە ماوەی جەنگ و خزمەتگوزاری سەربازی بە شێوەیەکی گشتی شیاو بێ بۆ دانانی بڕیاری ، لە ماوەی جەنگدا خزمەتگوزاری سەربازی بە شێوەیەکی گشتی شیاو بێت بۆ دانانی بڕیاری گونجاو لەسەر بارودۆخی برینداران و جوولاندنی سەنتەرەکانی بەهاناچوون و هەروەها ئۆتومبێلەکانی مەیدانی و نەخوشخانەکانی مەیدانی، هەروەها پێویستە پزیشك مەشقی پێبکرێت لەسەر هونەری سەرکردایەتی لە کولێژەکانی سەربازی پێش بەرێوەبەرایەتی سەرکردایەتی بنکەکانی پزیشکی چ بنکەی سەربازی بێت یان لە مەیدانی جەنگدا بێت .

ڕێکخستنی پشتیوانی پزیشکی خاڵی چوارەمە، لە کاتی ڕێکخستنی پشتیوانی پزیشکی لە مەیدانی جەنگدا پێویستە تەرکیز بکرێت لەسەر یەکەم ئاراستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس پوختەیەکی بخوێننەوە پێویست ناکات، ڕاپۆرتەکە لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

فەرموو خاتوو زوڵفا،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، پێویستە تەرکیز بکرێت لەسەر یەکەم ئاراستە بۆ چارەسەری برینداران لە نێزیکترین بنکەی پزیشکی لە مەیدانی جەنگ کە بریندار بگەڕێندرێتەوە بۆ یەکەی خۆی بۆ چارەسەر یان بگوازرێتەوە بۆ ژوورەوە بە پشت بەستن بە ڕێژەی بریندار بوونی.

ئاراستەی دووەم کاك دکتور ئەمەیان پێم وایە لەبەر دەستیانە پێویست ناکات بخوێنرێتەوە باس لەوە دەکرێت کە چون پزیشکان کارییان چوونە و بەرنامەی کارکردنیان و ئاراستەکانی بنکەکان بە چ شێوەیەك بێت لەبەر ئەوە لەبەر دەستیان دایە برادەران پێویست ناکات بخوێنرێتەوە.

خاڵی پێنجەم: ڕێکخستنی بنکەکانی سوپا بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی و ئەمەش هەر پەیوەندی بە ئەوەی پێشەوە هەیە کە باس دەکرێت چەند تیممان هەبێ و چۆن قەرار بدرێ لەسەر برینداری پێشمەرگە و چۆن قەراری لێ بدرێ؟ بە چەند سەعات قەرار بدرێ؟ کوێ بۆ بکرێت؟ نێزیك یان دوور یان لەناو شار؟ لەبەر ئەوەی لەبەر دەستان دایە ناخوێنینەوە .

خاڵی شەشەم: پۆلینکردنی برینداران، سیستەمی ریسککردنی کەیسەکانی نەخۆشی لە پێناو ئەولەویەت پێدەگوترێت سیستەمی دەست بژێرکردن و بە پێڕابوونی نوێژدارێك بە پلەی ئەفسەر لە سەنتەری پێشوازی کە شیاوی دەرکردنی حوکمی پزیشکی دروستی هەیە و جیاکردنەوەی ئەو کەیسانە بتوانرێت گواستنەوەی بۆ بکرێت و ببرێتەوە لە سەنتەری چارەسەرکردن لە ناوچەکانی پشتەوەیە و ئەو بریندارانەی کە پێویستی بە بوژانەوەیە ئەمانە پێویستە کارمەندییان لەگەڵدا بێت و زوو جیا بکرێنەوە بۆ زوو چارەسەرکردنیان.

خاڵی حەوتەم: چوڵ کردن و ئیمدادی پزیشکی، هەڵگرتن و گواستنەوەی بریندارانی لە ئاراستەی بەرەی جەنگ لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی بەهانا چوون و فڕۆکەکانی هەلیکۆپتەر دەبێت و پێویستە خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێلەکانی بەهاناچوون لەبەرەکانی جەنگدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بن و دابین کرابێت لە کەل و پەلی پزیشکی گرنگ بۆ هاوکاریکردن و رزگارکردنی ژیانی برینداران.

خاڵی هەشت: بژێوی خۆراکدان، هەر هێزێك لە جیهاندا بە پشت بەستن لەسەر سیستەمێکی خۆراکدان بۆ لەشکرەکانی خۆی و پێك دێت لەهەموو جۆرەکانی خواردن کە پێویستن بۆ هاوکاریکردنی لەشکری لەماوەی مەشقدانی قورسدا، بێگومان ئەو خواردنانەی کە پێشمەرگە دەیخوات لە ماوەی جەنگدا جیاوازە لەگەڵ ئەو خواردنەی بۆی دەکرێت لە ماوەی مەشقداندا، لەماوەی جەنگدا پێویستە پشت ببەستین بە خۆراکی پارێزراو لە ناو قووتوو لەگەڵ بوتڵی ئاوی تەندروست و یەك لیتر و نیو بێت .

خاڵی نویەم: دابین کردنی کڵاوی خودە بۆ کاتی جەنگ و کڵاوی بەر هەتاو بۆ کاتی ئاسایی بۆ پاسەوانی کردن لەبەرەکانی جەنگدا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم راسپاردەیەی دووەممان وەکو پرۆژەیەك وایە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی تەندروستی کە ئەمە دروست بکرێت لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا و بۆیە لەم حاڵەتەدا ئێمە پێویستمان بە کاری بە پەلە و داواکردن لە وەزارەتی تەندووستی و لایەنی تر تاکو تووش نەبین جارێکی تر، رێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکارمان بێت و بەرنامەمان بۆ دابنێت، ئەمە وەکو پرۆژەیەك وایە کە بتوانین لە ئێستاوە هەوڵی بۆ بدەین لە پەرلەمانیشدا ئەم پرۆژەیە ئیشی لەسەر بکرێت و جێ بە جێ بکرێت وەکو یاسایەك و زوو نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە سەربازی دابمەزرێنین و لە هەموو حاڵەتێکدا ئامادەباشیمان هەبێت.

خاڵەکانی یەکەم پێشتریش کە باسم کرد ئەو کەم و کورتیەی بینیمان لە سەر حاڵەتی ئێستا بە پەلە و هیوادارام کە پەرلەمانیش پەلە بکات لە حکومەت کە ئێستا ئەم کێشانە نەبێت و چارەسەر بکرێت، یەکێك لە خاڵەکان لەبیرمان چووە لە راسپاردەی یەکەمدا بنووسین کە حاڵەتی یانزەم ئەویش داوا بکرێت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە بە تایبەت بەنزین دابین بکات بۆ بەرەکانی جەنگ و ئیسعافەکان لەبەر ئەوەی یەك دوو لە لیواکان ئێمە قسەمان لەگەڵ کردووە، دەڵێن: ئێمە ئیسعافمان هەیە بەڵام حاڵەتی زۆر زۆر بە پەلە نەبێت بەکاری ناهێنین، چونکە ئێمە کێشەی بەنزینمان هەیە، هیوادارم ئیتر ئەم خاڵەش زیاد بکەین و ئەم کێشەیەشمان نەمێنێت، زۆر سوپاس ئەمە راسپاردەکانی ئێمە بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان راسپاردەکانتان لەبەر دەستە، خوێندرایەوە، کێ پەسەندی دەکات راسپاردەکانی لیژنەی تەندروستی؟ ﴿٩٢﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ پەسەندی ناکات؟ کەواتە کەس نییە پەسەندی نەکات، پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سۆران عمر سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤە فەرموو راسپاردەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ بخوێنەوە .

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ خۆی لە حەوت خاڵدا دەبینێتەوە، ئەوەی لەبەر دەستی بەڕێزتانە لە ڕابردووودا پێتان دراوە ﴿٥﴾ خاڵە، یەك پێشنیارمان بۆ هاتبوو بۆ چاککردنی خاڵی پێنجەم، چونکە ملاحظە ی لەسەر بوو هاوڕاین لە گەڵ ملاحظە کە ی بەڕێز کاك ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قەیناکات ڕاسپاردەتان بۆ هاتووە موشکیلە نییە، بەردەوام بە.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو دۆخە تازەی کە دروست بووە دیارە دوخێکی تازە دروست بووە لە شاری موصل، ئەویش مولەتدان بۆ ئەو خانەوادە مەسیحیانە و دواجاریش دەرکردنیان لە موسل و ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، بۆیە ئێمە خاڵێکی تریشمان سەبارەت بەمە ئیزافە کردووە دەیخوێنمەوە خاڵێکی تریش سەبارەت بە خراپی دۆخی هەندێك لە ئاوارە مەسیحی و تورکمانەکانە کە ئەوانیش پێمان گەیشتووە داوا دەکەن کە بە دەمەوە چوونی زۆرتر هەبێ بۆیە ڕاسپاردەکانی ئێمە بووەتە ﴿٧﴾خاڵ ئێستا دەیخوێنمەوە :

خاڵی یەکەم: حکومەتی هەرێم و دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەوەی لە توانایاندایە ڕێکاری پێویست و زیاتر بگرنەبەر بۆ دابین کردنی ژیانی سەرەتایی ئاوارەکان.

خاڵی دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان لە ئامادەباشیدابێت بۆ پێشوازی کردن لە ژمارەیەکی زۆرتری ئاوارە لە کاتی خراپتر بوونی دۆخەکە.

خاڵی سێیەم: داوا لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان دەکرێت، هاوکاری مرۆیی پێشکەش بەو لێشاوە ئاوارەیە بکرێت کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە .

خاڵی چوارەم: لە ڕێگەی حوکمەتی هەرێمەوە هەوڵ بدرێت مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە سەر بە بەغدان و لە ئێستادا مووچەیان بۆ نایەت چارەسەرییان بۆ بدوزرێتەوە .

خاڵی پێنجەم: لەبەر ئەوەی گرووپە چەکدارەکان پابەندی هیچ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی و مرۆیی نین داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین لە بەرگرییەکانیاندا بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ڕەچاوی پەیماننامە مروویی و نێودەوڵەتییەکان بکەن .

خاڵی شەشەم: ئەو خانەوادە مەسیحییانەی کە لە لایەن داعشەوە لە شاری موسڵ ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و لەسەر و ماڵ و حاڵیان دەرکراون پێشوازی تایبەتیان لێ بکرێت و شوێنی حەوانەیان بۆ دابین بکرێت بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

خاڵی حەوتەم: بە دەمەوە چوونی زیاتر هەبێ بۆ ئاوارە مەسیحی و تورکمانەکان کە لە ئێستادا دۆخییان باش نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەهار عبدالرحمن نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزتان پێشتر ئەو چوار لیژنەیە راسپێردرابوو بەدەر لە لیژنەی تەندروستی کە راسپاردەکان یەك خەن، ئەوکاتە لیژنەی تەندروستی ئامادە نەبووە لەو کۆبوونەوەیەی کە راسپاردەکان یەك خراوە ئێستا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوە دەکرێت؟ ئێمە پێشتر لەسەر راسپاردەکان کە یەکخراوە، بە دانیشتن ئیتفاقی لەسەر کراوە و هەندێ خاڵ دووبارە کراوەتەوە و رێکخستنی بۆ کراوە ئێستا سەر لە نوێ حاڵەتێك دروست دەبێتەوە کە لیژنەی تەندروستی دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکات ئەوسا بخرێتە سەر ئەوەی کە دیسانەوە لەگەڵ لیژنەکانا گفتوگۆ بکرێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمە دەکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو بەهار موناقشە کرا، دەنگی لەسەر درا، کۆتایی پێهات، هەموو لیژنەکان راپۆرتەکەی خۆیان و راسپاردەکەی خۆیان بە جیا کۆ ئەکەنەوە و دوایی دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و دواتر بە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت واتە بە جیا راپورتەکان و راسپاردەکانی هەر لێژنەیەك دەنێردرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ کاك شێخ.

**بەڕێز شامۆ  شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

من پێ باشە ئەو خالا بەرپرسێ لیژنا مافێ مرۆڤ ئیزافە کری یێ شامل بیت و هەموو پێکهاتێن ئاینی و نەتەوەییێن دڤەرا سەدو چلێ شامل بیت، چونکە هەموو موحەدەدن بۆ ئاوارەکرنێ و بۆ گەڤا ل سەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شامۆ ئەبوو پێشتر ئەو راسپاردەیەت بدابایە لیژنەی پەیوەندیدار، بەڵام ئێستاش دەکرێت رەچاو بکرێت بەڵێ، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان راپۆرتی لێژنەی مافەکانی مرۆڤ خوێندرایەوە راسپاردەکانیش ئێستا خوێندرایەوە، کێ پەسەندی راپۆرتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و راسپاردەکانی دەکات؟ ﴿٩٣﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ پەسەندی ناکات؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، کاك فەرهاد فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح كريم ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان راستە كاتەكە تێپەربووە و وتوتانە كە موناقشەی ناكەین، بەڵام ئەوەی كە لە كۆتایی خوێندرایەوە پێم خۆشە هاوكاری برا توركمان و مەسیحییەكان بكرێت، بەڵام وەكو وتی شەبەكەكان كەس نازانێ چین؟ فەقیرانە ئێزیدییەكان خۆ كافر نین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لەبەر چاو دەگیرێ، زۆر سوپاس كاك فەرهاد، ئێستا با كاك ایوب سەرۆكی لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان، راسپاردەكانی لێژنەكەی خۆیان پێشكەش بكات.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمانەوێ ئەوە باس بكەین ئەو راسپاردانە دەرەنجامی هەم سەردانی مەیدانی لێژنەكەمانن و ئەو موناقشانەی كە دوو رۆژ لەسەر راپۆرتی لێژنەی ناوخۆ دا كرا كە ئەوانەی ئیزافە كراوە بە نەزەری ئیعتیبارمان وەرگرت و خاڵێكی دیكەش كە باسی كەین ئەوەیە هەندێ خاڵی هاوبەش هەبوو لە بەینی راسپاردەكانی لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ دووبارەمان نەكردەوە لە لایەك نووسرا، راسپاردەكانی لێژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خوجێیەكان:

خاڵی یەكەم: ئەو هێزانەی كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جموجوڵیان پێ بكرێت.

خاڵی دووەم: رێكخستنەوەی دەزگای پۆلیس و دەزگا ئەمنییە كوردستانییەكان و یەكخستنیان لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پەیوەست كردنیان بە هەرێمەوە بۆ پركردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی دروست بووە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و سەروەت و سامانیان .

خاڵی سێیەم: قەدەغە كردنی ئاڵای حزبی بەسەر چەك و هێزەكانەوە و ئاڵای كوردستان بشەكێتەوە بەسەریاندا نەك ئاڵای حزبی.

خاڵی چوارەم: پاداشت كردنی هێزەكانی ناوخۆ و ئاسایش كە ئێستا لە ئەركدان و پێدانی مووچەیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و پێش وەزارەتەكانی ترە، پاش وەرگرتنی ڕای حكومەتیش لەسەر ئەم بابەتە، چونكە بە ڕاستی هێزەكانی ناوخۆش وەكو هێزەكانی پێشمەرگە لە واجبدان ئەوانیش پێویستە مووچەكانیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بدرێت.

پێنجەم: پەرلەمانی كوردستان، هەموو لایەنەكانی كوردستان لەم دۆخەدا كۆبكاتەوە بۆ یەكخستنی گوتاری هاوبەشی هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكی هەرێم بۆ بڕیاردان.

شەشەم: ئەو دام و دەزگایانەی سەر بە ئیدارەی حکومەتی فیدرالین لە رووی مووچەو نەسرییەوە حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان بدات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا و ئەگەر نەکرا ئەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە چارەسەری بە پەلەیان بۆ بدوزرێتەوە.

حەوتەم: سزادانی هەرکەسێك لەهەر پلەیەکدا بێت کە مەبەستی تاڵان و برۆیە و بەم کارەی هێزەکان لەکەدار دەکات، چونکە ناکرێت بە کاری ناشیرینی چەند کەسێك رووی هێزەکان و هەرێمەکەمان ناشیرین بکرێت.

هەشتەم: بۆ رێگری کردن لەو کەسانەی کە جێی گومانن و دەبنە مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێم بازگەکان تۆکمەتر بکرێت و ئامێری پشکنینی تۆکمەتریان بۆ دابین بکرێت.

نۆیەم: لیژنەیەك لە شارەزایانی بواری سەربازی پێکبهێنرێت ئەگەر بکرێت سوود لە راوێژکارانی بیانی وەربگرێت بۆ دانانی پلانی سەربازی لە شێوازی بەرگری کردن و رێگری کردن لە گرووپە چەکدارەکان لە هێڵەکانی تەماس.

دەیەم: پەلە بکرێت لە دابین کردنی پێداویستییەکانی تەندروستی هەر لە دابین کردنی ئیسعاف و تیمە مەیدانییەکان  بریندارەکانیش بە باشترین شێوە چارەسەرییان بۆ بکرێت و لەکات پێویستدا بۆ چارەسەری ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێن.

یازدەهەم: سوود وەرگرتن لە تواناکانی مروویی ئەو ناوچانە، یەعنی مەبەستمان ئەو ناوچانەی کە ئێستا پەیوەست بوونە بە هەرێمی کوردستانەوە  کە پێشتر بە ناوچەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناومان دەهێنا، سوود وەرگرتن لە تواناکانی مروویی ئەو ناوچانە بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەشداریکردنیان لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ، هەوڵی جددی بدرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو خانەوادانەی کە لەبەر مەترسی تیرۆریستان ناوچەکانیان بە جێ هێڵاوە تاوەکو ناوچەکە چۆڵ نەبێت لە خەڵك و سوپاسی ئەو هاووڵاتیانەش بکرێت کە ماونەتەوە لە شوێنی خۆیان یەك پێشنیارمان بۆ هاتبوو کە نەمان توانی ئیزافەی بکەین  لەسەر ئەم ڕاپۆرتەو ئەمەش ئەگەر رێگەمان پێبدەن بیخوێنینەوە ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی دروست بوونی هێرش و پەلاماری گەورە دا لە سنووری هەر پارێزگایەك نەخۆشخانەیەك تەرخان بکرێت بۆ پێشمەرگە و هێزی ئاسایشی ناوخۆ و باشترین دکتۆرەکانیش لەم نەخۆشخانەیەدا ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی لەم حاڵەتانەدا کە هەم بریندارى زۆر دێتەوە بۆ سنووری پارێزگایەکە یان خەڵکێکی زۆر قەڵەبالغییەکی زۆر لەم نەخوشخانە مەدەنییانەدا دروست دەبێت، بۆیە ئەو خەستەخانە تایبەت بکرێت بەو بریندارانە و دکتورە باشەکانیش لەم حالەتەدا لەوێ ئامادە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاك ایوب سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، کاك قادر وەتمان وتوێژ ناکرێتەوە لەسەر ئەم ڕاسپاردانە، چونکە لە دانیشتنی پێشوو رۆژی پێنج شەممە ئاماژەمان بەوەدایە کە راسپاردەکان لەبەر دەستاندایە سەیری کەن ئەگەر زانیتان هەر یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئێوە

فەرامۆش كراوە بە نووسین ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن، بۆیە تكایە ڕێ بە گفتوگۆ نادەین ئەمڕۆ بەڕێزان بەس نوقتەی نیزامی، بەڵام ڕا لەسەر ڕاپۆرتەكە نادەین لەم دانیشتنەدا.

**بەڕێز جمال عثمان كارەسول (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان،**

مەسەلە دەسەڵاتی جموجۆڵی سەربازییە بە نیسبەت هێزەكانی بەرەی شەڕ مەحاویر دانراوە و مەسئولی میحوەر دانراوە، لە لای یەكەم دەڵێ ئەو كەسانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ جموجۆڵیان پێبكرێت، مەسئولی میحوەر دانرایە، ناكرێت وەزارەتی ناوخۆ ئەمر بكات بە میحوەری خانەقین یان هەر ناوچەیەكی تر حەرەكەت بكات، دەبێ قائیدی مەیدانی ئەو دەتوانێ حەرەكەی پێبكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز كاك ایوب فەرموو،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستمان لە جوولە پێكردنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ڕوونكردنەوە بوو كە بە پێویستی دەزانین مەبەستمان ئەوەیە هەندێك هێز دەجووڵێندرێن كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن بە بێ ئەوەی كە وەزارەتی ناوخۆش ئاگادار بێت لێیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئەیوب،

**بەڕێز جمال عثمان كارەسول (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هێزێك داخلی هەر میحوەرێك بێت...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك جەمال وتووێژ ناكرێت لە دانیشتنی ئەمڕۆمان ڕاسپاردەكان لەگەڵ ڕاپۆرتی لێژنەی پەیوەندیدار دەخەینە دەنگەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەكانی پێشوو ڕاپۆرتی لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێییەكان خوێنرایەوە گفتوگۆی لەسەر كرایەو ئێستا ڕاسپاردەكانیش بۆ ئێوە خوێنرایەوە، كێ پەسەندی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەكانی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێییەكان دەكات؟ فەرموون دەست بەرز بكەنەوە، ﴿٨٢﴾ كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵی نییە؟ ﴿٥﴾كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا زۆر سوپاس، بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێییەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا بەڕێز كاك فرحان جوهر سەرۆكی لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەی ڕاسپاردەكانی لێژنەكەیان.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەی ئێمە هەندێ پێشنیاری هەیە بۆ وەزارەت بۆ لیژنەی پێشمەرگە و هەندێك ڕاسپاردەشمان هەیە، هەردووکی بە جیا دەخوێنینەوە، ئێستا پێشنیارەکانی لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر بۆ وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەمانە وەکو پێشنیارن حەزمان کرد لەبەر چاوی بگرن.

یەکەم: وەزارەتی پێشمەرگە لێدوان لە پلەداران قەدەغە بکات کە تا ئێستا بەردەوام جێگە لەو پلەدارانەی کە بە فەرمی بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپێردراون.

دووەم: ڕێگە بگیرێت لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هۆکاری سەلامەتییان پێ نییە.

ڕێگە نەدان بە هیچ ڕۆژنامەنووسێك بۆ هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ بە بێ ئاگاداری و بێ هەڵگرتنی هۆکارەکانی سەلامەتی بڕۆن.

سێیەم: ڕێگرتن لە پەخشی ڕاستەخۆی کەناڵەکان لە پێناو سەلامەتی ژیانی پێشمەرگەکان.

چوارەم: ڕێگرتن لە سەردانی خەڵکی ئاسایی و ڕێکخراو و وەفدی ناحکومی سەربازی بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ لە پێناوی سەلامەتییان.

پێنجەم: دروستکردنی کەمپێك لە هێڵی دوواوەی شەڕەکان کە لەو هاووڵاتیانەی کە دڵسۆزیان هەیە بۆ پێشمەرگە، هەروەها ببێتە ناوەندێك بۆ میدیاکاران و زانیاری لەسەر دۆخەکەی لێوەربگرن.

شەشەم: لە پێناو پاراستنی گیانی خودی ڕۆژنامەنووسەکە پێویستە میدیاکاران لە بەرەکانی جەنگ لەژێر چاودێری بەرەکانی جەنگدا بن لەبەر ئەوەی لایەنی دووەمی شەڕ پەیوەست نییە بە هیچ بەیاننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان.

بەڕێزان ئەمانە پێشنیار بوون، ئێستاش دێینە سەر ڕاسپاردەکانی لیژنەکەمان:

ڕاسپاردەکانی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هۆنەر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئێمە دوو پێشنیار مان هەبوو یەکێك بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و ئەوەی دووەمیش بۆ ڕاگەیاندنکاران و میدیاکاران:

یەکەم: بە پێی ماددەی نوزدەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، هەموو مرۆڤێك مافی وەرگرتنی زانیاری هەیە، میدیاکان ئەرکی ڕاگەیاندنی زانیاری هەیە بە ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی.

دووەم: ئاسایشی نەتەوەیی نەگواستنەوەی ژمارە و جۆر و چەك و سەرباز و شوێن و جموجوڵەکانیان بکرێت.

سێیەم: هەموو میدیاکان وەك بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و ئەخلاقی بەر لەوەی بیر لە پەخش و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیی هەر بابەتێك بکەن، دەبێت بیر لە کاریگەرییەکانی بکەن کە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر دەروونی گەنج و پیر و منال هەیە.

چوارەم: ڕەچاوی تەمەن بکەن لە کاتی بڵاوکردنەوەی گرتەو بابەتەکان.

پێنجەم: پێویستە میدیای کوردستانی بە گیانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەلە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان بکات میدیا رەچاوی هەستی نەتەوەیی و ئاینی گشت خەڵکی عێراق بکاتن بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی زیاتر وروژان و پەرەپێدانی ململانێکان.

شەشەم: میدیا رەچاوی هەستی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی گشت هاووڵاتیانی عێراق بکاتن، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی زیاتر وروژاندن و پەرەپێدانی ململانێکان.

حەوتەم: ناردنی پەیامنێری راهێنراو و پیشەیی زۆر تایبەت بۆ رووماڵ کردنی جەنگ بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان و رەچاو کردنی ژیان و سەلامەتیان بە پێدانی کەلوپەلی خۆپاراستن وەکو قەڵغانە گوللە نەبڕو جۆرەکانی تری خۆپاراستن.

هەشتەم: لیژنە پشتیوانی لە پەیامی سەرۆکی هەرێم دەکات، کە رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٢ رایگەیاند سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی شەهید بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، کە هەندێك میدیا لە میدیا کوردیەکاندا بە کوژراو ناوی دەنێن، داوا دەکەین پەرلەمان بڕیارێك لەم بارەیەوە دەربکاتن.

نۆیەم: میدیا دوور بکەوێتەوە لە قەبە کردنی دۆخەکەو پیشاندانی ئەوەی رۆژ بە رۆژ بارودۆخەکە توندترو خراپتر دەبێت و مەترسیەکان لە هەرێم زیاتر دەبن، ئەوە لە پێناو تێك نەدان و ئارامی باری دەروونی کۆمەڵایەتی خەڵکە.

دەیەم: بۆ پاراستنی ژیان و سەلامەتییان وا باشترە لەرێگای میدیاوە ناو و شوێنی ئەو پلەدارانەی پێشمەرگە کە شەرەکان دەکەن بپارێزرێت و تەنانەت خۆیان بپارێزن لە پیشاندانی وێنەی روخساری پێشمەرگەکان بە روونی، ئەویش بۆ پاراستنی ژیانیان لە حاڵەتی پێك هەڵپژان و بە دیل گرتنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە دانیشتنەکانی پێشوو راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن خوێندرایەوە، ئێستاش راسپاردەکانیان خوێندرایەوە، کاك فرحان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو عەفوو کاك خلف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەکان کارێکی زۆر باشە، تەبعەن قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە هەموو لیژنەکان ماندوو بوون و هیلاك بوون، بەڵام بۆ ئەوەی هیلاکی و ماندوو بوونی ئەوان و دانیشتنەکانی پەرلەمان سوود بەخش بێت بۆ هەموو هێزەکانی هەم ئاسایش و هەم پێشمەرگە، ئەوەی کە تایبەتە بە راسپاردەکان دەنگدانی تێدا نییە بەپێی ماددەی (٥٠) لە پەیڕەوی ناوخۆ، دەنگدانی تێدا نییە، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە قوەتی قانونی ئەم راسپاردانە چییە بۆ حکومەت؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە پێشووتر خوێندرانەوەو دەنگمان لەسەردا کەمتر بن تا رادەیەك بۆ حکومەت ئاسانترە جێ بەجێ کردنی، بەڵام

ئەوەی لیژنەی پێشمەرگە زۆرترەو قورسترە، پێشنیار دەکەم چەند خاڵێکیان کە زۆر زەروورو پێویستن بۆ پێشمەرگە جیا بکرێتەوە..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ قسە لەسەر رۆشنبیری و راگەیاندن دەکەین کاك خلف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم لەسەر ئەوەیە لە چوارچێوەی بڕیارێك بێت ئەمە بدرێت بە حکومەت، نەك لە چوارچێوەی راسپاردە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بێینە سەر راسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگە، ئەو کاتە قسەیەکی لێ دەکەین، کاك عباس غەزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن چەند خاڵێکم داوەو ئیشارەتیان پێ نەکرد، ئێمە لەبەرگریداین، لە شەڕدانین، ئەو خاڵانە وابزانم رەچاو بکرێت هەروەکو مافی مرۆڤ ئیشارەتی پێدا تێبینیەکەم.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێتداون؟

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، خاڵەکانم پێداون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی هاتنە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵی کۆبوونەوە درا بە من، منیش فریای نەکەوتم بیخوێنمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست بوو لە پێشتر بیدەیت بە لیژنەی پەیوەندیدار، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ راسپاردەو راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان پەسند دەکات؟ (٧٨) دەنگ لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (کەس نییە) لەگەڵی نەبێت، کەواتە پەسند کرا.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. لیژنەی پێشمەرگەو جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی داوا دەکەن کە ڕاپۆرتەکەی ئەوان بە نهێنی بخوێندرێتەوە، بۆیە ئێمە بەپێی ئەو دەسەلاتەی بەپێی ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆ پێمان دراوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگەو قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی بەشێوەیەکی نهێنی بخوێندرێتەوە؟ (٤٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵیدا نییە؟ (٢٧) کەس لەگەڵیدا نییە، کەواتە پەسند کرا، ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگەو قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی بە نهێنی دەخوێندرێتەوە، تکا لە میوانەکان دەکەین بە جێمان بێڵن، تا ڕاسپاردەکانی لیژنەی پەیوەندیدار دەخوێندرێتەوە، پەخشی ڕاستەوخۆ ڕابگیرێت، نوقتەی نیزامیت هەیە کاک زانا؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە، پەرلەمان دەتوانێت ڕاسپاردەو بڕیاری نهێنی دەربکات؟ یەعنی ئەمانە ڕاسپاردەو بڕیارە، دوایی خەڵك دەبێت ببینێت، یەعنی ئەم ڕاسپاردەو بڕیارانە کە ئێمە بە نهێنی دەنگیان لەسەردەدەین دوایی بە نهێنی بڵاو دەکرێتەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڵاو ناکرێتەوە، ئەگەر بە نهێنی بێت بڵاو ناکرێتەوە، دەنێردرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە نهێنی.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموا بێت لە دانیشتنی پێشوو ئەم ڕاسپاردانە خوێندرانەوە، یەعنی بە ئاشکرا خوێندرایەوە، چ پێویستی دەکرد ئێستا دەنگدانی لەسەر بکرێت و بکرێتە نهێنی، من تێ ناگەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جاری پێشوو هەندێك ڕەخنە دروست بوو لەسەر ئەوەی کە بەڕاستەوخۆ خوێندرا بوویەوە، هەندێك کێشەی دروست کرد، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەپێی ئەم دەنگدانە بێت بەشێك لە راپۆرتەکە نهێنی و بەشێکیشی ئاشکرا بێت، کەواتە دەبێت ئەم راپۆرتە جیا بکرێتەوە، راپۆرتەکانی تریش بە جیا.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح باسمان کرد، لە سەرەتای دانیشتنەکەوە باسمان کرد، هەموو لیژنەکان راپۆرت و راسپاردەی خۆیان بە جیا پێشکەش دەکەن.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جەلسەی پێشوو لێرە نەبووم، دوو سەرنجم هەیە، ئەگەر لێم وەربگرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی بەنووسین بیانێرە بۆ لیژنە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەترسم پەسند بکرێت و دوایی ناگۆڕێت، زۆر ئاسانیشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چونکە دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە لەوە دەچێت قسەی تریش هەبێت، بۆیە تکات لێ دەکەم بە نووسین هەر پێشنیارێکی ترت هەیە بیانێرە بۆ لیژنە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دانیشتنەکە بوو بە نهێنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئێستا، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان میوانی پەرلەمانن بۆ ئیفتار، بەڕێزان چەند بابەتێك هەیە و لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە داواکراوە، بیخەینە دەنگەوە، لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە داواکراوە کە بەڕێز عباس فتاح صالح، لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنەوە دابندرێ، کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کەواتە پەسەند کرا، پێشنیارێکی تر لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە نێردراوە کە بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین بچێتە لیژنەی کاروباری تەندروستی ژینگە، کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ ١ کەس، کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان ئێوە دەزانن دوێنێ بڕیار لەسەر ڕاسپاردەی لیژنە پەیوەندارەکان بە ناوچە جێ ناکۆکەکان درا، ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان، دوێنێ ئەشکالێکیش دروست بوو لەسەر ئەوەی کە هەندێکی بە بڕیارە و هەندێکی بە ڕاسپاردە پەسەند بکرێ، هەر لەناو ڕاسپاردەکان لیژنە پەیوەندارەکان ئیمزای پەرلەمانی بۆ کۆکردوەتەوە، بەڵام هەر لەناو ئەو ڕاسپاردانەی کە حازریان کردبوو، بڕیارەکانیان ئامادە کردووە، بۆیە ئێستا با سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و جینۆساید بێنە سەر مەنەسە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان بۆ ئەوەی بڕیارەکان بخەینە دەنگەوە و بەڕێز کاك ئومێد نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله تایبەتە بەو پرسە، ئێمە لەماوەی ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی کە سەردانی مەیدانی کرد و لیژنەکان ڕاسپێردران، بە تایبەتی بۆ ئەو بارودۆخەی لە دوای ٩ ی حوزەیرانەوە هاتبووە ئاراوە، چەندین گفتوگۆ و ڕا ئاڵوگۆڕ کران دەربارەی ئەوەی کە هەمووومان پەرۆشیمان بۆ ڕەوشی پێشمەرگە و ئەو بارەی هاتۆتە کایەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دوێنێ ڕوویدا لە کاری پەرلەمانی دوورە لە کاری تەوافوقی دوورە، لە پیشەی پەرلەمانتاریش دوورە، ئێمە ئێستا بڕیار دەدەین، نەك دوێنێ بڕیارمان دابێت، پەرلەمانتاری بەڕێز بچێ لە میدیاکان دا دوێنێ شەو بە درێژایی شەو قسەی دەربارەی ئەوە دەکرد، موزایەدە دەربارەی ئەوە دەکرێ کە ئەوانەی لە ژوورەوە ماونەتەوە دڵسۆزیان بۆ پێشمەرگە نیە، ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی هۆڵ ئەوانە دڵسۆزی پێشمەرگەنە، پێشمەرگە هی هەموومانە، قەزیەکە، قەزیەی هەموومانە کەسمان ڕێگا بە کەسمان نادەین دڵسۆزی تایبەت بە پێشمەرگە نیشان بدات، بەعزێك لە پێشنیارەکان کە هەبوونە ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئەمن خاوەنی یەکێك لە پێشنیارەکانم کە داوای ئەوەمان کرد ئەو شەش مانگەی لە ساڵدا ماوە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە حکومەت عەفویان بکات، کە گوتمان ئەوەش بەشێکە لەو کۆمەکەی کە هاووڵاتیان کۆمەکی پێشمەرگەی دەکەن،پێشنیارەکە جێی نەبووەتەوە لە ڕاپۆرتەکە، زۆریشمان محاوەلە کرد، هەتا باسی ئەوە کراوە کە گوایە خەڵکێك داوای ئەوەی کردووە ئێمە ڕەفزمان کردووەتەوە، تکایە ئەمە لەگەڵ هەم ڕیتمی ئێستای کاری پەرلەمانیمان ناگونجێ هەم لەگەڵ پیشەی ئەساسی پەرلەمانی ناگونجێ، قەزیەکە قەزیەی هەموومانە و پێشمەرگە

پێشمەرگەی هەموومانە پێویست بەو قسانە ناکات و میدیا و هۆڵ وەکو یەك بێت، واقعیانە لە هۆڵدا چ هەیە و چ کۆبوونەوە داخراوەکان، چ ئەوەی دوور لە چاوی میدیا چ هەیە، لە میدیا با وەکو خۆی بگوازرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو سەرنجم هەیە، یەکەم/ ئەم بابەتەی ئێستا جەنابت باسی دەکەی پێویستی بە دەنگدان هەیە کە ئەم بڕگەیە پاش و پێش بخرێ،........ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاست دەکەی، ئێستا ویستم قسەکانی ئێوە تەواو بێ، ڕاستە پێویستی بە دەنگدان هەیە بۆ پێش و پاش کردن، فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم/ بۆ نموونە ئەم یاسایەی کە ئەمڕۆ پەسەند کراوە، دەستکەوتێکە بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنە سیاسیەکان، ئێمە بەدرێژایی ئەم خولە هەر یاسایەك دەردەچێ هەموومان تێیدا ڕۆڵمان هەیە و دەورمان هەیە، لەبەرئەوەی ئەو بابەتەش بەڕاستی بابەتێکی گەرمی موزایەدەی سیاسیە، لایەنێکی سیاسی بڵێ ئەم پرۆژەیە یاسایە من پێشنیارم کردووە لیژنە پەیوەندارەکان تەوافوقی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و هەروەها دەنگدانی پەرلەمانتاران، لەبەرئەوە ئێمە هەموومان خاوەنی پرۆژە یاسایەکانین کە لە پەرلەمان دەردەچێ، یان جاری واهەیە یاداشتێك کە پەرلەمانتارێکی بەڕێز هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی ئیمزای یاداشتێك، من ئەمڕۆ بۆ خۆم بینیم لە کەناڵێکی ئاسمانی دەڵێ من ئەم یاداشتەم بەرز کردەوە، لەبەرئەوە دەبێ ئەم موزایەدانە واز لێ بێنین کە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەیکەین، ئەو ڕۆڵە ببینین کە پەرلەمانی کوردستان پێی هەڵدەستێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هە رلە درێژەی قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدنی و بەڕێز ئومێد خۆشناو، تکایە دوو بابەت هەیە زۆر زۆر گرنگن، یەکێکیان بابەتی نیشتمانەکەمانە، پاراستنی نیشتمان، زەوی نیشتمانەکەمان، دووەم/ بابەتێکی

ئەخلاقیە و ئەویش پەیوەندی بە پێشمەرگەکان و ژیان و گوزارەتی ئەوانەوە هەیە، تکایە با نەیکەینە بابەتی موزایەدە و ژیان و گوزەران و گیانی ئەوانیش نەکەینە قوربانی موزایەداتی سیاسی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا تەوزیحێك، زۆر بە دەقیقی وترا بوو، کە گوایە ئێمە لەگەڵ زیاد کردنی مووچەی هێزی پێشمەرگە دانەبووین، لێرەوە تەئکید دەکەمەوە ئەمڕۆ دەنگ دەدەین بۆ ئەو بڕیارە ئێمە لەگەڵ ئەوەین مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە زیاد بکرێ، بەڵام ئەوە حاڵەتێکی قانونی بووە کە دوێنێ نەدەبوو ئەمە بێ، زیاتریش لەمە ئێمە لەگەڵ ئەوەین، ئەو پێشمەرگانەی کە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگن جیا بکرێنەوە لەو موستەشار و جاشانەی کە بە پلەی عەمید و عەقید و نەقیب هەشت ئەوەندەی پێشمەرگەیەك مووچە وەردەگرن، ئێستا ڕۆڵێك هەیە کە دیسانەوە مووچەی ئەوانەش زیاد بکرێتەوە، لەسەر بودجەی ئەحزابیش دیسانەوە کە قسە کرابوو خەریکە تەوافوقەکان تێك دەچێت، چونکە من دڵنیام ئەگەر ئەم جۆرە لێدوانانە بەردەوام بێ قسەی دیکەی بەدوادێت و پرۆسەی تەوافوق ناتوانێ بەردەوام بێ، بۆیە هیواداریین، چونکە ئینتخاباتمان لە پێش نیە، بە مەسئولیەتەوە لەم پرسە بڕوانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، من پێم خۆشە دوو ڕوونکردنەوەی بچووك بدەم، یەکەمیان/ دەربارەی دانیشتنی دوێنێ کە برای بەڕێزم سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە ڕاسپاردەکانی خوێندەوە بە گوێرەی بەرنامەی کار لەبەردەستمانە، کە خاڵی دووەمی بڕیاردان لەسەر ڕاسپاردەکانە، نەك لەسەر بڕیارەکان و نەکراون بە بڕیار، ئەوە خاڵێکە، دووەم/ ئێمە بەڕاستی بۆ ئەوەی موزایەدات بەسەر یەك دانەکەین، کاتێ کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دادەنیشن بۆ قسە کردن لەسەر پرۆژە یاسایەکان ئەمن بۆ خۆم ڕەوای نابینم کە هیچ لەسەر پرۆژە یاسایەك دابنیشم پرۆژە یاسایەك بهێنینە بەرهەم یان تاوتوێی بکەین کە بەکەموکوڕیەوە دەربچێت یان ئەوەتا زەرەرو قازانجی خەڵکی کوردستان دانەبێ، یەعنی ئەوە خاڵێکە بەڕاستی دەبێ لە بەرچاو بگیرێت و ماندووبوونی ئەو فراکسیۆنانە لەبەرچاو بگیردرێت، خاڵی سێیەمی ئەوەی کە برای بەڕێزم مامۆستا ابوبکر گوتی من پشتگیری لێ دەکەم، هیچ پەرلەمانتارێکمان لە هۆڵی پەرلەمان کاتێك کە هەر خاڵێك دەوروژێنێت، کەسمان ئامادە نین بۆی ئیمزا بکەین ئەگەر بێتو بۆ خۆی بچێت و بڵێت ئەمن ئەو شتەم کردووە، هیوادارم ئەرکێکە کردوویەتی بڵێت ئەوە پێشنیاری کۆمەڵە پەرلەمانتارێکە لەسەرجەم

فراكسيۆنەكان بۆ ئەوەی كە خۆشەویستی و محەبەت لە نێوان ئەو خوشك و برایانە دروست بێت و بێ سیقەیی و متمانەیی دروست نەبێت، هیوادارم وەكو كاك ئومێد و سەرجەم خوشكان باسیان كرد قسەی ڕووبەڕوومان یەك بێت لە دوایش كە قسە دەكەین بۆ ڕاگەیاندنەكان یەك بێت و دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موداخەلانەی كە كران بەناوی نوقتەی نیزامەوە بەشێكن لە هەڵوێستی فراكسیۆنەكان، بۆیە منیش وام بە باش زانی لەڕێگەی فراكسیۆنی سەوزەوە ئەوە ڕابگەیەنین ئەم مەسەلەیە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر كردنە، هەم فراكسیۆنەكان و هەم لیجانی مەعنی، هەم سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەڵێ یەكجار ڕاگەیاندنیش خۆی دۆخێكی وای دروست كردووە جۆرێك لە متمانە لە نێوان فراكسیۆن و لیژنەكان و ئەندامانی پەرلەماندا نەمێنێ، ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی پێشمەرگەوە هەیە بەشێكی گەڕایەوە بۆ ئەوەی كە ئەم گفتوگۆیە لەناو هۆڵی پەرلەمان هەندێك جار بە كراوەیی و هەندێ جار بە داخراوەیی مانگێك و ١١ ڕۆژی خایاند بۆیە لەڕاستی دا خەڵكی كوردستان و پێشمەرگەش زۆر چاوەڕێی بڕیارێكی حاسمی دەكرد، بەڵام من دەست خۆشی لە لیژنەی پێشمەرگە دەكەم كە زۆر زۆر ماندوو بوون، ڕەئیشمان وابوو كە دوا ڕاپۆرت بە بڕیار بێ و بە ژمارە بێ، نەك ڕاسپاردە هەندێ جار دەزانین حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن بڕیارە ڕاستەقینە و یاساكانیش وەكو خۆی جێ بەجێ ناكات، چ جای ڕاسپاردەكان، ئیسراری پەرلەمانتارەكان و دڵگەرمی هەندێ لە پەرلەمانتارەكان لە مەنزوری دڵسۆزیەوە بووە، نەك موزایەدە، بۆیە حەقە بە مەسئولیەتەوە ئەم مەسەلەیە بخوێنێتەوە و بەناوی ڕووبەڕووبوونەوەی موزایەدەشەوە، موزایەدە لەسەر یەكتری نەكەین، لەم ڕووەوە ئێمە جوهدی هەموو پەرلەمنتاران بەرز دەنرخێنین، بە تایبەتی بۆ خۆم كە لە ماوەی ڕابردوودا یاداشتێك هەبوو بۆ مەسەلەی ڕۆژئاوای كوردستان هەموو لایەك ئیمزایان لەسەر كرد و ٦٨ ئەندامی پەرلەمان، نەهی یەك كەسە و نە هی فراكسیۆنێكە، بەداخەوە هەندێ كەناڵی ڕاگەیاندن بە تایبەتی نزیك لە ئێمەوە وایان گەیاند بوو هی فراكسیۆنێكە كە ئەمە بە هەڵە تەفسیر كرا، بە هەڵە باس كراو هەوڵیشمان دا ڕاستی بكەینەوە، ئەم موداخەلەیەشم بۆ ڕاست كردنەوە و دڵ هێنانەوەی هەندێك ئەندامی پەرلەمانی بەڕێزە ئەگەر دڵسۆزیان بۆ ڕۆژئاوا لە ئێمە زیاتر نەبێ كەمتر نیە، هیوادارم بەردەوامیش بین لەسەر ئەو مەسەلانە كە پەیوەندی بە بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە كۆدەنگی لەسەر هەبێ، لەم ڕووەوە ئەم بابەتانە بەو جۆرە ڕوودەدەن، بەڵام نەگاتە ئەوەی ئێمە هەموو جارێك تەوزیح بدەینەوە لەناو هۆڵی پەرلەمان و ڕەئیەكی خراپ بدەینە ڕای گشتی و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امنە شتێكی ترت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز امنة ذكرى:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بۆ هەندێ كو گەلەك جارا ئەم بینین پەرلەمانتار بخۆ كەنالێت ڕاگەهاندنان جۆراوجۆر بەحسێ پەرلەمانێ و ئەو ئاخافتنێ دكاتن گەلەك دژایەتی سلوك و یاسا و پێكهاتا یا پەرلەمانی بخۆیە، بۆ هەندێ كو ئەم ژ ڤێ چارچێڤێ دەربچین، دیتنا من ئەو كو ئەوە نڤیسینا سلوكێت پەرلەمانتاری بی، كو ئەڤە چارچێڤەیەكی داین كو بێژمێ مشكلیێ دەرباز بین.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:

ڕاوێژكارێكی یاسایی پەرلەمانمان ڕاسپاردووە كە ئێستا ئەویش حزوری هەیە و ئێستا ئەو سلوكی پەرلەمانتاریە حازر بكات، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوو حازر دەكرێت، كاك محمود فەرمووو.

بەڕێز محمود عمر صالح:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من چونكە وەكو خۆم وەكو پێشمەرگەیەك كە لە ڕابردوودا چ وەكو فراكسیۆنەكەیشم زۆر دژی ئەوەم كە موزایەدە و موزایەدەكاری بەسەر ئێمەوە بكرێ، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قەزیانە وەكو لیژنەی پێشمەرگە، هەر لە سەرتاسەری ئەو سێ پارێزگایەی كە كێشە و شەڕی لەسەرە، .............. .

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:

كاك محمود تكات لێ دەكەم، سەرۆكی فراكسیۆنەكەت قسەی كرد لەسەر ئەم مەسەلانە، ڕوونی كردەوە بابەتەكان، ئەمە ئەگەر بیكەینە بابەتێكی گفتوگۆ لە پەرلەمان كاتێكی زۆر دەبات، بەڕاستی دوایی دەچینە نەهامەتێكەوە كە لێی دەرناچین، من دەمەوێت تكات لێ دەكەم مامۆستا عبدالرحمن سەرۆكی فراكسیۆنەكەت قسەی كرد بەسە كافیە، ڕەنگە هەر فراكسیۆنە و یەك كەسی قسەی كرد، لەڕاستی سەرەتایەكی باشمان دەست پێ كردبوو لە دوو، سێ ڕۆژی ڕابردوو لە هێنانە كایەی تەوافوق لەسەر ڕاسپاردەكان، لەسەر یاسای كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان، یەك مانگی ڕەبەق مەشغوڵی ئەوە بووین كە تەوافوق لەسەر یاسای بودجەی حزبەكانیش بێنینە كایەوە، باش نیە ئەندامانی پەرلەمان ڕۆڵ ببینن لە تێكدانی ئەم تەوافوقەی كە ئێستا لەناو فراكسۆنەكان هاتۆتە كایەوە، دەبێ بینا لەسەر ئەو تەوافوقە كە وردە وردە لەناو فراكسۆنەكاندا دروست بووە، بینا لەسەر ئەومتمانەیە بكەین كە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و لە نێوان فراكسیۆنە جیاوازەكاندا خەریكە دروست دەبێ، كە وای كردووە كە ئێستا دەتوانین لە پەرلەمانی كوردستانەوە موناقەشە لەسەر هەندێ یاسای گرنگ بكەین كە بۆ ئێستا و داهاتووی هەرێمی كوردستان گرنگن و حەیەوین، بۆیە داواتان لێ دەكەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زانیاری ناڕاست بە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن مەڵێن بەشێكی ئەو شتانەی كە ئێستا دروست بوون بڕێكی ئەو گومانانەی كە هەن، لە دوو ڕۆژی ڕابردوو زانیاری ناڕاست بڵاوكراونەتەوە، لەسەر پەرلەمان و لەسەر پەرلەمانتاران، لەسەر

فراكسۆنه جیاوازەكان، بەڕێزان سێ ساڵ و نیوتان لەبەردەمە ئەگەر بتانەوێ خۆتان هەڵبژێرن بۆ ئینتخاباتێكی تر، پێویست ناكات لەسەر حسابی پەرلەمانتارانی تر، لەسەر حسابی فاركسیۆنەكانی تر، هەر لە ئێستاوە حەملەی ئینتخابی بكەن، حەملەی ئینتخابی كۆتایی پێ هات، ئێمە ئێستا لەو قۆناغەین كە سەردەمێكی تازە لە پێكەوە كاركردنی فراكسیۆنەكان لە پەرلەمان، لە پێكەوە كاركردنی پەرلەمانتارە جیاوازەكان، لە پێكەوە كاركردنی دەستەی سەرۆكایەتی و پەرلەمانتاران بێنینە كایەوە، لای خۆمەوە من گەردەنی هەموو ئەوانە ئازادەكەم كە لە دوو ڕۆژی ڕابردوو زانیاری زۆر ناڕاستیان لەسەر بڵاوكردوومەتەوە، زانیاری زۆر ناڕاستیان لەسەر وتووم، گەردەنیان ئازا بێ، بەڵام تكاتان لێ دەكەم نامانەوێ ئەو كەشە كە لە پێكەوە كاركردنی فراكسیۆنەكانەوە هاتووەتە كایەوە بەرەو لاوازی بچێ، ئەمانەوێ ئەمە بەهێز بكەین، چونكە شتی زۆر گەورەتر لەبەردەممانداپە، ئێمە لە قۆناغی داهاتوو لە خولی تەشریعی دا هاتوو پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستانمان لەبەردەمم دایە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان پێویستی بە تەوافوقی هەموو هێز و لایەنە سیاسیەكان هەیە بە تایبەتی ئەوانەی كە لە پەرلەمانی كوردستانن، ئەگەر ئێمە ئەم متمانەی كە دروست بووە زیاتری نەكەین و لاوازی بكەین بە دڵنیاییەوە ناتوانین ئەو پرۆژە گەورانە لە پەرلەمان پەسەند بكەین، بۆیە داوتان لێ دەكەم بە گیانێكی بەرپرسیارانەوە بەرامبەر بەو بەڵێنانەی كە بە خەڵكتان داوە و بەرامبەر بەو سوێندەی كە لە پەرلەمانی كوردستان خواردووتانە مامەڵە بكەن، هەوڵی ئەوە بدەن پەرلەمانی كوردستان خولی چوارەم بە هەموویەوە پەرلەمانێكی سەركەوتوو بێت، بتوانێ لە ئاست خواست و داخوازیەكانی خەڵكی كوردستان بێ، من ئەو موناقەشەیە كۆتایی پێ دێنین، لە دانیشتنی سەرلە بەیانی پێشنیارێك هەبوو كە خاڵی ٣ و ٢ ئاڵوگۆڕی پێ بكرێت، دەیخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە كە خاڵی ٣ و ٢ لە بەرنامەی كاری پەرلەمان ئاڵوگۆڕی پێ بكرێت؟ ٨٢ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نیە؟ كەس نیە، كەواتە پەسەند كرا، ئەم بڕیارانەش دیسانەوە پێویستی بە موناقەشە نیە، چونكە لە ڕاسپاردەكانی كە لیژنەكان ئامادەیان كردووە هەڵێنجراوە، بۆیە پێویستی بە موناقەشە نیە، كاك ڤەمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ كە دەنگدان لەسەر هەر شتێك دەكرێت بڕیار بێ یان یاسا بێ دەبێ بە پێی حوكمی ماددەیەك بێ، جا چ لە یاسای پەرلەمان بێ یان پەیڕەوی ناوخۆ بێ، نازانم دەنگدان لەسەر بڕیارەكانی لیژنە پەیوەندارەكان بە پێی حوكمی چ ماددەیەكە؟ بۆ دیار نەكراوە؟ ئەوە یەك، دووەم/ بە پێی چ ماددەیەك یەعنی لیژنەكانی پەرلەمان قوەتی دروست كردنی بڕیاریان هەیە؟ یەعنی دروستە ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە بڕیار دروست دەكەن، بەڵام نازانم بە پێ چ ماددەیەك یان لە پەیڕەوی ناوخۆ قوەتی ئەوەیان هەیە بتوانن بڕیار دروست بكەن، ئەگەر بتوانن بڕیار دروست بكەن، كەواتە پێویست بە دەنگدان

ناكات، جا لەبەرئەوە من ئەو قسەیە دەكەم بە پێی مەسئولیەتەوە بۆ ئەوەی نەكەوینە هەڵەیەكی قانونیەوە، دوایی خەڵك قسەمان لەسەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشتریش لیژنەكانی پەرلەمان راپۆرتیان حازر كردووە و بووەتە بڕیار، ئەوە عورفێك لە ڕابردوودا پەیڕەو كراوە، بە دڵنیاییەوە كاك ڤەمان ئەو كاتەی كە بڕیارەكە دەنووسینەوە ڕەچاوی ئەوە دەكەین كە ئەساسە قانونیەكەی بە تەواوی بنووسین، كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، كە باس دەكات، یاسا و بڕیار بەیەكەوە باس دەكات، یەعنی یەك مەرتەبەیان هەیە لەڕووی تەشریعیەوە، یاسا و بڕیار، مانای وایە ئەوەی كە لە سەر دەركردنی یاسایەك تەتبیق دەبێت بە هەمان شێوە لەسەر دەركردنی بڕیارێك تەتبیق دەبێت، بەڵام ئەوە بەومانایە نیە كە من ئێستا بڵێم با هەموو ئەو ئیجرائاتە قانونیانەی كە بۆ دەركردنی یاسایەك پێویستە ببێ ئەو بڕیارانەش جێ بەجێ بكەین، بەڵێ لە دوێنێوە بەڕاستی زۆر زۆر لە پێشمەرگە پەیوەندیمان پێوە دەكەن، لەگەڵ ئەوەدام زۆر بە پەلە ئەو بڕیارانە دەربكەین و پاڵپشتی ئەوە دەكەم بە تایبەتی وەكو عورفێك زۆر جار بووە لە ئەحداسەكانی ١٧ ی شوبات و ئەوانە بە بێ ئەوەی ڕێكارەكانی ئەوەی كە لە پەیڕەو هاتووە بۆ دروست كردنی بڕیار بگرینە بەر، پەلە بڕیار دەرچێ، هەمان ئەو ڕێكارانەش، لەبەرئەوەی ئەو وەزعە ئیستسنائیە ئێستا كە لە ناوچە كوردستانیەكان هەندێ حاڵەتی زۆر بە پەلە بۆ ڕەوشی پێشمەرگە، بەڵێ با بیكەین، ئیستنادەن لەسەرئەو سابیقە قانونیەی كە پێشتر گرتوومانەتەبەر ئەگەر نا لە حاڵەتی تەبیعی چ بۆ یاسایەك دەكرێ هەمان شتیش بۆ دەركردنی بڕیارێك دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ، راپۆرتی لیژنەكان لە پەرلەمان موناقەشە كراون، خوێنراونەتەوە و ڕاسپاردە دراوە، بۆیە لەسەر مەبنای ئەوموناقەشەیەیە كە ئێستا بڕیار دەردەكرێ، كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە هەر كۆی حاڵەتەكە، هەتا ئەو نیگەرانیانەی بەشێك لە فراكسیۆنەكانیش لە شێوازی ئسلوبی قانونی موناقەشە كردنەكە بوو، چونكە بە فعلی قسە لەسەر ئەوە كرا كەناكرێ پەرلەمان بڕیار دەربكات، قسە لەسەر ئەوە كرا كە ئەوە ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە خرایە دەر لەوە، یەعنی ئەشكالێكی قانونی لەسەر ئەو پرسە هەبوو، من دوو نموونە دەهێنمەوە لە خوبی ڕابردوودا، دوو ئەحداس هەبوو كە پەرلەمان بۆی كۆبووەوە بە خاڵ، یەكێكیان/ خۆپیشاندانەكانی ١٧ ی شوبات بوو، دووەمیان/ سوتانی بارەگاكانی یەكگرتوو لە بادینان، لەهەردوو حاڵەتەكە پەرلەمانی كوردستان دوای نیقاش دوو بڕیاری دەركرد لەسەر هەردوو

حەدەس، دەکرا مادام پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو ناوچانەی بە خسوسی کۆبووەوە بڕیاری دەرکردووە و من قسەیەکیش بە بیری بەڕێزتان دێنمەوە، لە یەکەم کۆبوونەوە کە کۆبوونەوەکە کرا، گوتم ئێمە قسە لە پێناو چی دەکەین، لە پێناو بڕیارە یان لە پێناوی چیدایە؟ قسەکەی خۆم باش لە بیرە لە پرۆتۆکۆڵە، ئەگەر قسەش لەسەر ڕاسپاردە بوو ئێمە وا موتتەبەع بووە و وا قانونیشە کە راسپاردە بۆ نموونە لە میزانیە ئەوە برادەرانم لێرەنە کاك عبداللە و کاك سالار و ئەوان، یەك دنیا قسە لەسەر میزانیە دەکرا بۆ ڕاسپاردە، دواتر لیژنەی مەعنی دەیکرد بە نووسراوێك و دەینارد بۆ حکومەت کە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێ، نەك لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕاسپاردەکان بخوێنرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێت، بۆیە گرفتەکە لەم ئەشکالەی قانونیە دوێنێ وای لێ هات کار و کاردانەوەش دروست بێت، جۆرێك لە دردۆنگیش لە نێوان ئەندامان و فراکسیۆنەکان دروست بێت، ئەگەر نا پێموایە هەموومان لە یەك بەرەین لە خزمەت کردن و دیفاع کردن لە بەرژەوەندی نیشتمان و پێشمەرگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران ئێستاش دەرفەت ماوە و نەچووە بچێت، هەندێك لەو ڕاسپاردانە دەکەینە بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەوە دەزانن کە یەعنی عورف لەدوای تەشریع دێت، ئێستا ئێمە ئەو ئیجرائاتانە هەموویان بەڕوونی دیاری کراون کە ئەوەی بگرێتە بەر بۆ بڕیار بێت و پرۆژە بڕیار بێ یان بۆ ئەوە بێت، یان بۆ یاسا بێت، جا چۆن ئێستا تۆ عورف پێش دەخەی، ئەو ڕێکارانە دەخەی کە لەناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان داهاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان وەکو باسم کرد، ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندارەکان و ڕاسپاردەکانیان هەموو ئەوانە موناقەشەی کراوە لە پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کوا؟. دەبێ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پێوە بێت لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان، بە پێی پەیڕەو وانییە؟ کوا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو بابەتە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لەسەر ئەو بڕیارانەیە کە بە جیا دەردەچێ، نەك لەسەر ڕاپۆرت، دوای ڕاپۆرت بڕیار دەردەچێ، ئەگەر بڕیارێك بە جیا دەربچێ ئەو کاتە ڕاست دەکەی پێویست دەکات ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییشی لەگەڵیدا وەکو بڕیاری ژمارە ٥٥ کە موناقەشەمان کرد هەڵوەشانەوەی بڕیاری ژمارە ٥٥، بەڕێز سەرۆکی

لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی بۆ خوێندنەوەی بڕیارەکان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، پێویست دەکات دانیشتنەکە داخراو بێ؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر نا پێویست ناکات، خۆی حەق بوو ئەگەر بە هەموو حەقێکیش بێ، ئەگەر ئیجازەم بدەی لە دوو، سێ جوملە من تەبعەن زۆرم پێ خۆش بوو ئەو قفڵ کردنەی جەنابت، بە گەردەن ئازایی، منیش هەرچەند زۆر دلگران بووم بە هەندێ لێدوانی هەندێ خوشك و برای پەرلەمانتار، بەڵام گەردەنیان ئازا بێ، ڕووخاندنی ماڵێك زۆر ئاسانە، بەڵام دروست کردنی زەحمەتە، با یەك شتی ئەخیر بڵێم، زۆریشم پێ خۆشە کە پەخشەکە ڕاستەوخۆیە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن ئەو ڕاسپاردانەی کە ئێستا دەبن بە بڕیار ئیشی لیژنەی پێشمەرگەیە.

ئەمە ئەوانەن کە ئێمە داوا دەکەین بکرێن بە بڕیار.

١/وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانە یەکەم وەزارەت دەبێ.

٢/ دەرماڵەی مەترسی (الخطورة الخاصة) بۆ هێزی پێشمەرگە سەرف بکرێت.

٣/ مووچەی پێشمەرگە یەعنی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێین، هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکرێت.

٤/ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەك بخرێت بۆ وێنە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ لە پاش شەش مانگ لە دەرچوونی ئەمەی کە پەرلەمانتاران ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر دەدەن بکرێنە هێزێکی یەکگرتوو لەژێر ئیشرافی وەزارەتی پێشمەرگە بن.

٥/ پێداچوونەوە بکرێت بە بەرزکردنەوەی پلە سەربازیەکانی هێزی پێشمەرگە.

٦/ نەسریەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

٧/ مووچەخۆری بێ دەوام لە هێزەکانی پێشمەرگە نەهێڵدرێت، واتە پێشمەرگەی بن دیوار.

٨/ کاتی دەوام و پشووی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

٩/هێزەکان لە ناوچە کوردستانیەکان یەك بخرێت بە هاوبەش.

١٠/ پێویستە هەموو ئەو چەك و تەقەمەنی و پێداویستیە سەربازیانەی لە پاش ڕووداوەکان ئەوەی دوای ١٠ حوزەیران و گرتنی موسل دەست کەوتووە بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

١١/ سووتەمەنی و پێداویستی تەندروستی بۆ هێزی پێشمەرگە باشتر و وەکو پێویست دابین بکرێت.

١٢/ دابین کردنی خواردنی تەندروست و گەیاندنی بە هێزی پێشمەرگە لە کاتی خۆی دا.

١٣/ دابین کردنی چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە.

١٤/ ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبن لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە خاك بسپێردرێن و هاوکاریەکی ماددی خانەوادەکانیشیان بکرێت.

١٥/ حكومەتی هەرێم ئەرکی چارەسەری برینداره‌کان له ئه‌ستۆ بگرێت له شوێنی بریندار‌بوونیانه‌وه هه‌تا گواستنه‌وه‌یان و هاوکاری مادديش بکرێن سەرەڕای ئەو چارەسەره.

١٦/ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران پێڕه‌و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارانه بدات، ئەمەی که دوایی ئێمه دەنگی لەسەر دەدەین.

١٧/ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ ئەم بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان نەکرێت ئەویش لە حاڵەتی دەرچووونیدا.

١٨/ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارانە جێ بەجێ دەکەن.

١٩/ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا بلاو دەبێتەوە هەتا ببێ بە ماڵ بەسەر ئێمە و کۆمەڵگەکەشمانەوە.

هۆیە پێویستکارەکان:-

لە پێناو باشتر کردنی ژیان و گوزارەنی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و دابین کردنی پێداوبیستیەکانیان ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرچوواندنی ئەم بڕیارانە دەبووایە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی هەرێم کرابا، چونکە ئیمکانیاتی تێدایە و پارە سەرف کردنی تێدایە، دوای ئەوە هیچ یەکێك لەم بڕیارانە لەبەردەستی پەرلەمانتارانی بەڕێز دانیە، پێشتر دەبووایە هەبووایە وەکو پرۆژەیەك و پرۆژە یاسا چۆن پێشکەش دەکرێ پرۆژە بڕیاریش بەهەمان شێوە پێشکەش بکرێت، ئەمە هەمان ڕاسپاردەکانی پێشترن و کراون بە بڕیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ کۆی بڕیارەکان دام، بەس یەك پێشنیار ئەگەر لە یەك خاڵەکان ئیزافە بکرێ لە ئەحکامە کۆتاییەکان کە کاك ئاری خوێندیەوە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی ئەم قەیرانە مالیە هەموو ئەو خاڵانەی پەیوەستە بە دروست کردنی ئیلتزامانی مالی جێ بەجێ بکات، بەمەبەستی ئەو خاڵە، لەبەرئەوەی ئێستا ئێمە، ئەم بڕیارە دەربکەین و پێشمەرگە چاوەڕێ بێ بەیانی ختورەی بۆ دەربیڕێ، خوا نەخواستە ئێستا ناتوانی ئەوەی کە هەیە بیدات، یەکسەر پەرلەمان تووشی جۆرێك لە بێ متمانەیی دەبێت لەبەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی قەرارەکانمان قەراری فعلی بن،

با ئەو پەراوێزە تێ بهێڵینەوە، بڵێین پێویستە، یەعنی ئەمری لەسەر بکەین، لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەم قەیرانە مالیە ڕاستەوخۆ حکومەت پابەندە بە جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو ئیلتزاماتە مالیانەی کە لەسەریەتی، تەنها ئەوەش لەبەرخاتری حکومەت نیە، لەبەر خاتری سومعەی قەراراتی پەرلەمانە، بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێ، چونکە ئێمە دەزانین زیاد کردنی مووچە ئێستا لەو وەختە لەوانەیە لە قودرەتی حکومەت دانەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم ئەو خاڵەشی بۆ زیاد بکرێ، هەموو ئەو پیتاك و کەلوپەل و یارمەتی و هاوکاریانەی کەلە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە ئەنێردرێت بۆ هێزی پێشمەرگە بە مانای کەلیمە بگاتە شوێنە حەساسەکانی پێشمەرگە، نەك لە پشتەوە بیدات، بەڵکو پێشمەرگەی فیعلی ئیستفادە لەو شتومەکانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت پێش ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت جیا بکرێتەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە چەند جارێك بە نووسراویش دام پێیان، یەکێك لەو شتانە کە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت، ئاڵای حزبی لە هەموو جەبهەکان قەدەغە بکرێ، یەعنی خۆمان دەزانین کە جەبهەکان دەبینین ئاڵای جۆراوجۆری تیایە، خاڵێکی تر مەسەلەی مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو شوێنانەی کە لێی جێگیر کراون، خاڵێکی تر مەسەلەی چاو خشاندنەوە و کەم کردنەوەی حیمایەی بەرپرسەکان کە لەسەر هێزی پێشمەرگە حسابن، کە بە لیواو و بە فەوج و ژمارەی زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر دەستخۆشی لە پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی و لیژنەی پێشمەرگەش دەکەم بۆ گەیشتن بەوبڕیارە، ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی هەرێم لەڕاستی دا بە خوێن بەرگریان لێ کراوە و پارێزگاری کراون، واتە پێشمەرگە خوێنی بەخشیوە و دەیان پێشمەرگەمان شەهید بووە، ئەگەر لە

ئاییندەی نزیك دا دۆخێكی ئاسایی لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ بێتە پێشەوە ئێمە دەبێ حسابات بكەین، روحی بڕیارەكەو هەموو حزبی پەرلەمانتاران بۆ دەركردنی بڕیارێكی وا نیشتەجێ كردن و جێگیر كردنی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە، یەك خاڵ ئیزافە بكرێ، هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە نەكشێنەوە، واتە حكومەت و وەزارەتی پێشمەرگە ئیلزام بكرێ كە نەكشێتەوە، ئەگەر سبەینێ لەژێر باری هەر تەوافوقاتێك داو گۆڕانی هەر بارودۆخێك دابێ، بە بێ پەرلەمانی كوردستان و بە ئیستناد بە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان نابێ هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بكشێتەوە، روحی بڕیارەكە ئەم خاڵەیە و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ بڕیارێ دەركەتی گەلەك گرنگن، هەڤ ڕاینە دگەل هندێ كو ژیانا پێشمەرگە و خێزانێت وان وەكو پێویست نینە، پێویست ناكات پێشوەخت لگەڵ حكومەتا كوردستانێ ئەڤە بێتە یەكلایی كردن، ئەگەر ئەڤ خاڵێت دی و ئەڤ بڕیارێت دی بێن جێ بەجێ كرن، واتە هێزا پێشمەرگەیێ ببێتە ئێك، ئەو مووچەخۆرێ ب نافێ پێشمەرگاتیێ مووچە وەردگرن، مووچەیێ وا بێت بڕین، تنێ ئەوێ پێشمەرگەیێ فعلی و تایبەتی ئەو پێشمەرگەیێ بەرۆكێن شەڕی، ئەز دوێ باوەڕێ دام حكومەت دێشێ گەلەكی باشی مووچەیێ وان زێدە بكات و دەرماڵا مەترسیێ ژ بدات وان، ئەڤ بڕیارێ دووبارە دكەم گەلەك گرانن و بۆ هەندێ كو هێزا پێشمەرگە بێتە یەك خستن و ژیانا وان باشتر بێتە كرن، ب زووترین دەم هەمی هەڤرا بین دگەل هەندێ و دەنگێ خۆ بدەین ڤان بڕیارا و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆزێ موداخەلەكانتان كورت بكەنەوە و بەزوویی ڕاكانتان بڵێن، كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆش بۆ بڕیارەكە زۆر گرنگە، سوپاس بۆ لیژنەی پێشمەرگە، ئەو خاڵەی كە باس لە یەكخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەكات لەناوخۆ لە ئیقلیم با بڵێین لە شەش مانگدا و ناوچە ئازاد كراوەكانیش كاتی بۆ دیاری نەكراوە هیوادارم ئیزافەیەكی بۆ بكرێت كە زۆر گرنگە، ئەویش سەرپێچی كاران سزابدرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە، وێڕای دەست خۆشیم لە لیژنەی پێشمەرگە، خاڵەكانیان زۆر باشە، بەڵام ئێستا ئێمە دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە هەموو ئەندامان سەرنجمان بڵێین؟، ئاخر بەڕاستی چونكە ئێستا گوێم لێ دەبێ یەك، یەك، یەك دەڵێ ئالا داگیرێ و یەك پیتاك وای لێ بێ و یەك دەڵێ موخەسەسات وابێ، ئەگەر

وایە ئیزافەی بڕیار دەکەین هەتاوەکو تێ بگەین و ئێمەش بڕیار بدەین، ئەگەر ئەشکالێکی قانونی هەیە وەکو کاك فرست چاکی کردەوە، با بزانین، ئەگەر موناقەشەیە با بزانین، من دەمەوێ لە ئسلوبی موناقەشە تێ بگەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو خاڵانەی کە پێشتر نێردراوە بۆ لیژنەکە، ئەگەر نێردراوە بۆ لیژنەکە و ڕەچاو نەکراوە، ئەوە باس بکەن، ئەگەر نا ئەوە دنیایەك قسەی لەسەر کراوە، نزیکەی دوو ڕۆژ قسە لەسەر ئەو ڕاسپاردانە کراوە و لەسەر ڕاپۆرتەکە کراوە، بۆیە پێویست ناکات قسەی تری لەسەر بکرێت، خاتو شوکریە فەرموو.

**بەڕێز شوکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاشکرایە بەڕاستی پێشمەرگە بەشێوەیەکی گشتی باری گوزەرانیان زۆر خراپە، دەتوانم بڵێم ٨٠٪ ی پێشمەرگەکان کرێنیشینن، ناکرێ لە کاتێکی وەکو ئێستا بڵێین یەکەی نیشتەجێ بوونیان پێ بدرێ، بەڵام دەکرێ بڵێین لە ماوەی داهاتوو پارچە زەوی یاخود ئەگەر یەکەی نیشتەجێ بوون کرا ئەوان سوودمەند بکرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ناکرێ جارێکی تر دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، لەسەر ئەم بڕیارانە ئەمە هەمووی وتووێژی لەسەر کراوە، دوو ڕۆژ وتووێژی لەسەر کراوە و دوو ڕۆژ ڕاسپاردەکان کۆکراونەتەوە، ئێستا کراوەتە بڕیار ناکرێ ئێستا پێشنیاری تازە بهێندرێتە کایەوە، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە بەڕێزتان کە سیستەمێك بدۆزینەوە، ئالیاتێك، میکانیزمێك، شتێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم ١٩ بڕیارە کە داوا دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان دەنگ بدات بەم ١٩ بڕیارە، ئێستا ئەگەر هەر یەکێکیش لەم برگانە ئەگەر بە ٥ کەس یەك پێشنیار بێنێتە پێشەوە و زیادی بکات، یەعنی زۆر دووروودرێژ دەبێ، بەس ئەم خاڵە دەڵێم ئێمە جاری پێشوو، چەند جارەمان کردەوە و وتمان بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاویشتنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە ئایا وتووێژی لەسەر بکەین ئینجا دەنگی لەسەر بدەین، یان یەکسەر ڕاستەوخۆ بیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاستەوخۆ بیخەینە دەنگەوە ئەو بڕیارانە؟ ئەوەی د.فرست ئیجرائیە ئەوە دەخرێتە دەنگ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بیخەینە دەنگەوە؟ کەواتە زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە بیخەینە دەنگەوە، ئەو دوو فەقەرەیە ئیزافە دەکەین، ئەوەی کە د.فرست باسی کرد و فەقەرەیەکی ئیجرائیە و لەگەڵ ئەوەشی کە نەکشێنەوە، دەیخەینە دەنگەوە تکایە با نوقتەی نیزامی نەبێ، کێ لەگەڵە؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کەس نیە، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی پێشمەرگە، با لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێیەکان و ئاسایشیش بڕیارەکانی خۆیان بخوێننەوە کاك ایوب فەرموو.

دڵێکی گەورە بێ، کە بتوانێ قبوڵی زۆر زۆر شت بکات چ لەناو هۆڵی پەرلەمان، چ لە دەرەوەی پەرلەمان، چونکە بە داخەوە هەندێ نەریت لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە ناو هۆڵی پەرلەمان کە بە فیکە و بە دەبەوەشاندن بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان لێرە ئەنجامدرا، سەرۆکی پەرلەمان لە چوار ساڵی ڕابردوودا نە جەلسەی تایبەتی بۆ کرد، نە لە دانیشتنێکی تایبەت دا بەو شێوازە سوکایەتی بە کەسایەتی ئەندامی پەرلەمان کرا کە باس لەوە بکرێ پێویستە سلوك بۆ ئەندامی پەرلەمان دابندرێت، بۆیە بەڕاستی من پێموایە بەداخەوە نەدەبوو ئەو نەریتە لە ڕابردوودا ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە ئێستادا دڵی ئێوەی پێ توند بکات، ئەوەی کە لە ڕابردوودا بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەیبەتی پەرلەمان کرا کەم نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حورمەتی ئەندامی پەرلەمان گیرا، من پێموایە ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمانیش لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان لە دەرئەنجامی ئەوەی کە لەناو پەرلەمان لەوانەیە لە زمنی کۆمەڵێك تەوافوقات ئێمە ڕێگەیان پێ نەدەین قسە بکەن، یاخود لە زمنی ئەوەی کە لە ناوهۆڵی پەرلەمان دا یاسایەك کە دەردەچوێنرێ لەوانەیە لەگەڵ قەناعەتی خۆی نەگونجێ قسەیەکی لەسەر دەکات بەو شێوازە کاردانەوەی توندی لەبەرامبەر دا نەبێ، بۆیە پێویستە بەڕاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە بەرامبەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان هەم دادپەروەرانە بێ و هەم لایەنگیری بۆ هیچ کەسێك نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە زۆر سوپاس، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من لەسەر قسەکانی ئەو خاتوونە کە باس لە دەبە وەشاندن دەکات، .... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

پێویست ناکات قسە لەسەر قسەکانی ئەندام پەرلەمان بکەی پێویست ناکات، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی بۆ ئەو پێویست دەکات لەسەر هەڤاڵانی ئێمە پێش ئێمە قسە بکات، دەبە هاوێژراوە لەسەر قوتی خەڵك دەبە هاوێژراوە، کە فرسەتیان هێناوە لەسەر قوتی خەڵك، تێی پەڕێنن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئێستا لەسەر قوتی خەڵك دەبە نەهاوێژن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو تکایە، کۆتایی بەو بابەتە بێنن، بەڕێز بێگەرد خان، هەر کاتێکیش منیش ڕێم نەدا بە ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، هەر کاتێك دوو یاسام هێنایە پەرلەمان ئیمزام بۆ کۆکردەوە و لەو ڕۆژەدا دوو خوێندنەوەی بۆ کرا، هەر ئەو ڕۆژەش خرایە دەنگدانەوە دەبەم تێبگرن، دانیشتنەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێنین، هەڵی دەگرین تا سەعات ٩ ی شەو.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان — عێراق** | **کوردستان — عێراق** | **کوردستان - عێراق** |